
# سیستەم و بیرۆکەی داخراوی



فلک الدين كاكەيى

(١)

دانایانی رۆشنبین واچەیەکیان هەیە[1] کە ((هەر شتێ لەکاتی خۆیدا»، فەلسەفەی «دائۆ»ی چینیش دەڵێ کە دەبێ هەوڵبدەین خۆمان لە تەك یاسا و گۆڕانکاری و بزاڤی سروشتدا بگونجێنین، نەك سروشت بەپێی خواست و ئارەزووی خۆمان بگونجێنین، کە ئادەمیزاد ئەوەی پێناکرێ، بۆ نموونە شەو و رۆژ، یا وەرزی بەهار و هاوین و پاییز و زستان، یا تێپەڕبوونی وەخت (زمەن) بە پێی دڵی ئێمە ناڕۆن، بەڵکو بەپێی یاسای سروشتی خۆیان دەگۆڕێن، ناتوانین لە زستانا وەك هاوین بژێین، هەرچەندە ئامرازو کەرەسەی تەکنەلۆجیای گەرمکەرەوەی تازەش لەبەردەستمانا هەبن.

لە کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسیدا هێشتاش دژوارە ئەگەر بمانەوێ رەوتی کۆمەڵ و رووداوەکان بەپێی ئارەزووی تایبەتیمان بێ.. چونکە ژیانی سیاسی و ئابووریش یاساو سروشتی خۆیان هەیە،جیا لە خواستی خۆپەرستیی ئێمە کاری خۆیان ئەکەن.

(٢)

ئەوەی کە دەیەوێ بەزۆری زۆرداری وەرزی هاوین بکاتە زستان، یا شەو بکاتە رۆژ، وەکو ئەوەیە هەوڵبدات سیستەمی سیاسی بە زۆرداری بەپێی دڵی خۆی دابمەزرێنێ (یا دابمەزرێنێتەوە). ئەمەیان بیرۆکەی بنبەست و داخراوە.. بەهیچ ئەنجامێك ناگات. ژیان سەدان جار و هەمیشە ئەوەی سەلماندووە.

چاکسازی و گۆڕانکاریش وەختی هەیە، گرنگ ئەوەیە هەوڵبدەین وەخت و هەلومەرجی ئەم چاکسازییە بدۆزینەوە و لەسەری برۆین، خۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دەوروبەرمان کە بە بنبەست گەیشتوون، ئەگەر زووتر لەم یاسا سادەیەی سروشتی تێگەیشتبان، وەك فەلسەفە (یا ئایینی دائۆ) دەڵێ، ئەوە چەندین ساڵی بەر لە ئێستا کێشەکانیان چارەسەر دەبوون و بەم رۆژە نەدەگەیشتن. ئەم (ئەگەرە) هەمیشە هەیە.. بۆ هەر مرۆڤێ و هەر کۆمەڵگەیەك، هەر هەیە. بەڵام پێویستی بە عەقڵی کراوەی ئازاد و بیرکردنەوەی سەربەست هەیە، هەربۆیەش ئازاد ئەندێشی و بیری ئازاد، مەرجی مانەوە و پێشکەوتنی هەرکەس و هەر سیستەمێکە.

(٣)

کێشەی فەرمانڕەوایانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەوەدا نییە کە هیچی هیچیان نەکردووە و خزمەتیان نەکردووە، بەڵام دەسەڵات سامان و دارایییە. «شەهوەتی» دەسەڵات و سامان لە کانگای سروشتی هەبوونی ئادەمیزاد ڕواوە، دەبێ ڕامبکرێ و بەرەڵڵا نەکرێ، گەرنا زوو بە زوویی بەرەو بنبەست و داخراوەیی عەقڵ و ئەندێشە دەمانباو، لە ئەنجامدا کۆمەڵگاش بە بنبەست



# بەبن بەست گەیشتوو



دەگەیەنێت.

لغاوکـــردن و ڕامکردن و کۆنترۆڵی ئەم «شـــەهەوەتە» ئاسان نییە، کەم کـــەس هەیە بە ئارەزوو و خواســـتی خۆی بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەگەر دەسەڵات و پێگەی بەکۆمەڵێك یاســـا و پرەنســـیپ و دیسپلینی دیاریکراو لەهەموو لایەکەوە کۆنترۆڵی بکات.

بە کورتی.. بۆ ژیانی تەبیعی و دروســـتی سیاسی وکۆمەڵایەتـــی، دوای هـــەزاران ســـاڵ، میللەتان بە سیســـتەمی پەرلەمانی دیموکراتی گەیشـــتون، کە بە هەڵبژاردنی ســـەروەختی خـــۆی خوولەکانی پەرلەمان و دەسەڵاتدارە ســـەرەکییەکان، بە ئاشتی هەڵدەبژێرن و دادەمەزرێنەوە، نەك بەکودەتا، یا زەبروزەنگ و ململانێی خوێناوی.

ڕژێمەکانی ئەم وڵاتانە، کە تووشی قەیرانی توند بوونە، لەمێژە گیرۆدەی عەقڵی سیاســـی داخراو (دۆگما)ی بنبەســـت بوونە، کە سیستەمی بنبەستی لێکەوتوەتەوە، مانەوەی هەندێ حوکمڕان، بۆ بیســـت سی ساڵ بەڵکو زیاترە، چ بە زۆرداری یـــا هەڵبژاردنی دەغەڵکاری و درۆکاری و پڕلە غەش و دەستێوەردانی نایاسایی، هەر رۆژێ دێ بە بنبەست و کۆتایی بگات.

وەختێ میللەتان لە چاکسازیی سروشتی یاسایی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە نائومێد دەبن و ناچار دەبن بەشـــێوەی ئێســـتا دەتەقنەوە وەك راپەڕینەکانی تونس، میسر، یەمەن، لیبیا و بەحرێن و ئێران و هی دیکە..

(٤)

راپەڕینی کوردســـتانی بەهاری ١٩٩١ ڕەنگدانەوەی هەمـــان یاســـای گۆڕانکارییە، چونکـــە رژێمـــی عێـــراق کە خۆی بۆخۆیشـــی بە بنبەســـت گەیشـــتبوو، ڕێگەی گرتبوو لە ئـــازادی و پێشـــکەوتنی گەلی کوردستان، دواتر رژێمی بەعسی عێراقی بەخۆی لە ژێر فشـــاری نێودەوڵەتی و خەباتی گەل ڕووخا، لە ٢٠٠٣ ەوە پرۆســـەی سیاسی عێراقی فیدراڵ، دەرگای ئازادیی هەڵبژاردن و چاکسازی بە رووی خەڵکـــی عێراقدا کرایـــەوە. واتە تەواوکەری ڕێڕەوی کوردســـتان بوو.

کەوابێ، ئێمە لە کوردســـتان ســـاڵی ١٩٩١ (بەر لە بیســـت و هەند ســـاڵ) بـــە ئەزموونی خۆنیشـــاندان و راپەڕیـــن و شۆڕشـــەکانی ئێســـتاکەی ئەم وڵاتانـــەدا تێپەڕبووینە، بۆ ئێمە شتی تازە نین، بەڵکو ئەنجامی سروشـــتیی عەقڵـــی داخراو و سیستەمی بنبەستی ئە و



ولاتانیە.

سەرەتای نەوەدەکان هاوکاتی سـەردەمی راپەڕینی کوردسـتان، ئاسۆی چاکسـازی و ئازادی بە رووی گشت دنیادا کرایەوە. زیاتر لە ٢٥ وڵاتی سۆسیالیستی و هاوپەیمانیـان لەگەڵ یەکێتی سـۆڤیەت، راپەڕینی ناوخۆی گەلانی خۆیان بەچاو بینی، بەڵام لە بیسـت سـاڵەوە ئەو ڕێڕەوە ڕاوەستاوە، ئەوا ئەمڕۆ لە باکووری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت سەری هەڵداوەتەوە. خۆ هەریەك لە دەسـەڵاتدارانی ئـەم رژێمانە، ئەگەر عەقڵ و ئەندێشەیان دانەخراباو، بەهۆش و چاوی کراوە تەماشای دەوروبەری خۆیان کردبا، ئەوە زووتر دەکەوتنە چاکسـازی، کە پرۆسـەیەکی مومکنـە، هەروەختێ هەلومەرجی هاتەپێش، دەتوانرێ بە ئەنجام بگەیەنرێ. بەڵام خۆیان دەخلافاند و خۆیـان تێنەگەیاند هەوڵیان دەدا هەر لەسەردەسەڵات بمێنن.

**ئەوەی کە دەیەوێ بەزۆری زۆرداری وەرزی هاوین بکاتە زستان، یا شەو بکاتە رۆژ، وەکو ئەوەیە هەوڵبدات سیستەمی سیاسی بە زۆرداری بەپێی دڵی خۆی دابمەزرێنێ**

(٥)

ئێستاکە ئێمە لە کوێداین لەم جیهانەدا؟

لە سەرێکەوە عێراقی فیدراڵمان هەیە، کە سەرەڕای دژواری کێشـەی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتـی و ئابووری، چەند سـاڵ دەبێ، کەوتووەتە سەر (خەتی سروشتیی) هەڵبژاردن و دەست بەدەسکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات.

لەسـەرێکی دیکەوە هەرێمی کوردستانمان هەیە کە سێ دەزگای سەرەکی هەیە، پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت. ئەوەتا سەرۆکی هەرێم بە دەنگدانی راستەوخۆی میللەت هەڵدەبژێردرێ و پەرلەمان لەکاتی یاسـایی خۆیدا خوولی تازەی هەڵدەبژێردرێ. کەوابێ ئیتر مەترسـی لەسەر سیسـتەمی پەرلەمانی عێراق و هەرێمی کوردسـتان نییە، کە سـەرەك کۆماریش بە هەڵبژاردن دادەنرێ.

لەمە بەدواوە چاکسـازی و گۆڕانکاری ئاشـتیانە بەپێی یاسا و دەسـتوور و نەخشەو پلاندانان بەدیدێن و ناچار نابن راپەڕین و خۆپیشاندانی بۆ بکەین. ئێمە بەر لە بیست ساڵ پرۆسـەی «گۆڕانکاری بە راپەڕین» مان بەجێهێشـتووە، ئیتر بۆ دەبێ وای لێکبدەینەوە کە هەموو شتێ تەنیا بە راپەڕین چارەسەر دەبێ؟ پێموایە بیرۆکـەی ئاوەها زادەی عەقڵی داخراو و بنبەسـتە. چونکە عەقڵی تەندروسـت دەڵێ کە ئەوەی بە ئاشتی و یاسـا و هەڵبژاردن دێتە دەست (هەرچەندە درەنگیش بێ) پێویسـت نییە، بە زۆری زۆرداری «راپەڕین» و «شۆڕشی خوێناویی» بۆ هەڵبکەین. مەگەر خولێکی پەرلەمان یاخـی ببێ و هەڵبژاردنی تازە رەتبکاتەوە یا سەرەك کۆمار و سەرۆکی هەرێم بە زۆر دوور لە ماوەی یاسایی لە دەسەڵات بمێننەوەو لانەچن!

**ئەوەی بە ئاشتی و یاسا و هەڵبژاردن دێتە دەست (هەرچەندە درەنگیش بێ) پێویست نییە، بە زۆری زۆرداری «راپەڕین» و «شۆڕشی خوێناویی» بۆ هەڵبکەین**

چاکسازی و گۆڕانکاری.. بەڵێ! بەڵام تا رێگەی کورت و یاسایی و ڕەوای بێ قوربانیدانی بمێنێ هیچ عەقڵ و ئەندێشـە و بیرێك رێگەت پێنادا دەسـت بۆ توندوتیژی ببەیت.

(٦)

لێرەدا، جێگەی خۆیەتی، بەتێبینیەك ئاماژە بکەم کە چەندین هەفتەیە لەلام گەلاڵە بووە، ئەویش تێکەڵبوونی دوو چەمك و تێگەیشـتن لە زەین و بیرو ڕای هەندێ کـەس کـە (هەڵوەشـانەوەی خوولی پەرلەمـان) بە (هەڵوەشانەوەی کەیانی دەستووری پەرلەمان) دەزانن.

لـە هەر وڵاتێکی دیموکراتیدا وەختێك قەیرانێ پەیدا دەبـێ دەچن خوولـی پەرلەمان ڕادەگـرن و خولێکی دیکەی بۆ هەڵدەبژێرن، واتە: ئەندام و فراکسیۆنی تازەی بۆ دێ. ئەمەیان هەق و راسـتە و شـیاو و مومکینە. وڵاتی وا هەیە لە ساڵێکدا دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانیی دیتووە. ئەم جۆرە هەڵبژاردنە بووە و دەبێ.

وەلێ «هەڵوەشانەوەی کەیانی دەستووریی پەرلەمان» شـتێکی بەتەواو جیاوازە. هیچ میللەتێك ئەم دەزگایە هەڵناوەشـێنێتەوە کە دەسەڵاتی یاسـادانانە و زامنی گۆڕانکاریی هێمن و رەواو یاساییە.

لە سـاڵی ١٩٩٤ بەدواوە بیرۆکەی وەها پەیدا بووبوو کە گوایە هەڵوەشانەوەی کەیانی پەرلەمانی چارەسەری قەیرانـی بارودۆخەکەیە. کە هەڵەیەکـی گەورە بوو، لەناو پارتیشـدا هەندێ هەڤاڵ ئەوەیان دەوتەوە کە وەك ئەوانی تر دەیانویسـت پەرلەمان بنێژن! نابێ قەت بیر لـەوە بکرێتەوە هیچ میللەتێك ئەو تاوانە دەسـتوورییە دەرهەقی خۆی ناکات.

سیستەمی دیموکراتی پەرلەمانی، تائێستاکە باشترین سیستەمی رێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتە. سیستەمێ لەپەرلەمانی باشتر پەیدا نەبووە، هەرچەندە ئەمیش هەندێ سەلبیاتی هەیە. بەڵام ئەگەر رۆژێك لە رۆژان میللەتانی جیهان بە سیستەمێکی پێشکەوتووتر و باشتر لە سیستەمی پەرلەمانی دیموکراتییان دۆزییەوە و بەدییان هێنا، ئەوە شـتێکی دیکەیـە و ناتوانین لە ئێستاوە قەزاوەتی شتێکی وەها دەرببڕین، کە هێشتا لە ڕووی تیۆریشەوە نەهاتووەتە پێش.

(٧)

هەندێ جار بیرۆکەی «نەهێشـتن و هەڵوەشانەوەی کەیانـی دەسـتووریی دەزگای پەرلەمان» بە دەنگی بەرزیان هەڵدەبڕی. لە ڕاستیدا لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦ دا پەرلەمانی کوردستان لە کاروچالاکی پەکی کەوتبوو، بەتەواوی ئیفلیج بووبوو، ناچار بوو دوو دانیشتنی خۆی لە جیاتی هۆڵی پەرلەمانی هەولێر، لە دەرەوەی شاری هەولێر و لە شـەقلاوە ببەستن، هەربۆ ئەوەی پەرلەمان بە فەرمی بمێنێتەوە. ئەوەش لە هەلومەرجی ئەوسـادا پێویست و دروست بوو.

لێرەدا بۆ مێژوو و حەقیقەت دەڵێم، ئەگەر سـووربوون و پێداگرتن و رێنومایی سـەرۆك بارزانـی نەبا ئەوە پەرلەمـان لە بناغـەوە هەڵدەتەکا و نەدەمـا. بەڵکو هەڵبژاردنی پەرلەمانیش سـاڵی ١٩٩١ بە پێشنیاری سـەرۆك بارزانی لە لێژنەی باڵای بەرەی کوردستانیدا هاتە پێش کە ئەندامانی بەرە پەسەندیان کرد و لە مانگی ئایاری ١٩٩٢ دا بە کردەوە هاتە دی، دواتر حکومەتی هەرێمیش دامەزرا، کە دوو دەسـکەوتی هەرە گەورەی گەلی کوردسـتانن و کۆڵەکەی کەیانی دەستووری و سیاسی دەوڵەتن. ئێستاش لە جیاتی دەوڵەت، پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمان هەیە کە مەرجی

هەرە گرنگی مژدەهێنەری داهاتوون.

دوای ١٩٩٦ یش سەرۆك بارزانی هەمیشە ڕێنومایی بۆ فراكسیۆنی پارتی لە پەرلەمان ئەوە بووە كە دەبێ هۆڵی پەرلەمان چۆڵنەكەین و كەیانی دەستووری ئەم دەزگایە بپارێزین، هەرچەندە بە زەحمەت ڕێژەی ٥٢٪-٥٥٪ ئەندامان ئامادە دەبوون تا مەرجی یاسایی دانیشتنی مسۆگەر ببێت، ئەوەبوو گشت ئەندامانی فراكسیۆنی پارتی لە پەرلەمان ئامادە بوون كە ٥١٪ ی پەرلەمان بوون، لەگەڵ ئامادەبوونی ڕێژەی ئەندامانی فراكسیۆنی مەسیحی و چەند ئەندامی فراكسیۆنەكانی دیكەو، مەرجی یاسایی دانیشتن مسۆگەر دەبوو، كارێكی ئاسان نەبوو، كەسانێكیش هەبوون دەیانوت كە كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بەو شێوەیە نایاسایی و ناتەواوە، هەم لە ڕووی دەستووری و هەم لە ڕووی سیاسییەوە، چونكە فراكسیۆنی گەورەی دیكەی پەرلەمان ئامادە نەدەبوون.

ڕێنومایی سەرۆك بارزانی لە ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠-٢٠٠٥ و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دووەمین خولی پەرلەمان بەردەوام بوو، تا پەرلەمان گەڕایەوە باری سروشتی یاسایی خۆی، ئێستاكە ئیتر دەسەڵات و دەزگایەكی هەرە گرنگی كەیانی هەرێمی كوردستانە و لە داهاتووش دەمێنێتەوە و چەسپاوتر دەبێ.

دۆستانی كوردستان هەمیشە لەبەر بوونی پەرلەمان، بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ پرۆسەی دیموكراتی هەرێم كردووە، بڕیارە گرنگەكانی گەلی كوردستان لە هۆڵی پەرلەمان وەرگیراون، وەك فیدرالیزم و پێكهێنانی حكومەت، یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو شێوەی بەشداربوون لە حكومەتی عێراقی فیدراڵ، هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم و بڕیارگەلی چارەسازی دیكە.

لەمەو دواش هەر كێشەیەكی سیاسی ئاڵۆز بێتە پێش و بە بنبەست بگات، ئەوە كلیلەكەی لە پەرلەمان دەدۆزینەوە، كە دەتوانین شێوەو سیستەمی كاروچالاكیی لە ئێستاكەی باشتر لێبكەین.

كەوابێ بەدڵنیاییەوە دەڵێم: هەڵوێستی سەرۆك بارزانی ڕۆڵی هەرە گرنگی لە دامەزراندن و بەردەوامبوونی پەرلەمانی كوردستان هەبووە، بێگومان لەمەش بەدواوە زیاتری بۆ تێدەكۆشێ و بەخۆی ملكەچی بڕیاری پەرلەمان بووە، چ ئەو كاتەی لەلایەن پەرلەمانەوە بەسەرۆكایەتی هەڵبژێردرا بە سەرۆكی هەرێم، یا ئەو كاتەی بە دەنگدەرانی ڕاستەوخۆی میللەت هەڵبژێردرایەوە.

(٨)

ژیانی دیموكراتی پەرلەمانی، دەساودەسكردنی ئاشتیانە و دەستووریی دەسەڵاتی حوكمڕانیی لەگەڵدایە، كە ئیتر قەیرانی توندی بەبنبەست گەیشتوو پەیدا نابێ، چونكە دەرمانی هەڵبژاردنی تازە لەبەردەستدایە.

لە بیست ساڵی دوایی تەمەنی نەتەوەی كورد، لە هەرێمی باشووردا، سێ هەنگاوی بناغەیی نراون:

یەك- دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانی و بەردەوامبوون و پێشكەوتنی.

دوو- سەقامگیربوونی نەریتی دەستووریی دەساودەسكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و حوكمڕانی و، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆكی هەرێم، ئەویش لە وەختی خۆیدا، بەپێی یاسا.

سێ - چەسپاندنی ماف و سیستەمی فیدرالیزم لە حوكمڕانیی عێراق و هەرێمی كوردستان، كە خۆ بەڕێوەبردنی پارێزگاكانیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە گرفتی پارێزگای سلێمانی ڕەنگە بەوە چارەسەر ببێ كە ئەم پارێزگایە، لە چوارچێوەی هەرێمی كوردستاندا ببێ بە خاوەن بەڕێوەبەرایەتیی سەربەستی خۆ بەڕێوەبردن، (لامەركەزی)لەنێو فیدرالیزمدا.. كە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی عێراق لەسەر ئەساسی ئەو بیرۆكەیە هاتووتە كایەوە.. شێوەی كارگێڕی و بەڕێوەبردن، لە سەرانسەری جیهاندا، بەرەو فیدرالیزم و خۆبەڕێوەبردن و ئۆتۆنۆمی دەچێ، نە تەنیا لەبەر فرە نەتەوەیی وڵاتان، بەڵكو لەبەر ئاسانكاری كارگێڕیش.. و ڕێكخستنی بارودۆخی خەڵك، بەشێوەیەك خۆیان بەڕێوە ببەن.

فیدرالیزم و خۆبەڕێوەبردن (لامەركەزی، یا ئیدارەی زاتی) بنەمایەكی ئەساسیی ژیانی دیموكراسییە، چونكە گشت كەسێ دەرفەتی بەشداری دەبێ لە بڕیاردانی بارودۆخی ناوچە و پارێزگا و هەرێمەكەی[٢].

كەواتە: ئێمەی گەلی كوردستان بەر لە بیست ساڵ، هەرچەندە زۆر بە زەحمەت كەوتووینەتە سەر جادەی ڕاستی هەمواری پێشكەوتنی سیاسی و كۆمەڵایەتی و شارستانی. ئەڤرۆجێگەی خۆیەتی ئەو دەرەنجامە سەربەرز و شادمان ببین و بەرزی ڕابگرین نەك بە كەمی بزانین و قەدری نەزانین، یا هەوڵی تێكدانی بدەین.

ئەوە سیستەمە ئەزموونكراوە، بەرهەمی ڕەنجی هەمووانە، هەموومان دەبێ چاوبكەینەوە و بەهۆشیاری و زانیاری پرۆسەكەمان بەرەو پلەی بەرزتری شارستانی ببەین. ئەڤرۆ ئاسۆی ئەو پلە بەرزەمان لەپێشە.

دوای بیست ساڵ ئەنجا میللەتانی دەوروبەرمان خەریكن بگەنە سەرەتای ڕێگەی ڕاستی پرۆسەكەمان. ئێمە بیست ساڵ كەوتووینەتە پێش، هەرچەندە بارودۆخی دژواری ناكۆكیی ناوخۆ و گەمارۆی ئابووری و بێكاری و كەمدەرامەت بۆ ماوەی ١٠-١٢ ساڵ پرۆسەكەی ئێمەی هەندێ جار پەكخستووە پێشكەوتنی سروشتیی ڕاگرتووە. ئەوا ئەڤرۆ ئیتر كەوتینەوە سەر جادەی ڕاستی هەموار و مەترسی و دڵەڕاوكێ و نیگەرانیمان، تا ڕادەیەكی باش بەجێهێشتووە، مەگەر خۆمان بەدەستی (!) خۆمان، بە ئەنقەست پرۆسەكە و دەستكەوتەكانی تێكبدەین، كە هیچ میللەتێكی زیندووی پێگەیشتوویی هۆشمەند كاری وەها ناكات!

١- واچە: واتە: مەقوله

٢- ئێستا وەختی ئەوە هاتووە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاوناحیەكانی هەرێم بە زووترین كات بكەین، تا هاووڵاتییان بەشداری ڕاستەوخۆبن لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی كاروباری خۆیان.

**چاكسازی و گۆڕانكاری.. بەڵێ! بەڵام تا ڕێگەی كورت و یاسایی و ڕەوای بێ قوربانیدانی بمێنێ هیچ عەقڵ و ئەندێشە و بیرێك ڕێگەت پێنادا دەست بۆ توندوتیژی ببەیت**

**مەگەر خۆمان بەدەستی خۆمان، بە ئەنقەست پرۆسەكە و دەستكەوتەكانی تێكبدەین، كە هیچ میللەتێكی زیندووی پێگەیشتوویی هۆشمەند كاری وەها ناكات!**




# بەرهەمی بیرکردنەوەی پۆپۆلیستی تۆتالیتار دژایەتیکردنی فرەیی حزبی و کۆمەڵگەی دیموکراتیە

((کۆمەڵگەی کـــراوە هەنگاوێکە بـــۆ کۆکردنەوەی ئەو ئاســـتەنگانەی ڕووبەڕووی شارســـتانیەتەکەمان دەبێتەوە، ئەو شارســـتانیەتەی دەکرێت بەوجۆرە وەسفی بکەین، ئامانجی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ماقووڵ و مرۆڤایەتییە، هەروەها ئامانجی بەدیهێنانی یەکسانی و ئازادییە.

شارستانییەتەکەمان هێشتا ساوایە، بەڵام لەزۆربەی لایەنەکاندا بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەردەوامە لە بەرەوپێشەوەچوون، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرجار سەرکردە و بیرمەندانیش غەدریان لێکردووە.

ئـــەم کتێبە(کۆمەڵگەی کـــراوە و دوژمنەکانی) هەوڵێکە بۆ ئەوەی پیشـــانمانبدات ئەم شارستانیەتە هەتا ئێستا لە هێدمەی لەدایکبوونی خۆی ڕزگاری نەبـــووە، هێدمەی ئەو هێزە ســـیحرییەی وەرچەرخانـــی لە کۆمەڵگەیەکی داخراوەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە دروســـتکردووە، ئەو هێزە ســـیحرییەش هێزی ڕەخنەگری مرۆڤ بووە. هەربۆیە کۆمەڵگەی کـــراوە هەوڵدەدات ئەوە بخاتەڕوو کە هێدمەی ئەم گۆڕانکاریە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەندێك هێزی ڕەجعی دروســـت دەبن و ئـــەو هێزانە لە هەوڵداندان و هەتا ئێســـتاش ئامانجیان ئەوەیە ئەو شارســـتانییەتە بڕووخێنـــن و بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەتوو. هەروەها کۆمەڵگەی کراوە هەوڵدەدا کە بەشـــداربێت بۆ تێگەیشـــتنمان لە تۆتالیتاریەت، بۆ ئەوەی ڕێگە نیشاندەربێت بـــۆ ئەوەی هەوڵێکی نوێ بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو تۆتالیتارییانە بینەوە. لەبەر ئەوەی تەنیا دیموکراتی دەتوانێت چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی ئەوتۆمان بخاتە بەردەســـت کە بەبێ توندوتیژی گۆڕانکاری بکەین و هەروەها دیموکراتی فێرمان دەکات کە ئەقڵ لەبواری سیاســـەتکردن بەکاربهێنن، ئەوا ئەم دوو لایەنە دەبێتە هێزێك بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو کەسانە ببینەوە کە بەشێوەیەکی تۆتالیتاریانە بیر دەکەنەوە).



کارل پۆپەر

## کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بیری کارل پۆپەر ئەوەیە کە هەموو ئایدیۆلۆژیەتە تۆتالیتارییەکان لەیەك ئاست و بێ جیاوازی پۆلین دەکات، ئەو پێیوایە تۆتالیتاریەت فاشی و نازیەت بێت یان ستالینی، هەر تۆتالیتارییەتە و ناکرێت لەنێوان دوو شەیتاندا یەکێکیان هەڵبژێریت، لەم چوارچێوەیەدا رەخنە لەو رۆشنبیرانەی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان دەگرێت کە لەنێوان هیتلەر و ستالیندا، ستالینیان هەڵبژاردووە، کەواتە ئەم بیرەی پۆپەر بەرەو ئەوەمان دەبات بازنەی دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە و دیموکراتی زیاتر فراوان بکەین، بپرسین ئایا دەکرێت پۆپۆلیست و نیو پۆپۆلیستەکانیش وەك دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە پێناسە بکەین؟ بێگومان

### بەکارهێنانی چەمکی حزبی کارتۆنی بۆ حزبە سیاسییەکانی کوردستان بێجگە لە پارتی و یەکێتی، سوکایەتیکردنە بە ئیرادەی سیاسیی ئەو حزبانە و سوکایەتیکردنە بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

ئەزموونەکانی پۆپۆلیستی تەقلیدی پێمان دەڵێت بەڵێ، لەبەر ئەوەی پۆپۆلیستە تەقلیدیەکان هەموویان وەك خوان پیرۆنی سەرۆکی ئەرژەنتین بە رێگەی کودەتای سەربازی دێنە سەر حکوم و هەر بەرێگەی توندوتیژیش دەسەڵاتەکەی خۆیان دەپارێزن، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا نیو پۆپۆلیستەکانیش هەر بەهەمان شێوەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی پێویستە پۆپۆلیستی راست و چەپ لێکجیابکرێنەوە، بۆیە لێرەوە پەنا بۆ ئەو دیراسەتەی پرۆفیسۆر لویس رەبیبۆ لە ئامامۆژگای هادسۆن بە ناونیشانی (پۆپۆلیزمی کۆن و نوێ) بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: (لیو تۆلسۆتوی باسی لەوە کردووە کە هەموو سەرکەوتنەکانی پۆپۆلیزم هاوشێوەن، لە کاتێکدا هەموو هەوڵە شکستخواردووەکانیان جیاوازن. گرفتەکە ئەوەیە ئەزموونگەلێکی سەرکەوتووی پۆپۆلیستی لە ئارادانییە. ماریانۆ گرۆندۆنا، کە چاودێر و وتارنووسێکی گەورەیە دەڵێ، پۆپۆلیستەکان ئەوەندە هەژارانیان خۆشدەوێت کە حەزدەکەن ژمارەیان زیاد بکەن. ئەوپەڕی ئەوەی دەتوانرێت بوترێت لەبارەی نموونەکانی ئەم دواییەی بزووتنەوە پۆپۆلیستیەکانەوە ئەوەیە کە ئەوان لەرێی میکانیزمە دیموکراتیەکانەوە شەرعی دەسەڵاتیان کردووە))، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە شەرعی کام دەسەڵاتیان کردووە و ئەو میکانیزمانە چین کە بۆ ئەو شەرە بەکاریان هێناوە؟ لەگەڵ ئەوەی پۆپۆلیستە تەقلیدیەکانی ئەمریکای لاتینی زۆربەی زۆریان راستڕەو بوون، بەڵام نیو پۆپۆلیستەکان زۆربەیان چەپن و بە پۆپۆلیستی چەپ ناسراون، ئەمەش بەو مانایەی ئەو پۆپۆلیستانە دەگرێتەوە کە پاشخانێکی کۆمۆنیزمی و مارکسیان هەیە، لەبنەڕەتەوە رەخنەیەکی توندیان لەسەر چۆنییەتی پەرەپێدان و شێوازی بەرهەمهێنان هەیە، ئەمەش لەو روانگەیەوە بڕوایەکی پتەویان بەو وتەیەی مارکس هەیە کە دەڵێت (لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەوڵەمەندەکان، دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارەکان هەژار تر دەبن)، بۆ سەلماندنی ئەم تیۆرە سەقەتەی مارکسیش کە کارل پۆپەر بەو جۆرە وەڵامی دەداتەوە، بەوەی راستە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەرمایە کەڵەکە دەبێت، بەڵام هەژارەکانیش لەمیانەی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە داهاتی تاکە کەسیان زیاد دەکات، لەمەش زیاتر پۆپەر زیاتر پێی دادەگرێت و دەڵێت لەو کاتەوەی مارکس ئەو قسەیەی کردووە، سەدان جار داهاتی هەژارەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری زیادی کردووە و رێژەی هەژاریش لەو وڵاتانە بە ئاستێکی هێجگار بەرز کەمبۆتەوە، تەنانەت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی دیاردەی هەژاری بنبڕبکرێت لە مۆدیلی ئەورووپای رۆژئاوادا سۆشیال پەیرەو کراوە، فەرید زەکەریا لە کتێبی (ئاییندەی ئازادی) سەبارەت بەوەی بۆچی شێوازی سۆشیال لە دیموکراتی ئەمریکا پەیرەو ناکرێت؟ بەو جۆرە وەڵامدەداتەوە کە لە شێوازی دیموکراتیەتی ئەورووپای رۆژئاوا، عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکرێتە بنەما و لە شێوازی دیموکراتیەتی ئەمریکادا ئازادی (freedom) دەکرێتە بنەما، زەکەریا پێیوایە کاتێك ئازادی هەبوو (مەبەستی ئازادی سیاسی و ئازادی بازاڕ) سیستمە سیاسییەکە خۆی بەرەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە هەنگاو هەڵدەگرێت، لەسەر ئەم بنەمایە بەرنامەیەك بۆ پەرەپێدانی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی پەیرەو دەکرێت کە پێی دەگوترێت (کۆدەنگی واشنتۆن - Washington Consensus)، ئەم کۆدەنگیە واتە کۆدەنگی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی بۆ بونیادی دیموکراتی لەسەر بنەمای بونیادی دامەزراوەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی پۆپۆلیستە چەپەکان لە بنەڕەتدا دژی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی سەرمایەدارین، کۆمەڵگەی سەرمایەداریش واتە مۆدیلی لیبرال دیموکراتی، ئەوا لە دەروازەی دژایەتیکردنی

### ئایا ئەو هەموو ئەکادیمییەی لە ناوەندەکانی سینکتاکسی کاردەکەن. هەموویان مشەخۆرن لەبەر ئەوەی کار بۆ حکومەتی خۆیان دەکەن. شەونخوونی دەکەن بۆ ئەوەی حکومڕانی وڵاتەکەیان لە ئاستێکی پێشکەتوودا بێت؟!!

کۆمەڵگەی سەرمایەداریەوە، دژایەتی کۆمەڵگەی دیموکراتی و دامەزراوەکانی دەکات، لە پێناسەی کۆمەڵگەی کراوەو دیموکراتیەوە کە پێناسەکەی بەوجۆرە (لەکۆمەڵگەی کراوەدا هەمووشتێك ملکەچی رەخنەیە و هیچ شتێك ناکەوێتە سەرووی رەخنەوە، هیچ شتێك لە کۆمەڵگەی کراوە بێ کەموکورتی نییەو دەبێت هەوڵەکان بەردەوام بن بۆ چارەسەری کەموکورتیەکان) دەبینین پۆپۆلیستەکان وەك پەنابردن بۆ شێوازی (ولاتقربوا الصلاة) بەشی یەکەمی وەردەگرن و بەشی دووەمی کە لەبەرژەوەندی خۆیان نییە پشتگوێی دەخەن. ئەمەش واتە:

١- پۆپۆلیستەکان ئەو لایەنەی دیموکراتی و کۆمەڵگەی کراوە سوود لێوەردەگرن کە بوار بەوە دەدات هیچ شتێك لەسەروو رەخنەوە نییە.

٢- بەڵام ئەو لایەنە ڕەتدەکەنەوە کە هەموو شتێك لە کۆمەڵگەی کراوە و دیموکراتی کەموکوڕی هەیە و دەبێت هەوڵەکان بەرێگەی دامەزراوەکان بەردەوامبن بۆ باشترکردن و چارەسەرکردنی کەموکورییەکان.

هاودژی و سەرلێتێکچوونی پۆپۆلیستەکان لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەوان فەزای ئازادی و ڕەخنە گرتن بۆ تێکدانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و بێ بایەخکردنی دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکان دەخەنە گەڕ و دەیانەوێت هەر بەرێگەی گۆڕینی ئەم فەزای ئازادییە بۆ ئاژاوە و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگەنە کورسی دەسەڵات، هەر بۆیە بیرمەندانی سیاسەت و پسپۆڕ لە دیموکراتیە تازەکان بەردەوام

**کاتێك سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان خۆی شانازی بەوە دەکات کە لەساڵی ١٩٦١ەوە ڕۆژنامەنووسە، ئەم ماوەیە دەکاتە ماوەی ٥٠ ساڵ، ئایا دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت تا ئێستا خۆی مامۆستای بەرهەمهێنانی چەند ڕۆژنامەنووسی حزبی بووە؟**

جەخت لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی دیاردەی ناشرینی پۆپۆلیزم سەر هەڵنەدات. ئەمە فێرمان دەکات و پێمان دەڵێت، هەموو ئەو هێز و لایەنانەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی سیاسەت دەکەن، پێویستە ڕێگەی زانستی و ئەقڵانییەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کراوە بگرنە بەر، لەبەر ئەوەی تەنیا چوارچێوەی دامەزراوەکان دەبنە هۆکاری ئەوەی گۆڕانکاری بێ توندوتیژی ئەنجامبدەین، بەڵام ئەو هێز و لایەنانەی بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە ڕێگەی توندوتیژی دەگرنە بەر، ئەوانە ئەو پۆپۆلیستانەن کە بڕوایان بە گۆڕانکاری یۆتۆبیانە و سیحری کۆمەڵگە هەیە و هەموو بیرمەندانیش ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە دیموکراتی چارەسەری سیحری پێ نییە، ئەوا هەرگیز ئەو کۆمەڵگە یۆتوبیایەی بیرە شمولییەکان خەونی پێوە دەبینین لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراتی و کراوە هاسەنگ و هاوتەریب نابێت، بۆیە لەبری ئەوەی ببنە هۆکارێك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کراوە دەبنە دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوەو دیموکراتی.

### پۆپۆلیستی تۆتالیتار وەك ئۆپۆزسیۆن

پۆپۆلیستی تۆتالیتار یان چەپی پۆپۆلیست، گەلێك جار لەنێو پرۆسەی دیموکراتی قۆناغی ئینتیقالی سەرهەڵدەدەن، لەبەر ئەوەی لەم قۆناغە هەموو شتێك لەسەرەتادایە یان لە باشترین حاڵەتدا لەنیوەی ڕێدایە، ئەوا بواری گەمەکردن بە توخمە جوانەکانی پرۆسەی دیموکراتی لەلایەن پۆپۆلیستەکانەوە بۆ ڕووخاندنی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەکار دەهێنن و لەسەر بنەمای ئەو میتۆدەی کە کارل پۆپەر ناوی لێناوە(ئەندازەی کۆمەڵایەتی یۆتۆبی) هەوڵدەدەن دژایەتی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی بکەن و بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە بیری تۆتالیتاری بڵاو دەکەنەوە بۆ ئەوەی توندوتیژی لەدژی حزب و لایەنە سیاسییەکان پیادە بکەن و هەوڵبدەن دامەزراوە شەرعییەکان بڕووخێنن، زۆر لەم حاڵەتەدا کە وشەی ڕووخان ڕووبەڕووی هێزێکی پۆپۆلیستی ئۆپۆزسیۆن دەکرێتەوە، هەست دەکرێت ئەو پۆپۆلیستە ئۆپۆزسیۆنانە بە وشەی ڕووخان قەڵس و جارس دەبن و دڵێن ئێمە نەمانوتووە دەیڕووخێنین، بەڵکو وتوومانە ئەم سیستمە بگۆڕدرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە گۆڕینی سیستمێکی دیموکراتی دامەزراوەیی و بۆ سیستمێکی پۆپۆلیستی، ڕووخاندنی سیستمە دیموکراتیەکە نییە؟! سەبارەت بەگرنگی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، (دکتۆر خالید حەیدەر) شارەزا لەبواری ئابووری و مامۆستای زانکۆی سلێمانی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: ((دامەزراوە یاسایی و جێبەجێکارەکان ڕۆڵێکی کاریگەر و پڕ بایەخیان لەپێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بواری سیاسیی هەموو نەتەوەو وڵاتێکدا هەیە، هیچ چالاکی و چاکسازی و گۆڕانکارییەکیش سەرکەوتوو نابێت بێ بوونی دامەزراوەکان. سەرجەم چالاکییە ئیداری و ئابووری و پیشەسازی و سێکتەرەکانی تر بەتایبەتی لە واقیعی هەرێمی کوردستان بێ بوونی ئەم دامەزراوانە چالاك نابێت، کەئێستاکە لەقۆناغی دامەزراندن و سەرەتای ڕێگەدایە بەرەو ئابووری بازاڕو چەسپاندنی دیموکراسی. ئەم چاکسازی و چارەسەرکردنی کەموکورتیانە تەنیا لەڕێگەی کەسانی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵەوە دێتە بەرهەم نەك لەڕێگەی ململانێی حزبی و دروشمەوە. ناکرێت چاکسازی و گۆڕانکارییەکانمان تەنیا بەمەبەستی ڕازیکردن و موجامەلەی سیاسی بێت، هەر وەکو چۆن لەبەغدا دامەزراوەیەکی نوێ بۆ ئەیاد عەلاوی

**ڕۆژنامەنووسانی حزبی سەر بە پارتی و یەکێتی زۆر ئازادانە و بەبێ شاردنەوە ڕای خۆیان لەسەر ڕۆڵ و گرنگی ئۆپۆزسیۆن و مەترسییەکانی گەندەڵی و حکومڕانی باش لە کوردستان دەردەبڕن**

دامەزرا، ئەم هەنگاوەش دووره لەئامانجی سەرەکی دامەزراندنی دامەزراوەکانەوە بگرە تەنیا بەفیڕۆدانی پارەو تواناکانە، ئەم باروودۆخە بە پێچەوانەی دامەزراندنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە بوو کەدامەزراوەیەکی شەرعی و یاساییە و بەهەڵبژاردن ئەندامەکانی دانراون. سەبارەت بە حکومەتیش کە حکومەتی میللەتەو هەموو تاکێکی ناو ئەم کۆمەڵگەیە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانای دامەزراوەکان مافی خۆیەتی داوای چاکسازی بکات، بۆ نموونە لەزۆر بەڕێوەبەرایەتیدا ڕێژەی بێکاری ڕووپۆشراو لە ٦٠٪دا، ئەمە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەو ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری هەیە، ئەم گۆڕانکارییە ئاسایی و پێوستە بەردەوامی هەبێت هەر وەکو چۆن پێشتر حکومەتی هەرێمی

کوردستان نزیکەی (٤٢) وەزیری هەبوو کەمکرایــەوە بۆ (٢١) وەزیـــر، ئەمەش بەواتای کەمکردنەوەی وەزیر و وەزارەتەکان دێت بەڕێژەی لە ٥٠٪)).

د.کاوە قەرەداغی-ش شـــارەزا لەبواری کارگێـــڕی و مامۆســـتای زانکـــۆی ســـلێمانی ســـەبارەت بەهەمـــان پرس و گرنگـــی دامـــەزراوەکان لـــە لێدوانێکی تایبەتـــی بۆ ئەم ڕاپۆرتـــە وتی:(بوونی دامـــەزراوەکان بۆتـــە زەروورەتێکـــی ســـەردەم، هەربۆیە هەرگۆڕانکارییەك و چاکســـازییەك لەکۆمەڵگەی کوردستانی و کەرتە زینـــدووەکان بکرێت، پێویســـتە لەدامەزراوەکانەوە دەست پێبکەین بەتایبەتی لەبـــواری بەڕێوەبردنی ئـــەو دامەزراوانە ئەمڕۆدا داتاو زانیـــاری بڕیار و بەرنامە ئاراستەی کارەکان دەکات، نەك بڕیار لەسەر بنەمای سۆز و دروشمی سیاسی، زۆر پێم سەیرە لەکەناڵەکانی سەتەلایتەوە کەسانی وەها دێنن لەســـەر ئابووری قســـە دەکات لەتەنیشت ناوەکەی نووسراوە شارەزاو پسپۆڕ لەبواری ئابووری، کەچی نە پســـپۆڕی ئابوورییـــە و نە توانایەکی زانســـتیانەی باشی هەیە، زۆرجار قوتابی منیان هێناوە کە خوێندکارێکی ئەکتیڤ نییە، کەچی کەناڵێکی ئۆپۆزسیۆن هێناویەتی ئەویش بەئارەزووی خۆی ڕســـتەی هەڵە دەڵێت. حاڵەتێکی تریش هەیـــە کە دامەزراوەکان لەهەرێمی کوردســـتان تێیدا ســـەرکەوتوو نەبوون ئەویش نەبوونی پێشبینی پێشهاتە

## ئۆلیە پرۆتسیک بۆ گوڵان:



**پێویستە ئۆپۆزسیۆن هەوڵێکی زۆر بدات بۆ گەیشتن بە هاووڵاتیان، بەڵام پێویستیشە لەسەری فێری چاوەڕوانی بێت. سیاسەتی ئیئتیلافی دەرفەتێکی فراوان بۆ ئۆپۆزسیۆن فەراهەم دەکات**

کە مـــن پێموایە کەموکـــوڕی گەورە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکاندا هەیە، پێویستە ئەم دامەزراوانە لەسەر بنەمایەکی زانستی بونیاد بنرێن، لـــەم ڕوانگەیەوە یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی سەرجەم لایەنە سیاسی و حکومی و دامەزراوەکان دەبێتەوە ئەوەیـــە هەرلایەنەو ســـوودی لە بیروڕای حزبیانـــەو ئایینی و ناوچەیـــی تایبەت بەخۆیان بینیوە، واتـــە بیروڕاو بۆچوون و پێشبینیەکان تەسککراونەتەوە، ئەم حاڵەتە بەتەواوەتی لەناو پارتـــە فەرمانڕەواکان و ئۆپۆزسیۆنەکان بە گۆڕانیشەوە دەبینرێت، ئەمەشـــە وایکردووە زۆرجار هەموو شتێك بەباش ببینرێت یا زۆربەی جار هەموو شتێك بەڕەشی ببینرێت. لەجیهانی پێشکەوتووی بـــۆ ڕووداوەکان، واتـــە تـــا نەکەوینە ناو کێشەوە کار بۆ چارەســـەرکردنی ناکەین، بگرە لەکاتی کەوتنەوەی قەیرانەکەشـــدا ئیـــدارە ڕووبەڕووبوونـــەوەی قەیرانەکانی نییە. ئالێرەدا ئەرکی دەســـەڵاتی سیاسی کوردســـتان و پارتـــە سیاســـییەکانە بە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنیشـــەوە، کە پرۆژەو کار و بەرنامەکانیان مۆرکێکی زانستیانە لەخـــۆی بگرێت، بۆنموونـــە پەرلەمانی کوردســـتان کە دامەزراوەیەکی یاســـایی و تەشـــریعییە زۆربـــەی لیژنەکانـــی بـــێ پـــرس و ڕا بە کەســـانی شـــارەزاو ڕێکخـــراوە پێوەندیدارەکانـــی ئابـــووری هەڵدەســـتن بەبڕیاردان لەســـەر مەسەلە چارەنووســـسازەکان، پێویستە ڕاوێژکاری ئابووری هـــاوکاری لیژنەکان بن کە تێیدا ڕەچاوی بەرژەوەندی گشـــتی بکرێت و کەسانی تەکنۆکرات لەناو دامەزراوەکاندا بڕیار بدەن و نەخشـــەی ڕێگە بۆ داهاتوو دابنێن)).

ئەوەی ئـــەم دوو ئەکادیمیەی زانکۆی ســـلێمانی ئاماژەی پێدەکەن، سەرچاوەی گۆڕنکاری و چاکســـازی لە کۆمەڵگە پەیوەستە بە بیرێکی زانستیانەی دوور لە دروشـــمی بریقەداری حزبە سیاسییەکان، یان ئەو لایەنەی ئۆپۆزسیۆن کە دەیەوێت کەموکورتیەکان زیاتـــر بن نەك ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنیان بدۆزنەوە، لێرەوە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ پێناسەی کۆمەڵگەی کراوە و هەوڵدەین لە سیمای جوانی فرەلایەنی و هێزی دامەزراوە دەستوورییەکان تێبگەین، ئەوا ڕاشـــکاوانە لە ماهیەتی بیری ئەو تۆتالیتاریانە تێدەگەین کە پێشـــتر خۆیان لەناو بیـــری ســـتالینیدا پەروەردەکراون و ئێســـتاش خۆیان لەبەرگی پۆپۆلیزم و نیو پۆپۆلیزمـــدا پیشـــاندەدەن. ئەوجا ئەگەر بگەڕێینەوە ســـەر ئەو پاشـــخانە فیکری و ڕۆشـــنبیرییەی لە هەرێمی کوردستان، دەبینن لەبەر ئەوەی پاشـــخانی فیکریان لاســـاییکردنەوەی وڵاتانـــی دەوروبەرەو لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیشـــدا لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا سیستمێکی دیموکراتی بە مانای سیســـتمی لیبـــراڵ دیموکراتی بوونی نەبـــووەو دیموکراســـیەت تەنیا لە سندوقی دەنگداندا بچووككراوەتەوە، دەبینن تێگەیشتن و هەڵســـەنگاندن لە چەمکی ئۆپۆزســـیۆنیش، وەك چەمکێکی گشتی سەیر دەکرێت و پێمانوایە ئەوەی دژایەتی دەســـەڵاتی دیکتاتـــۆری ئـــەو دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیانە بکات، ئەوا هێزێکی دیموکراتیەو ئامانجی بونیادی دیموکراتیە لـــەو وڵاتدا، بەڵام بە داخـــەوە گەورەترین کێشـــەی وڵاتانی عەرەبی و ئیســـلامی نەبوونی ئۆپۆزســـیۆنی دیموکراتیە، هەر بۆیـــە ئەگەر ئەزموونێکـــی دیموکراتیش لەو ناوچەیە بێتە ئـــاراوە وەك ئەزموونی دیموکراتـــی هەرێمی کوردســـتان، لەبەر ئەوەی ڕۆشـــنبیری سیاســـی لایەنێکی ئۆپۆزســـیۆنی وەك بزووتنـــەوەی گۆڕان کە باکگراوندی فیکریـــان، باکگراوندی چـــەپ و عەلمانـــی ڕۆژهەڵاتـــی یان دەوڵەتانـــی عەرەبـــی و ئیســـلامیانەیان هەیـــە، دەبینـــن بەهەمان شـــێوەی حزب

**دکتۆر خالید حەیدەر بۆ گوڵان:**

## چاکسازی و چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان تەنیا لەرێگەی کەسانی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵەوە دێتە بەرهەم نەک لە رێگەی ململانێی حزبی و دروشمەوە



و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ڕووبەڕووی سیستمە دیموکراتیەکەی خۆیان دەبنەوە و هەوڵی لەراددەبەدەر و بێ مانا دەدەن کە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان کە وڵاتی خۆیانە لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵاتی خۆیان بەرێگەیەکی ناشەرعی، بەدەسەڵاتی دیکتاتۆری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەراوردی دەکەن، هەروەها خۆپیشاندەرانی وڵاتانی عەرەبیش چ دروشمێك لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری وڵاتەکەی خۆیان بەرز دەکەنەوە، ئەوا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان بەبێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ پاشخانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و سیستمی سیاسیی و حکومڕانی وڵاتی خۆیان هەبێت، نابەرپرسیارانە دەکەوێتە وتنەوەی هەمان ئەو دروشمانە، هەر بۆ نموونە:

١- هەفتەی ڕابردوو، پاکانەیان بەوە دەکرد سیستمی دیموکراتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی سیستمی حکومڕانی میسر سیستمێکی تاك حزبی دەسەڵاتە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردووی ئەزموونی دیموکراتی کوردستاندا هیچ کابینەیەکی وەزاری هەبووە یەك حزب حکومڕانی کردبێت؟ تەنانەت لەو کاتەشی کە لە کوردستان دوو ئیدارە هەبووە، ئایا هیچ کام لەو دوو ئیدارەیە بە تەنیا و بەبێ حزبە سیاسییەکانی دیکە حکومڕانی کراوە؟ ئەگەر هەیە با بخرێتە ڕوو.

٢- ئاماژە بەوە دەکرێت حزبە سیاسییەکانی کوردستان بێجگە لە حزبی دەسەڵات (لەکوردستاندا حزبی دەسەڵات وەك تاك حزب بوونی نییە)، حزبەکانی دیکە کارتۆنین، بەڵام با ئێمە بێین ئاماری دەنگدانی هەرێمی کوردستان بخەینە ڕوو کە بەم شێوەیە (لیستی کوردستانی واتە پارتی و یەکێتی پێکەوە ٪٥٩، لیستی گۆڕان ٪٢٥، لیستی چاکسازی و دادپەروەری (یەکگرتوو و کۆمەڵ، زەحمەت کێشان، سۆسیالیست) ٪١٤، بزووتنەوەی ئیسلامی ٪٢)، بۆ موناقەشەی ئەو کەسانەی کە نایەنەوێت لۆژیکی ئەقڵانی لە کاری سیاسەت بەکاریهێنین دەڵێن، ئەگەر لەهەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و دەوڵەتانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی، ئامارێکی دیکەی هاوشێوەی ئەم فرەییە ڕاستەقینەیەی لە کوردستاندا هەیە، بوونی هەبوو، با بە نموونە بیخاتە ڕوو پیشانی ڕای گشتی جیهانی بدات، هەر بۆ زانیاری ئەو سیاسەتمەدارە پۆپۆلیستیانەی دنیا بەڕەش و سپی دەبینن پێیان دەڵێین، لە هەموو پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی مۆڵەتدان بە حزبی ئیسلامی قەدەغەکراوە و تەنانەت ئەو بزووتنەوەو حزبانەشی کە خۆیان بە ئیسلامی دەزانن ڕێگەیان نادەن ناوی حزبەکانیان ئیسلامی پێوە بێت، ئەمەش واتە چۆن (بزووتنەوەی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی) لە کوردستان حزبی سیاسیی مۆڵەت پێدراون، لەو وڵاتانە مۆڵەتیان پێنادرێت، تەنانەت پارتی دادو گەشەپێدان (AKP) لە تورکیا کە بەحساب حزبێکی ئیسلامییە و حزبی دەسەڵاتدارە لەئێستای تورکیادا، مۆڵەتی پێنادرێت ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ (پارتی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی تورکیا)، ئەمە پێداهەڵدان نییە بە سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئەمە خستنەڕووی ئەو واقیعەیە کە وەك خۆی هەیە.

٣- لایەنێکی دیکەی گرنگ ناوهێنانی حزبە سیاسییەکانی کوردستانە بە کارتۆنی، بێگومان مەفهومی بەکارهێنانی چەمکی حزبی کارتۆنی بۆ حزبە سیاسییەکانی کوردستان بێجگە لە پارتی و یەکێتی، سوکایەتیکردنە بە ئیرادەی سیاسیی ئەو حزبانە و سوکایەتیکردنە بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و غەدرێکە لە ئیرادەی ئەو میللەتە دەکرێت کە ئەم ڕۆژەی لە هەرێمی کوردستاندا بەدیهێناوە، با جارێ لەوە بگەڕێین و بێینەوە سەر چەمکی حزبی کارتۆنی کە سەرکردەی گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بەرامبەر حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەکاری دەهێنێت و بپرسین ئایا پاشخانی ئەو فیکرە سیاسییەی بە حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەڵێت (دوکانی سیاسیی یان حزبی کارتۆنی) چ پاشخانێکە؟ بێگومان کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات ئەو فیکرەی ئەو دوو چەمکەی لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردستان بەرهەم هێناوە، ئەدەبیاتی قۆناغی شۆڕشگێڕی و جومگەبەندی ئەو حزبە ستالینیانەیە کە لە ڕۆژانی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی، بەو حزبانە دەگوتران کە لەلایەن حزبی بەعسەوە بۆ نوێنەرایەتی گەلی کوردستان و بەڕێوەبردنی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی (ئۆتۆنومیە کارتۆنییەکەی) بەکار دەهێنران، هەر بۆیە بەکارهێنانی چەمکی حزبی کارتۆنی، واتە بەکارهێنانی زاراوەی سیاسی داتاشراو بەبێ بەرپرسیاریەتی، بۆیە لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان بکەینەوە، ئایا حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە لە پەرلەماندا نوێنەریان هەیە

و چەندین جار هاوبەشی حکومڕانی بوون و ئێستاش بەشێکیان لەڕیزی ئۆپۆزسیۆنن وەك (کۆمەڵ و یەکگرتوو) هەروەها بەشێکیان هاوبەشن لە حکومەت وەك (بزووتنەوەی ئیسلامی و زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و حزبی شیوعی کوردستان) ئایا ئەمانە حزبی کارتۆنین؟ ئایا حزبێك کارتۆنی بێت، بۆ نموونە وەك یەکگرتووی ئیسلامی کە لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداربوو لە حکومەت لە هەرێمی کوردستان و لە پەرلەمانی عێراقدا فراکسیۆنێکی سەربەخۆ بووە، ئایا دەتوانێت بەو جۆرە بڕیاری سیاسیی خۆی بدات؟ ئەمە مانای ئەوەیە بەکارهێنانی لۆژیکی ئەقڵ لە بەکارهێنانی زاراوەی سیاسیدا جۆرە بەرپرسیاریەتێکە کە دەبێت سیاسەتمەداری بە ئەزموون لەکاتی لێدوانەکانی خۆیدا حسابی وردی لەسەر بکات و نەکەوێتە ئەو هەڵەیەوە کە دوایی بەرگری لەخۆی پێنەکرێت.

٤- زارەوەیەکی دیکەی داتاشراو کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان بەکارهاتووە بریتییە لە (ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیە مشەخۆرەکان)، ئەمەش واتە مشەخۆرەکانی حزب و دەسەڵات، پرسیاری ئەم باسە لێرەدا ئەوەنییە موناقەشە لەسەر ئەوە بکەین ئایا دەستەواژەی مشەخۆر زاراوەیەکی شایستەیە سیاسەتمەدارێك خۆی بە

## دینیس پاپازایین بۆ گوڵان:



**ئەو پۆپۆلیستانە دەبینین کە بەڵێنی ئەنجامدانی چاکسازی دەدەن، بەڵام دواتر دەسەڵاتەکانیان پتەو دەکەن، بە چەشنێك خەڵکی خوازیاری ڕووخاندنی دەسەڵاتەکانیان دەبن، حاڵەتی میسر نموونەیەکی باشە لەم ڕووەوە**

سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون و کامڵ بزانێت بەکاری بهێنێت، یان نەء؟ بەڵکو پرسیار دەکەین:

ئایا ئەو ناوەندانەی توێژینەوە کە پێیان دەوترێت سینکتاکس(Think tanks) لە وڵاتانی دیموکراتی ژمارەیان چەندە؟ ئایا ئەوانەی لەو ناوەندانە کاردەکەن کێن؟ ئایا ئەمانە دەستەبژێری هەموو ئەو ئەکادیمیانە نین کە بۆ بەرژەوەندی حکومڕانی وڵاتەکانیان و ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکانیان کاردەکەن؟ تەنیا پرسیارێك ئەگەر لەو سیاسەتمەدارە بکەین ئەوەیە، ئایا لەدوای ئەوەی بایەخی عێراق لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکا کەمبۆتەوە، ئاستی توێژینەوە و دیراسەتەکان لەسەر عێراق لەو ناوەندانە چەند کەمی کردووە؟ ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ناوەندانە کار بۆ حکومەت و دەسەڵاتی وڵات دەکەن و پێمان دەڵێت ئەکادیمیست و مامۆستایانی زانکۆ لەهەموو جیهاندا کاتێك لەهەموو بوارە جیاوازەکان توێژینەوە دەکەن، توێژینەوە لەسەر کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی خۆیان دەکەن، هەروەها توێژینەوە لەسەر ئەو پرسە ستراتیژیانە دەکەن کە پەیوەندی بە ستراتیژیەتی ئاسایشی وڵاتی خۆیانەوە هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو هەموو ئەکادیمییەی لە ناوەندەکانی سینکتاکسی تەنیا ئەمریکا کاردەکەن، هەموویان مشەخۆرن لەبەر ئەوەی کار بۆ حکومەتی خۆیان دەکەن، شەونخوونی دەکەن بۆ ئەوەی حکومڕانی وڵاتەکەیان لە ئاستێکی پێشکەوتوودا بێت و گەلەکەیان خۆشگوزەران بێت، ئایا ڕاپۆرتی بیکەر هامیلتۆن، بەرهەمی ناوەندەکانی توێژینەوە بوو یان بەرهەمی ئیدارەی ئەمریکی؟ بێگومان ئەو ڕاپۆرتە بەرهەمی ئەو مەترسیانە بوو کە ئەکادیمیەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە لە ئەمریکا هەستیان پێکرد و پاشان ئەوەی لێ وەبەرهات. لایەنێکی دیکە کە نەك هەر ڕۆشنبیر ناسنامەی خۆی ون ناکات کاتێك لەگەڵ حکومەتی خۆی کاردەکات، بەڵکو شانازییەکە بۆ ڕۆشنبیرەکە کە دەتوانێت ڕاسپاردەی باش بۆ حکومڕانەکانی خۆی پێشکەش بکات، لێرەدا ئەگەر لەو فەزا بچکۆلەیەی سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان بێینە دەرەوە بە چاوێکی کراوەتر سەیری ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە بونیادی حکومڕانی بکەین، هەست دەکەین کاتێك بەڕۆشنبیرانی خۆمان دەڵێین مشەخۆر، غەدرێکی گەورە لە خۆمان دەکەین و بێ ئاگایی خۆمان بە بەلاش پیشانی خەڵکی دەدەین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بیرمەندێکی وەك فرانسیس فۆکۆیاما کە خاوەنی کتێبی (کۆتایی مێژووە) ئێستا یەکێکە لە ڕاوێژکارە سەرکەتووەکانی حکومەتی ئەمریکا، ساموێل هنتگتۆن کە یەکێك بوو لە بیرمەندە دیارەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، ئەویش دیسان یەکێك بووە لە ڕاوێژکارەکانی کۆشکی سپی، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەوە ئیدوارد سەعید ماوەیەکی زۆر وتەبێژی دەسەڵاتی ڕزگاریخوازی فەڵەستین بووە و عەبدولکەریم سروش ڕاوێژکاری حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا (ئیدوارد و هنتگتن، فۆکایاما و قەڵی ناسر و سروش و.... سەدانی دیکە)کە هەموویان نەك لەسەر ئاستی وڵاتی خۆیان، بەڵکو وەك بیرمەندە دیارەکانی جیهان سەیر دەکرێن، مشەخۆرن؟ بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئەم بۆچوونە ڕەش و سپیانە، میتۆدی ئەم نووسینە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو سیاسەتمەدارە کتێبە بەناوبانگەکەی ئیدوارد سەعید (الالهة تفشل دائما) بخوێنێتەوە. ئەوجا بابێنەوە سەر ڕۆژنامەنووسی حزبی کە بە ئالەت

**ئایان ماکمینایین بۆ گوڵان:**

## لایەنە پۆزەتیڤەکەی سیستەمی دیموکراسی ئەوەیە کە هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی یاسا و ئیجرائاتەکانەوە



ناوی بردن، تەنیا پرسیار ئەوەیە کاتێك سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان خۆی شانازی بەوە دەکات کە لەساڵی ١٩٦١ـەوە ڕۆژنامەنووسە و ئەم ماوەیە دەکاتە ماوەی ٥٠ ساڵ، ئایا دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت تا ئێستا خۆی مامۆستای بەرهەمهێنانی چەند ڕۆژنامەنووسی حزبی بووە؟ ڕۆژنامەنووسان ڕاستە لەگەڵ حزبە سیاسییەکان و حزبی حکومڕان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی کاردەکەن، بەڵام تەنانەت ئەگەر حکومەتەکە حکومەتێکی دیموکراتی نەبێت و ڕۆژنامەنووسان لە ئۆرگانەکاندا کاریان کردبێت وەك حەسەن عەلەوی و سەعد بەزاز، یان ئێستا ڕۆژنامەنووسێکی وەك عەبدولڕەحمان ڕاشد کە پێشتر سەرنووسەری ڕۆژنامەی بەناوبانگی (الشرق الاوسط) بووە، کە ڕۆژنامەیەکە لەلایەن بنەماڵەی پادشای سعودیە دەردەچێت، یان ڕۆژنامەنووسەکانی کەناڵی (الجزيرە) کە لە قەتەرەوە پەخش دەکرێن، ئایا ئەمانە هەموویان ڕۆژنامەنووسی دەسەڵات و حزب نەبوون، ئایا ئەمانە هەموویان ئالەت بوون؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەگەر ئێستا ڕۆژنامەنووسی حزبی وەك ئالەت لە کوردستان بوونی هەبێت و لەلایەن حزبەوە وەك ئالەت بەکاربهێنرێت، بەداخەوە تەنیا ڕۆژنامەنووسەکانی سەربە میدیاکانی بزووتنەوەی گۆڕانن بە (بیسترا و نووسرا و بیستراوە و ئۆنلاین)ـەوە، کە بەکردەیی لەلایەن سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕانەوە وەك ئالەت بەکاردەهێنرێن و بێجگە لە دژایەتی کردنی پارتی و یەکێتی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بەرهەمێکی دیکەیان نییە، بێجگە لە داتاشینی وشەی زبر و هاندانی سۆزی خەڵك دژی وڵاتەکەی خۆیان هیچ بوونێکی دیکەیان نییە، بێجگە لەهەڵتەکاندنی کەلتووری دیموکراتی هیچ خزمەتێك بە بونیادی کەلتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگە ناکەن، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە ڕۆژنامەنووسانی حزبی سەر بە پارتی و یەکێتی زۆر ئازادانە و بەبێ شاردنەوە ڕای خۆیان لەسەر ڕۆڵ و گرنگی ئۆپۆزسیۆن و مەترسییەکانی گەندەڵی و حکومڕانی باش لە کوردستان دەردەبڕن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەتوانن تەنیا یەك وتاری ڕۆژنامەنووسێکی بزووتنەوەی گۆڕانمان پیشانبدەن، کە ئازادانە لەسەر مەترسییەکانی بیری تۆتالیتاری ئۆپۆزسیۆن نووسیوویەتی؟ ئایا ڕۆژنامەنووسێکی بزووتنەوەی گۆڕان هەیە بتوانێت وتارێك لەسەر مەترسییەکانی لاوازکردنی دامەزراوە شەرعیەکان بنووسێت، کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵی بۆ دەدات؟ ئەمانە هەندێك مەسەلەن پێویستی بە موناقەشە و ڕوونکردنەوە هەیە و دەبێت هەمووومان بە گیانی لێبوردن و ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنەوە موناقەشەیان بکەین، نەك جیهان بچووك بکەینەوە بەو ئاستەی هەموو دیمەنەکانی کۆمەڵگە بە ڕەش و سپی ببینین، لەمەش گرنگتر بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوی یەکەم بۆ لێکتێگەیشتن و پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هەڵبگرین، دەبێت پێش هەموو شت لەسەر ئەم قەناعەتە سادەیە ڕێکبکەوین کە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هیچ شتێك ڕەش و سپی نییە، واتە نە حکومڕانی بەو ئاستە سپییە کە ڕەخنەی لێنەگیرێت، نەهێندەش ڕەشە کە بڕووخێنرێت.

### دامەزراوەکان هۆکارن بۆ چاکسازی مەدەنیانە

هەموو بیرمەندانی دیموکراتی لەسەر ئەو ڕاستیە کۆکن کە چاکسازی لەمیانەی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دیموکراتیەوە باشترین ڕێگەچارەی مەدەنیانەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بێ توندوتیژی لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە چۆن حزب و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی (بەحزبەکانی حکومڕان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە) ئەو قەناعەتەیان لادروست دەبێت کە بەڕێگەی مەدەنیانە ئەو چاکسازیانە ئەنجامبدەن؟ لە هەرێمی کوردستان ئەم لایەنەش تارادەیەکی زۆر باش بەرەو پێشەوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە و ئەم بەرەو پێشەوەچوونەش لە قەناعەتی لایەنە سیاسییەکان (بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان) بۆتە هۆکاری ئەوەی کە پرۆسەکە بەهەموو کەموکورتیەکانییەوە لە هەنگاو هەڵگرتن بۆ پێشەوە بەردەوام بێت، هەروەك ئەم قەناعەتە لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیستدا سیمایەکی دیاری جیاوازی نێوان پرۆسە دیموکراسییەکانی ئەو وڵاتانەیە، هەر بۆیە کاتێك سەیر دەکەین پرۆسەی دیموکراتی کۆماری چیك لە پرۆسەی دیموکراتی مۆڵداڤیا پێشکەوتووترە، ئەمە مانای ئەوەنییە لە کۆماری چیك هەڵبژاردنی ئازاد کراوە و لە مۆڵداڤیا هەڵبژاردنی ئازاد نەکراوە، بەڵکو ئەمە ئاماژەیە بۆ ئاستی قەناعەتی ئەو حزبە سیاسییانەی لە کۆماری چیك بوونیان هەیەو قەناعەت لای حزبەکانی مۆڵداڤیا بوونیان نییە، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر ئایان ماکمینایین ئوستادی یاسا و حکومەت لەزانکۆی دوبلن لە ئیرلەندا

**دکتۆر کاوە قەرەداغی بۆگوڵان:**

# ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و پارتە سیاسییەکانە بە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە، کە پرۆژەو کار و بەرنامەکانیان مۆرکێکی زانستیانە لەخۆ بگرێت



لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی لەسەر دامەزراوەکان دەربڕی و وتی: (لایەنە سلبییەکەی دیموکراسییەت ئەوەیە کە سیستەمێکی نایاب و بێ کەموکورتی نییە و ئەو توانایەی نییە لە گۆڕینی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی خێرا. لەلایەنێکی ترەوە، لایەنە پۆزەتیڤەکەی سیستەمی دیموکراسی ئەوەیە کە هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی یاسا و ئیجرائاتەکان، بەهەرحاڵ جەختکردنەوە لەسەر یاسا و ئیجرائاتەکان لایەنی کەمەوە هانی هاووڵاتیان دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکان بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە. ئەوجا ئەگەر کاتیشدا جەختبکەنەوە لەسەر ئەوەی کە هاووڵاتیان لێی سوودمەندن. شارەزایی تەکنیکی تەنیا بۆ دانانی پلانەکانی وەبەرهێنان و «خصخصە» نییە، بەڵکو زیاتر ئەرکی بریتییە لە دانانی بەرنامەی گوزەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕەخساندنی هەلی کار و دامەزراندن. ڕێگەیەکی تر بۆ ڕێگەگرتن لە «پۆپۆلیزم» بەهێزکردنی دامەزراوەکانە ئەمە لەکاتێکدا کە تەنانەت ئەگەر هات و پارتی پۆپۆلیزم-یش لە کۆمەڵگەدا هەبوو، بۆ نموونە ئەگەر هات و خاوەن سیستەمێکی یاسایی سەربەخۆ و بەهێز بوون و لەگەڵ دەستوورێکی پتەو، ئەوکات زۆر زەحمەت دەبێت لەسەر «پۆپۆلیست» کە بتوانێت لەو دیاردەی پۆپۆلیزم سەرهەڵبدات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەنجامبدات، ئەوا پێویستە ڕێگەی لێ بگیرێت، پێموایە ڕێگەچارەیەکی ڕوون هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە «پۆپۆلیزم»، ئەویش بریتییە لە خۆلادان لە کەوتنە ناو حاڵەتێك لە تەکنۆکرات و سیستەمێکی خاوەن ئاڕاستەیەکی بیانی. بەواتایەکی تر، پێویستە لەنێو سیستەمی حوکمڕانیدا ببنە خاوەن کۆمەڵێك لە توانا و شارەزایی تەکنیکی لەبوارەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و بواری ئابووری، پێویستە لەسەر سیاسەتوانەکان جەخت بکەنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو توانا و شارەزاییە تەکنیکییانە بەکاربهێنرێت لەپێناو بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و لەهەمان جۆرە حاڵەتانەدا تەشەنەبکات. ئەم شتە لە دامەزراوەکانی ئەورووپا و چەندین وڵاتانی تردا دەبینرێت، بۆ نموونە دادگای دەستووری «ئەڵمانیا» کە لە ساڵی ١٩٩٠ دامەزراوە، کە دەسەڵاتی هەیە بۆ پێداچوونەوەی هەر بڕیارێك یان هەر یاسایەکی «ئیعتیباتی» کە لەلایەن پارتێکی پۆپۆلیست-ەوە دانراوە. هەندێك جاریش کۆنتێکستی نێودەوڵەتی ڕێگرە لەبەردەم پارتی پۆپۆلیست و ناتوانێت بەئاسانی هەڵستێت بە دامەزراندنی ئەزموونێکی پۆپۆلیست، بۆ نموونە پارتی دەسەڵاتداری ئەمڕۆ لە وڵاتی «بەڕازیل» پارتی «کرێکاران»ە، کاتێك کە پارتی کرێکاران لە بەڕازیل خۆی بە سەرۆکایەتی هەڵبژارد ترسێکی زۆر گەورە هەبوو لەو پارتە و ئەگەری پیادەکردنی بۆ ڕێسای پۆپۆلیستی لەبەرئەوەی ئەم پارتە لە ڕابردوودا پارتێکی پۆپۆلیست بوو، هەروەها ئابووریی «بەڕازیل» تاراددەیەك لەگەڵ ئابووری جیهانی بەسترابۆوە، بۆیەش ترسێك هەبوو لەبارەی گەیشتنی پۆپۆلیستەکان بۆ دەسەڵات و ئەگەرێك هەبوو لەبارەی کشانەوەی باری ئابووری و زیان گەیاندن بە ئابووری و وەبەرهێنان و بەرژەوەندیەکانی «بەڕازیل» لەحاڵەتێکدا ئەگەر هات و پارتی «کرێکاران» هەڵستا بە پیادەکردنی ڕێسا و یاسای پۆپۆلیستی)).

ئەوەی پرۆفیسۆر ئاین ئاماژەی پێکرد ئەوەیە کە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزم لاوازی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیە و ئەگەر بمانەوێت مەترسی دیاردەی پۆپۆلیستی بڕەوێنینەوە، ئەوا دەبێت دەست بەپرۆسەی چاکسازی بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان بکرێت، هەر لەم چوارچێوەیەو سەبارەت بەو هۆکارانەی دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی خەڵك شوێن پۆپۆلیستەکان بکەوێت و دژایەتیکردنی پۆپۆلیست بۆ لیبرالی و دیموکراتی قبوڵ بکەن، پرۆفیسۆر دینس پاپازاین ئوستادی مێژووی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: (ئەگەر زۆرینەی خەڵك تا ڕاددەیەك هەژاربن، ئەگەر زۆرینەی خەڵك ئاستێکی نزمی خوێنەواریان هەبێت و کاتەکانیان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و بایەخدان بە خێزانەکانیان تەرخان بکەن، ئەوا بەدوای ڕزگارکەرێکدا دەگەڕێن، بەدوای کەسێك کە بەرگری لە کێشەکەیان بکات لە ئاست دەسەڵاتدارە گەندەڵەکاندا، ئەو کاتە ئەو کەسە دێت و پێیان ڕادەگەیەنێت من دەتانپارێزم و بەرگریتان لێدەکەم و ئەوانیش شوێنی دەکەن، ڕەنگە ئەم کەسە لە سەرەتادا ڕاستگۆ بێت، بەڵام دواتر ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە کەسێکی گەندەڵ، بۆ نموونە ئێمە ئەو پۆپۆلیستانە دەبینین کە هەوڵی ئەنجامدانی چاکسازی دەدەن، بەڵام دواتر دەسەڵاتەکانیان پتەو دەکەن، بە چەشنێك خەڵکی خوازیاری ڕووخاندنی دەسەڵاتەکانیان دەبن، حاڵەتی میسر نموونەیەکی باشە لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا موبارەك وەك کەسێکی پۆپۆلیستی هاتەپێش کە هەوڵی

چاکســـازیکردن دەدات، بـــەڵام دواتر و بە تێپەڕبوونی کات و لە ماوەی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا بووە کەسێکی گەندەڵ. سەبارەت بە دژایەتیکردنی پۆپۆلیستیش بۆ لیبرالیزم و دیموکراتیش، پۆپۆلیست بەو جۆرە سەیری ســەرمایەداری دەکات کە سەرمایەداری ڕژێمێکی ئابوورییە و گریمانەی ئەوە دەکات خەڵکی خۆپەرستن و دەبێت هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندیە خۆپەرستەکانیش ڕابگیرێت، ئەم هاوسەنگیەش بە باڵادەستکردنی سەروەریی یاســا ئەنجام دەدرێت، واتە ئەم دوولایەنە لە ململانێدان، بەڵام ململانێیەکی یاسایی، کەواتە وزەکانیان زیاد دەکات و درێژدەبێتەوە لـــە بازنەیەکـدا دەســوڕێتەوە، ئەمــەش دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی سامان کۆکەنەوە و دواتر بە شـــێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەو ســـامانەیان زیاد بکەن. لیبرالیزم شـــان بە شانی سەرمایەداری هاتووە، لەبەر ئەوەی لیبرالـــەکان ئەو یاســـایانە تێدەپەڕێنن کە دەبنەهۆی ئەوەی ســـەرمایەدارەکان بتوانن بەردەوامی بە ئیستیغلالکردنی خەڵك بدەن، لە کاتێکـــدا لیبراڵیزم کاردەکات بۆ ئەوەی ڕێســـاکانی گەمەکە ڕەوا و عادیلانە بن و بەم شێوەیە دەتوانن خەڵك بپارێزن. هەروەها دیموکراسی و لیبراڵی ئەو دەرفەتە بۆ خەڵك دروست دەکەن کە بەشداربن لە بەڕێوەبردنی حکومڕانێتیدا، لەبەر ئەوەی هیچ زەمانەتێك نییە، کەواتە دەبێـــت خەڵکی چالاك بن و چاودێـــری ئەوە بکەن کە کاروبارەکان چۆن دەگوزەرێت، مافـــی ئەوەیان هەبێت ڕازی بن یان ناڕازیی. لـــە هەمان کاتدا ئەوەی من نیگـــەران دەکات ئەوەیە لە لیبراڵیزمدا بـــۆ ئەوەی کات و توانـــای ئەوەت هەبێت بەشـــداری بکەیت، ئەوا دەبێت ئەمنییەتی داراییت هەبێت، بۆ نموونە ئەمە شتێکی زۆر گرنگە لە وڵاتێکی وەك میســـردا، چونکە بێ بوونی ئەم ئەمنییەتە ئەوا مەســـەلەکە دەگۆڕێت بۆ گێرەشێوێنی و ئەمەش دەبێتە مایەی تێکدان و وێرانکردن)).


ئەو تەفســـیرەی پاپازیین بۆ سەرکردە پۆپۆلیســـتیەکانی کرد خۆی لە دووخاڵی گرنـــگ بە دیار دەخـــات، ئەویش ئەوەیە پۆپۆلیســـت لەســـەرەتادا خـــۆی وەك فریادڕەس و ڕزگارکەر پیشاندەدات، بەڵام هەموو ئەو پروپاگەندانەی بۆ ئەوەیە هەتا دەگاتە دەســـەڵات و پاشـــان وەك حوسنی موبارەکی سەرۆکی میســـر خۆی دەبێتە کەســـێکی گەندەڵ، ســـەبارەت بە پرسی گەندەڵی و دەرکەوتنـــی یەکێك لە دیاردە خراپەکانی دیموکراتیە تازەکان و هەوڵەکان بـــۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی ئـــەم دیاردەیە، پرۆفیســـۆر ئۆلیە پرۆتســـیك ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی فلینسبێرگ لە ئەڵمانیا و پســـپۆڕ و تۆژەر لەسەر پارتە سیاســـییەکان لە دیموکراتی نوێنەرایەتیدا لـــە لێدوانێکی تایبەت بـــۆ گوڵان وتی: (گەندەڵـــی تاراددیەکـــی لەراددەبـــەدەر بابەتێکی پێوەنـــدارە بە سیاســـەتوانەکان لەبەرئەوەی مەسەلەکە دەنگدانەوەی لەناو خەڵکدا هەیە. هیچ وەڵامێکی ئاسان نییە، بەڵام هەندێك لە سیاســـەتوانەکان توانایان هەیە زیاتـــر لە سیاســـەتوانەکانی تر بۆ ئەنجامدانی چاکســـازیی پێویست هەنگاو




هەڵبگرن. چاکســـازی پێویستیی هەیە بە وەدیهێنانـــی تێگەیشـــتنی زیاتر لەبارەی ئازادکردن و نەهێشـــتنی بیرۆکراسیەت و بەرنامەیەکی حکومی لەبارەی دابینکردنی شـــتومەك و خزمەتگوزارییەکان، لەگەڵ وەدیهێنانی شـــەفافیەت لەناو حکومەت و بەهێزکردنـــی لایەنـــەکان موســـائەلە و موحاســـەبە (Check and Balance)، بەخشـــینی دەسەڵات بۆ بەهێزکردنـــی پەرلەمان وەك دامەزراوەیەك، بەخشینی سەربەخۆیی بە سیستەمی دادگا و بیرۆکراسییەت، دامەزراندنی دامەزراوەی فکر و ڕا-ی سەربەخۆ، پاراستنی بۆچوونە جیـــاوازەکان بەتایبەتی لـــە بەرنامەکانی کەناڵـــە تەلەفزیۆنییـــە ســـەرەکییەکان و ڕۆژنامەنووســـەکان لەبارەی شـــیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵـــەکان. ئەم هەموو شتانە کاری پۆپۆلیستەکان ئاڵۆزتردەکات و ڕێگەیان پێنادات یاســـا و دامەزراوەکان فەرامـــۆش بکـــەن. لەهەمان کاتیشـــدا یاریدەدەرە بۆ هاووڵاتیان بۆئەوەی تێبگەن لەبـــارەی چۆنییەتی و ئاڵۆزیی دەرکردنی سیاسەتە گشتییەکان و بگەنە ئەو ڕاستییە و ببین ئەو ڕێگەچارە سادە و بچووکانەی کە پۆپۆلیستەکان دایانناوە چەند بەگرفت و ناواقیعی و مەترســـیدارە. ســـەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنیش لە دیموکراتی نوێنەرایەتیدا، پێویستە لەسەر ئۆپۆزسیۆن هەوڵێکی زۆر بدات بۆ گەیشتن بە هاووڵاتیان. هەروەها پێویســـتە لەسەری فێری چاوەڕوانی بێت.

سیاســـەتی ئیئتیلافی و موساوەمە لەسەر دابەشـــکردنی پۆست و بەرپرســـیارەتییە حکومییـــەکان دەرفەتێکـــی فـــراوان بۆ ئۆپۆزســـیۆن فەراهەم دەکات، بەڵام کێشە ڕاســـتەقینەکە لەو حاڵەتـــەدا دێتەکایەوە کاتێـــك کـــە کەمینەکانی ئۆپۆزســـیۆن بەشـــێوەیەکی هەمیشـــەیی دووربخرێنەوە لە پێکهاتەی ئیئتیلافی و موســـاوەمەی ئیئتیلافی. زۆرجار ئـــەم لایەنە دەبێت بە کێشـــە کاتێك کە کەمینەکان پێناسەدەکرێن لـــەڕووی ئایینی و ئیتنییـــەوە. هەربۆیە پێویســـتە چاکســـازییەکان ببێتە مایەی لەخۆگرتنی ئـــەو کەمینانە لە حکومەت لەڕێگـــەی میکانیزمی دەســـتووری بۆ هاوبەشکردنی دەسەڵاتەکان.

# بۆ ئەوەی ئاینده ببەینەوە



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

بردنـــەوەی ئاینـــدە ئامانجـــی هەمـــوو نەتەوە و کۆمەڵگەیەکە، بەڵام دیارە بە دەستهێنانی کارێکی ئاسان نییە و پێویســـتی بە دابینکردنی پێداویستیەکانیەتی. هەوێنـــی ئەم وتارە، وتاری ســـاڵانەی بـــاری وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکایە کە»بـــاراك ئۆباما»ی سەرۆکی ئەمریکا چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە شوێنکدا پێشکەشـــی ئەندامانی خولی(١١٢)ی کۆنگرێســـی ئەمریکای کرد. ئامانجی ســـەرەکی وتارەکەیش دەست نیشـــانکردنی پێداویستیە ســـەرەکیەکانی «بردنەوەی ئاینده»یە، کە بۆچوونی ئێمە بریتین لە:

١ – بوونی خواســـتی «بردنـــەوەی ئاینده» لای جەماوەر و بەرپرســـان. دەربارەی خواستی «بردنەوەی ئاینده»، «ئۆباما» دەڵێت: بۆ ئەوەی ئاینده ببەینەوە ناکرێـــت راوەســـتین و هیچ نەکەین». ئـــەو وتەکانی «روبەرت کەنەدی Robert Kennedy» بەبیر ئەندامانی کۆنگرێس هێنایەوە کە وتویەتی: «ئاینده»، دیاری نییە بماندرێتی، بەڵکو بەدەســـت هێنانە، دەبێت لێپرســـیاریەتی تەواوی بەدەســـت هێنان و»بردنەوەی ئاینده» بگرینە ئەستۆ.

٢ – بوونی بەرچاو روونی لە دەســـت نیشانکردنی ئامانجەکان و رێگا و ئامرازەکانی گەیشتن پێیان. ئەم بەرچاو روونییە کاتێك دروســـت دەبێت کە دڵسۆزی و جگەرســـۆزی و وەفا تەنیا بۆ نیشـــتمان و نەتەوە بێت نەك بۆ بەرپرسان. کاتێك دروست دەبێت کە لە ریا دوور کەوینەوە و بوێرانە و راستگۆیانە باروودۆخی کۆمەڵگە و کێشـــەکانی دیـــاری بکەین. ئـــەم کارە بە رێگای نزیکبوونـــەوە لە جەماوەر و راوێژکردن بە پســـپۆرانی پەیوەنـــدار ئەنجام دەدرێت. «ئۆبامـــا» لە وتارەکەیدا بە روونی ئامانجەکانـــی بردنەوەی ئاییندەی و رێگا و ئامرازەکانی گەیشـــتن پێیانی دیاریکرد. ئامانجەکان بریتیبـــوون لە:»دابینکردنی هەلـــی کار، چاککردنی ژێرخانـــی ئابووری و دابینکردنی خزمەتگوزاری باش بۆ هاووڵاتیان» و رێگا و ئامرازەکانی گەیشتن پێان، کە دواتر ئاماژەیان بـــۆ دەکەین، بە پلەی یەکەم بەندە چاککردنی سیستەم و پرۆگرامەکانی خوێندن».

٣ – توانای خـــۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریە سیاســـی و ئابووریەکانی جیهانـــدا. هەنگاونان دژی ئاراســـتەی مێـــژوو مەلەکـــردن دژی تـــەوژم کاری مرۆڤی ژیر نییـــە. «ئۆباما» لە وتارەکیدا ئاماژە بە گۆڕانکاریـــەکان دەکات و نموونـــە دێنێتەوە و دەڵێت: «یاســـاکان گۆڕاون، شۆڕشەکانی بواری تەکنۆلۆجیا ئاراســـتەکانی رێگای ژیانی گۆڕیوە، ئەو کارگەیەی کە (١٠٠٠) کرێکار کاری تێدا دەکرد ئێستا بە (١٠٠) کرێکار بەرێوە دەچێـــت و هەمان کار دەکات، کێبرکێ بوونی هەیە، بەڵام نابێت ببێتە ئاســـتەنگ لە بەردەم «بردنەوەی ئاینده»دا.

٤ - داننـــان بـــە بوونی کێشـــە و کەموکوڕیەکان هەنگاوی یەکەمە بۆ «بردنەوەی ئاینده». «ئۆباما» لـــە وتارەکەیـــدا دەڵێت: هـــەر چەندە ئێمـــە خاوەنی سەرکەوتووترین ئابووری جیهانین، هیچ وڵاتێك هێندەی ئێمە کۆمپانیای ســـەرکەوتووی تیادا نییە و هێندەی ئێمـــە داهێنانی تیادا نییە، هیچ کرێکارێك بەرهەمی لە کرێکاری ئێمە زیاتر نییە، ئێمە خاوەنی باشـــترین زانکۆکانـــی جیهانین کە لە هەمـــوو لایەکەوە روویان تێدەکرێت، بەڵام بێ کێشـــە نین. ئەو لـــە وتارەکەیدا بوێرانە دانی بە کێشە و کەموکوڕیەکاندا نا، کە بریتین لـــە قەیرانی دارایی و ئابـــووری، بێکاری، دابەزینی مووچەی هاووڵاتیان، دواکەوتن لە بواری پرۆســـەی خوێنـــدن، دواکەوتن لە بواری ژێرخانی ئابووری. تاد. «ئوباما»ی ســـەرۆکی بەهێزترین و پێشکەوتووترین وڵاتـــی جیهان پێی شـــەرم نەبوو کە بـــە ئەندامانی کۆنگرێس و گەلی ئەمریکا و هەموو جیهان بڵێت:

- خوێندنـــی زانســـت و ماتماتیك لـــە «کۆریای باشوور» پێشکەوتووترە تا ئەمریکا.
- لە بواری رێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆی لە کۆی رێژەی دانیشتوان، ئەمریکا بە پلەی (٩)یەم دێ لەنێو دەوڵەتانی جیهان.
- کەمتر لە ٢٥٪ ی قوتابیانی ئەمریکا خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکەن.
- ئاستی پێشکەوتنی ژێرخانی ئابووری ئەمریکی بە پلەی چوارەم، پلەی (D)، هەڵسەنگێنراوە.
- - ماڵەکانی «کۆریای باشوور» خاوەنی تۆڕی ئینتەرنێتی پێشکەوتووترە لە ماڵەکانی ئەمریکا.
- ئەوروپا و روســـیا سەرمایەی زیاتریان خستوەتە گەڕ بۆ چاککردنی تۆڕەکانـــی رێگاوبان و هاتوچۆ و چین هێڵی ئاســـنی پێشـــکەوتوو و خێراتر دروست دەکات.

٥ دیاریکردنی زانســـتیانەی رێگا و ئامرازەکانی گەیشـــتن بە ئەمانجەکان و چارەســـەری کێشـــەکان هەنگاوێکی گرنگی «بردنەوەی ئاینده»یە. «ئۆباما» لە وتارەکەیدا ئەم رێگایانەی دیاریکرد بۆ «بردنەوەی ئاینده»و چارەسری کێشەکان، کە بە بۆچوونی ئێمە دەکرێت ســـوودیان لێ وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئێمەیش چارەســـەری کەموکوریەکان و کێشـــەکانمان بکەین و «ئاینده ببەینەوە». ئـــەو رێگایانەی کە «ئۆباما» لە وتارەکەیـــدا دیاریکردن بۆ «بردنـــەوەی ئاینده»و چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیان بریتین لە:

* پشـــتگیری کردن و هاندانی داهێنان لە رێگای بەگەڕخســـتنی ســـەرمایەی زیاتر بـــۆ لێکۆڵینەوە زانســـتیەکانی بوارەکانی پزیشـــکی، تەکنۆلۆجیای زانیـــاری، تەکنۆلۆجیای وزەی پاك بۆ پاراســـتنی ژینگـــە. تاد. لەم بوارەدا ســـەرۆکی ئەمریکا دەڵێت:

سیستەمی «ئابووری ئازاد» بەرەو داهێنانمان دەبات. ئێمە بووین ئۆتۆمبێلمان خستە سەر شەقامەکان، کۆمپیوتەرمان خستە سەر مێزەکان و ئێستایش لە ڕێگای داهێنانەوە دەتوانین هەزاران پیشەسازی نوێ بەرهەم بێنین و چەندین ملیۆن هەلی کار بۆ هاووڵاتیان دابین بکەین.

* بایەخدانی زیاتر بە سیستەمی فێرکردن و پێشخستنی، چونکە کارە نوێکان، وەك «ئۆباما» ئاماژەی بۆ کرد، پێویستی بەو دەستی کارانە دەبێت کە خوێندنی دواناوەندی و زانکۆیان تەواو کردبێت. ئەو دابینکردنی هەلی سەرکەوتن لە خوێندندا بۆ هەموو منداڵێك بە ئەرکی حکومەت و کۆمەڵگە و خێزان دەزانێت. پێویستە کۆمەڵگە و خێزان حەز و ئارەزووی خوێندن لای منداڵان بچێنن و قوتابخانەکانیش بەرپرسیاربن لە گەشەپێدانی ئەم حەز و ئارەزووانە. «ئۆباما» لەم بوارەدا ڕۆڵی دەسەڵاتە لۆکالیەکان و بەڕێوەبەرانی پرۆسەی خوێندنی فەراموش نەکردووە. ئەو لە وتارەکەیدا سوپاس و ئاماژەی بە ڕۆڵی «خانم واتەرس Mrs. Waters»، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی «بروس ڕاندولف Bruce Randolph» لە شاری «دێنڤەر Denver» کرد کە چۆن توانی لە ماوەی (٣) سێ ساڵدا قوتابخانەکەی، کە یەکێك لە خراپترین قوتابخانەکانی ویلایەتی «کۆلورادۆ Colorado» بوو بگۆڕێت بۆ یەکێك لە باشترین قوتابخانەکان کە ڕێژەی دەرچوانی قوتابیانی لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابووردودا بگاتە ٩٧ ٪. بەشی هەرە زۆری قوتابیە دەرچووەکان یەکەم کەس بوون لە خێزانەکانیاندا کە بڕوانامەی دواناوەندی بەدەست بێنن و ڕوو لە زانکۆ بکەن. دیارە سوپاسکردنی «خانم واترس» لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە و لە کۆنگرێسی ئەمریکا، کە گەورەترین خەڵاتە بەو خانمە بەخشرا، ئەوە دەگەیێنێت کە لێپرسراوانی ئەو وڵاتە لە بەرزترین ئاستدا، وەك ئەرکێکی سەرشانیان، ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانن لە وڵاتەکەیاندا گەر لە سەر ئاستی قوتابخانەیەکی دواناوەندیش بێت!.

* ڕێزلێنان لە مامۆستایان و بڕوابوون بە ڕۆڵیان و ڕۆڵی ناوەندەکانی خوێندن لە چارەسەری کێشە و کەموکوڕیەکان و «بردنەوەی ئاییندە». «ئۆباما» لە وتارەکەیدا دەڵێت: هۆکاری سەرکەوتنی منداڵان، دوای دایك و باوك، بۆ مامۆستایان دەگەڕێتەوە کە لە کۆریای باشوور پێیان دەڵێن «بونیادنەری نەتەوە nation builders». لێرەیش لە ئەمریکا کاتی ئەوە هاتووە بە هەمان ڕێزەوە تەماشای ئەوانە بکەین کە منداڵەکانمان فێردەکەن. پێویستە پاداشتی مامۆستا باشەکان بدەینەوە و واز بێنین لە پاساو هێنانەوە بۆ مامۆستا خراپەکان. بۆ ساڵی ئایندە دەمانەوێت (١٠٠) هەزار مامۆستا نوێ لە بوارەکانی زانست، تەکنۆلۆجیا، ئەندیازاری و ماتماتیك ئامادە بکەین. من ئەمشەو بە هەموو گەنجێك دەڵێم کە گوێی لێمە گەر دەتەوێت کارێك هەڵبژێریت؟ گەر دەتەوێت گۆڕانکاری لە ژیانی نەتەوەکەتدا ئەنجام بدەیت؟ گەر دەتەوێت گۆڕانکاری لە ژیانی منداڵەکەتدا ئەنجام بدەیت؟ ببە بە مامۆستاو وڵاتەکەت پێویستی بە تۆیە.

* بایەخدان بە چاککردنی ژێرخانی ئابووری. «ئۆباما» لە وتارەکەیدا دەڵێت: دەمانەوێ کارێك بکەین کە لە (٥) پێنج ساڵی ئاییندەدا (٩٨ ٪) ی ئەمریکیەکان ئینتەرنێت بەکار بێنن، لە (٢٥) ساڵی ئاییندەدا (٨٠ ٪)ی ئەمریکیەکان دەستیان بە هێڵی ئاسنی خێرا بگات کە بتوانن بە نیوەی ئەو کاتە کە بۆ «ئۆتۆمبێل» پێویستە، بگەنە شوێنی مەبەستیان.

* بایەخدان بە دابینکردنی خزمەتگوزاری باش بە هاووڵاتیان. «ئۆباما» لەم بارەیەوە دەڵێت: نابێت تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی دوا مەبەستمان بێت. دەبێت باشترین هەل بڕەخسێنین بۆ فێربوونی منداڵان لەکاتی لە دایك بوونیان تا دوا کاریان. دەبێت زانکۆ نزیکی هەموو ئەمریکیەك بێت و دەستی پێ بگات. بە یارمەتیدانی زانکۆکان خوێندنی هەرزان بۆ چەندین ملیۆن قوتابی دابین دەکەین، چونکە پێویستە خەڵك ئامادە بکرێت بۆ کاری نوێ. دەبێت لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی (٢١) دا جارێکی تر ئەمریکا ببێتە خاوەنی بەرزترین ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ. دەبێت لە ساڵی (٢٠١٥) دا (١) ملیۆن ئۆتۆمبێلی کارەبایی لە سەر ڕێگاکانمان کار بکات و لە ساڵی (٢٠٣٥) دا (٨٠٪) ی کارەبای ئەمریکا بە ڕێگای وزەی نوێ بەرهەم بهێنرێت، ئەمانەیش هەلی کار لە بواری وزەی نوێدا بۆ هاووڵاتیان دەڕەخسێنن.

* کرانەوە بە ڕووی جیهاندا و بەهێزکردنی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی تر. لەم بارەیەوە «ئۆباما» دەڵێت: ڕێکەوتنە بازرگانیەکانمان لەگەڵ هەر یەك لە (چین، هندستان و کۆریای باشوور) زیاتر لە (٣٢٠) هەزار هەلی کار دەڕەخسێنێت.

* پێداچوونەوە بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکاندا بە مەبەستی لابردنی ئاستەنگەکان لە بەردەم گەشەکردنی کەرتە ئابووریەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاووڵاتیان و ئەنجامدانی ئاسانکاری لەم بوارەدا.

* کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەت، ئەوانەی کە بەشداری ناکەن لە گەشەکردنی ئابووری و چاککردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ هاووڵاتیان. «ئۆباما» لەم بارەیەوە دەڵێت: «هەڵواسینی خەرجکردنی خۆجێیەتی بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵی ئایندە، کورتهێنانی بودجە بە بڕی زیاتر لە (٤٠٠) ملیار کەم دەکاتەوە.

* هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بڕوای خەڵك بە حکومەت. «ئۆباما» لەم بارەیەوە دەڵێت: هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی بڕوای خەڵك بە حکومەت هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی «ئایندە ببەینەوە». میللەت مافی خۆیەتی بزانێت پارەکەی بۆ کوێ دەچێت!.

ئەجێندای نەتەوەیی هاوبەش و بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی

# هیچ بەرژەوەندیەک نابێتە بەدیلی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی



((بەرژەوەندیە سیاسییە بەرتەسکەکان لەگەڵ پەرەپێدانی ئەجێندایەکی نەتەوەیی هاوبەشدا یەکناگرێتەوە. لەبەر ئەوە باشترە جەخت لەسەر ستراتیژیەتێکی دوور مەودا بکرێتەوە کە ئەویش پەروەردەکردن و گۆشکردنی خەڵکی گەنجە لەسەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێز، بۆ ئەوەی دواتر ڕەفتاریان جیاواز بێت لە ڕەفتاری ئەو پارتە سیاسـییانە. بە چەشـنێک سەرەڕای بوونی جیاوازیەکان نابێت هیچ شتێک ببێتە بەدیلی بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخود سیاسەت و ڕەفتارێک بکرێت کە تەحەددا بێت بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی. ئەمەش کاتی دەوێت. هەروەها دەکرێت لەم ڕووەوە جۆرێک لە سنوورداری و کۆت و بەند لەسەر پارتە سیاسییەکان دابنرێت، بە چەشنێک هەندێ لە پارتە سیاسییەکان ڕێگەی بەشداری کردنیان پێنەدرێت، وەک ئەوەی لە ئەڵمانیادا هەیە و پارتگەلێکی سیاسی دیاری کراو لەو وڵاتەدا قەدەغەکراوە)).



پرۆفیسۆر کیس داردن بۆ گوڵان





لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە هەردوو تاوەری ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک تەقاندەوە،ساموئێل هنتگن پرسیارێکی وروژاند (ئێمە کێین؟ who are we)، مەبەست لەم پرسیارەی کە لەساڵی ٢٠٠٥ وەک کتێبێك بڵاویکردەوە ئەوەبوو، ئێمە لە بیرمان چۆتەوە ئەمریکین و دەبێت هەموو کات ئینتمامان بۆ ئەمریکا و سۆزمان بۆ ئاڵای وڵاتەکەمان هەبێت، هنتگتن هەموو ئۆباڵی هۆکاری ڕوودانی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر ناخاتە ئەستۆی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بەڵکو بەوە گرێیدەداتەوە هۆکاری ڕوودانی ئەو کارەساتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەستی ئەمریکایی بوون وەك هاووڵاتی ئەمریکا کەمبۆتەوە، بۆیە لە کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دوای ڕوودانی ئەو کارەساتە ئیدی هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم ئەمریکیەکان نەماوەیە پەنای بۆ ببەرن بێجگە لەوەی جارێکی دیکە هەموو پێکەوە ئاڵای ئەمریکا بەرزبکەنەوە، خوێندنەوەو قوڵبوونەوە لەسەر ئەم چەمکەی گەڕانەوە بۆ ئاڵا، واتە زیندووکردنەوەی هەستی ئینتیمابوون لای هاووڵاتی ئەمریکا، زیندووکردنەوەی ئەو هەستە لای هنتگتن سەرچاوەی هەموو چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە، بێگومان ئەمە لای هنتگتن بۆ هاووڵاتیانی وڵاتێکە کە ناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە نەك هەر بەهێزترین دەوڵەتی ئەم جیهانەیە نەك تەنیا لەڕووی هێزی سەربازییەوە، بەڵکو گەورەترین هێزە لەرووی ئابووری و فیکر و هونەر و هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانەوە، بۆیە هەقە لەم ڕاستەوە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئەگەر هەستکردنی هنتگتن بۆلاوازی هەستی ئینتمای نیشتمانی لای هاووڵاتیانی ئەمریکا، بەو ئاستە مەترسیدار لەقەڵەمی بدات کە داهاتوی ئەمریکا بخاتە مەترسیەوە، پرسیار ئەوەیە بۆ گەلێکی وەك ئێمە کە بێجگە لەو کیانەی پێی دەگوترێت هەرێمی کوردستان هیچ شتێکمان نییە و گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتین لە جیهاندا، ئەگەر هەست بکەین هەستی ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیمان لاواز بووە، چی دەقەومێت؟ ئەگەر هەست بکەین حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەجێندای بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان دەخەنە سەرووی ئەجێندای بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و لێیان قبوڵ بکەین، یان خۆمان بکەینە ئامێری جێبەجێکردنی ئەو ئەجێندا حزبیانە چ کارەساتێك دەقەومێت؟



ئاڵان تار بۆ گوڵان:

**لەو قۆناغە ناسکەی نەتەوە پێیدا تێدەپەڕێت جیاوازییەکان دەخرێنەوە لاوە و هاووڵاتیان و پارتە سیاسییەکان لە دەوری بەرژەوەندییە هاوبەشەکان کۆدەبنەوە**

پرسیارێکی دیکە کە دیسان جێگەی ئاماژە پێکردنە پرسیارە گرنگەکەی بیرمەندی لاو فەرید زەکەریایە کە لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری بەناوبانگی نیوزویك وروژاندی و پرسی (بۆچی ڕقتان لێمانە؟ why do they heat us?)، ئەم پرسیارە بەو مانایە بۆچی تیرۆریستەکان ڕقتان لێمانە، کەواتە زەکەریا هەوڵیداوە بزانێت ئایا هۆکارێکی موقنیع هەیە بۆ ئەوەی تورەیی تیرۆریستان بگاتە ئەو ئاستەی خۆیان بەدوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی بتەقێننەوە، کە هێمان بۆ جیهانگیری و بۆ یەك جیهانی و سڕینەوەی جیاوازییەکان، بێگومان ئەم پرسیارە ناخی هەموو ئەمریکیەك و ناخی هەموو ئەمریکیەکی هەژاندووە بەوەی لە خۆیان بپرسن ئایا گەلی ئەمریکای ئازادیخواز گەیشتۆتە ئەو ئاستەی خەڵکانێك هەبن بەو ئاستە ڕقیان لێیان بێت؟ ئەمە جیاوازە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریست خۆی بەدژی ئەمریکا وەك دەوڵەت و حکومەت دەزانێت، بەڵام گەلی ئەمریکا بۆ؟ لەکاتێکدا دوو ئۆقیانووسی گەورەی ئەتڵەسی و ئارام گەلی ئەمریکای لەجیهان دابڕاندووە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش وەك دەوڵەت لەودیوی ئەو دوو ئۆقیانووسەوە دەست پێدەکات و ئەگەر ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بیەوێت دژایەتی ئەمریکا بکات، لەهەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بەرژەوەندی ئەمریکی هەیە و هیچ پێویست نییە هاووڵاتی بێ تاوان بکوژرێت. هەر لەسەر ئەم باسە و سەبارەت بە ڕاگەیاندنەکەی فۆکۆیاما بەوەی ڕووخانی دیواری بەرلین کۆتایی مێژووە و ئیدی جیهان بیر لە پاراستنی ئازادی دەکاتەوە نەك تێکدانی، ئیدی سەردەمی ئەوەیە مرۆڤایەتی بۆی دەرکەوت کە سیستمی دیموکراتی لیبرالی باشترین سیستمی حکومڕانییە کە مرۆڤایەتی هەتا ئەو سەردەمە پێی گەیشتووە، کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لە ڕیشەوە تیۆری کۆتایی مێژووی هەڵتەکاند و بەجیهانی ڕاگەیاند، هێشتا ماویەتی بگەینە کۆتایی مێژوو، ئەوە نییە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دژایەتی ئازادی و سیستمی حکومڕانی لیبرال دیموکراتی دەکات.

### تاك و نەتەوە بنەمای پاراستنی دیموکراتین

بایەخدان بەتاك، کەمکردنەوەی بەها و بایەخی نەتەوە نییە، نەتەوەیەك تاکەکانی خۆشگوزەران نەبن، ئەو نەتەوەیە هەموو ناسنامەیەکی هەبێت ناسنامەی نەتەوەیی نییە و دەبێت پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە دەست پێبکاتەوە، تاکیش ئەگەر وەك تاکی نەتەوەیەك ناسنامەی خۆی پێناسە نەکات، ئەوا هەموو خۆشگوزەرانی جیهان بخاتە بەردەستی خۆی ناتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامەی هاووڵاتیبوونی خۆی پێناسە بکاتەوە، کەواتە کاتێك دەوڵەت لەسەر بنەمای تاك مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی نەتەوە دەکات و کاتێك حزبە سیاسییەکان لەمیانەی خواستی تاکەکانەوە سیاسەتی خۆیان ڕێکدەخەن، ئەرکی سەرەکی تریان ڕێکخستنی خواست و داوای تاکانە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، لەبەر چاوگرتنی ئەم بەرژەوەندییە نیشتمانیانە هەموو کات دەبێتە هۆکارێك سەرلەنوێ هەستی نەتەوەیی و ئینتمابوون بۆ خاك و نیشتمان جۆش بدرێتەوە، سەبارەت بە لەبەر چاوگرتنی هەستی نیشتمانی لەکاتە زۆر ناسکەکانی نەتەوەدا، پرۆفیسۆر ئاڵان تار بەرێوەبەری سەنتەری دیراساتی یاسای دەستوور لە زانکۆی ڕۆتەر لە لێدوانێکی تایبەتی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (هەستی ئینتیمای نیشتمانی سەرهەڵدەدات لەبەر ئەو هۆکارەی کە هاووڵاتیان خاوەن هەمان مێژوو و هەمان زمان و هەمان ئیتنییەتن، هەڵبەتە

خاوەن ناسنامەیەكی هاوبەشن. دەكرێ ئەم دیاردەیە لەڕووی ڕای گشتی و لایەنەكانی تر پێوانەی بكەیت، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی مەسەلەكە پەیوەستە بە شێوازی ڕەفتار و جوولانەوەی هاووڵاتیان و كۆبوونەوەی ئەو كۆمەڵە كەسانەی كە ئەو هەستەیان لا دروستبووە. سەبارەت بە خۆشانی ئەم هەستە لە كاتە ناسكەكانی نەتەوەش، بەڕای من پاش ڕوودانی كارەساتێكی نیشتمانی هاووڵاتیان جیاوازیەكانیان دەدەنە لاوە، جیاوازییەكان لەڕووی ئاراستەی سیاسی و پارتە سیاسییەكان و جیاوازییەكان لەڕووی ئایینی و ئیتنی، هەربۆیە لەو ساتانە و لەكاتی ڕوودانی كارەساتی نیشتمانیدا هاووڵاتیان جەختدەكەنەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەكان. هەربۆیە بینیمان ڕووداوەكانی ١١ی سێپتەمبەر چ كاردانەوەیەكی خوڵقاند و چ كاریگەرییەكی لەسەر كۆمەڵگەی ئەمریكی هەبوو، ئەوە بوو هەموومان پێكەوە و وەكو یەك نەتەوە وەڵامدانەوەمان هەبوو و بە پشتگوێ خستنی جیاوازییەكانمان لەڕووی ئایینی و ئیتنی. ئەمە مانای ئەوەیە چەند مافێك هەیە كە تۆ وەك هاووڵاتییەكی وڵاتەكە بۆ تۆ دەگەڕێتەوە و هاوكات هەمان ماف بۆ هەموو هاووڵاتیانی وڵاتەكەدا دەگەڕێتەوە و بەشێوەیەكی یەكسان. لەهەمان كاتیشدا مافی تر هەیە كە لەوانەیە پەیوەندی بە تۆوە هەبێت وەكو ئەندامێك لە گرووپێكی زمانەوانی یان ئایینی یان ئیتنی لە كۆمەڵگە، دووبارە دەگەڕێمەوە سەر نموونەكەی «كوبێك»، وێڕای ئەوەی وڵاتی «كەنەدا» زمانی ئینگلیزی بەكاردێنن، بەڵام هاوكات مافەكانی بەرەچەڵەك فەرەنسییەكەی «كوبێك»یان پاراستووە و ڕێگەیان داوە زمانی فەرەنسی زمانی سەرەكی بێت لە «كوبێك» لەبەرئەوەی زۆرینەی هاووڵاتییەكان بە زمانی فەرەنسی دەدوێن و گرەنتیی ئەوە كراوە كە لە قوتابخانەكانیشدا زمانی فەرەنسی فێربكرێت. هەربۆیە، دەبینین جیاوازی هەیە لە چۆنیەتی دەستنیشانكردنی ناسنامەی ئایینی و ئیتنی و نەتەوەیی).

### ڕێكخستنی جیاوازییەكان و پاراستنی هەستی نەتەوەیی

جیاوازییەكانی نێوان كۆمەڵگەی دیموكراتی ئەوكاتە وەك دیمەنێكی جوان سیمای دیموكراتی پیشاندەدات، كە جیاوازییەكان سەقفی بەرژەوەندییە نیشتمانیەكان نەبەزێنن، هەر بۆ نموونە ئەگەر پارتی كریكارانی بەریتانیا جیاوازیەكانی لەگەڵ پارتی پارێزگارانی بەریتانیا لەسەر ئەوەبێت بەرژەوەندییە نیشتمانیەكانی بەریتانیا بخاتە مەترسییەوە، ئەوە لە جیاوازی دەردەچێت و پێی دەگوترێت دژایەتی، لە ئەمریكا ئەگەر تاكێك خۆی بۆ پۆستێكی گشتی هەڵبژێرێت و تەمەنی هاوكاتی شەڕی ڤێتنام بووبێت و بەشداری لەو شەڕەدا نەكردبێت، یان دژی ئەو شەڕە خۆپیشاندانی كردبێت، ئەوا وەك ڕەخنەی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەمریكا ڕەخنەی لێدەگیرێت، نەك هەر ئەوەش تەنانەت لە بڕیاردانی كۆنگرێس بۆ شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەوەی بڕیارەكە تەنیا بڕیارێكی ئەمریكی بوو كۆدەنگی نێودەوڵەتیشی لەسەر نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی شەڕی عێراق پێوەندی بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانی ئەمریكاوە هەبووە، هەردوو پارت دەنگیان بۆ داو، تەنانەت جۆزیف بایدن كاتێك لە هەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٨ ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا تۆ دژی شەڕی عێراق بووی، لەوەڵامدا وتی من دژی شەڕەكە نەبووم وەك جەنگ (المعركە)، بەڵكو دژی شەڕەكە بووم وەك (الحرب) لەبەر ئەوەی ئێمە جەنگەكەمان بردووە شەڕەكەمان دۆڕاند، ئەم چەند دێڕە ئەوەمان پێدەڵێت كە جیاوازی نێوان لایەنە سیاسییەكان لەكۆمەڵگەی دیموكراتی لە خوار بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەكانەوە ڕێكدەخرێن، هەر بۆنموونە ئێستا حزب و لایەنە سیاسییەكانی كوردستان مافی خۆیانە لەناو پەرلەمانی كوردستاندا جیاوازبن و لەسەر جیاوازییەكانی نێوانیان شەڕیش بكەن، ئەمە دیاردەیەكی ئاسایی و تەندروستە، بەڵام دیاردەیەكی ناتەندروستەو، ئەخلاقی و نەتەوەیی و نیشتمانی كوردستانی بوار بەلایەنە سیاسییەكان نادات لەناو پەرلەمانی عێراقیدا جیاوازبن و شەڕ لەسەر جیاوازییەكانیان بكەن، خۆ ئەگەر وەك یەك فراكسیۆنی پەرلەمانیش لەناو پەرلەمانی عێراقیدا یەكگرتوو نەبن، ئەوە دەبێت لەچوارچێوەی بنەما ئەخلاقیەكانی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانی كوردستان یەكگرتوو بن، لەوانەیە حزبێكی سیاسی كاتێك بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی هەموو سنوورەكانی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەكان دەبەزێنێت و بێجگە لەبەرژەوەندی كاتی ئێستای حزبەكەی هیچ شتێكی دیكە لەبەر چاو ناگرێت، بەڵام سبەی و لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردا هاووڵاتیان لەسەر سندوقی دەنگدان لەو لایەنە دەپرسنەوەو لەسەر شكاندنی ئەو پرانسیپە ئەخلاقییە نیشتمانی و نەتەوەییانە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكەن، سەبارەت بەم لایەنە گرنگە، پرۆفیسۆر كیس داردن ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان لەزانكۆی یەڵ ((Yale لە لێدوانێكی تایبەتی بۆ گۆلان و سەبارەت بەم پرسە بەم جۆرە هاتە ئاخاوتن و وتی: (هاوڕام لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندییە سیاسییە بەرتەسكەكان لەگەڵ پەرەپێدانی ئەجێندایەكی نەتەوەیی هاوبەشدا یەكناگرێتەوە. لەبەر ئەوە باشترە جەخت لەسەر ستراتیژیەتێكی دوور مەودا بكرێتەوە كە ئەویش پەروەردەكردن و گۆشكردنی خەڵكی گەنجە لەسەر ناسنامەیەكی نەتەوەیی بەهێز، بۆ ئەوەی دواتر ڕەفتاریان جیاواز بێت لە ڕەفتاری ئەو پارتە سیاسییانە. بە چەشنێك سەرەڕای بوونی جیاوازییەكان نابێت هیچ شتێك ببێتە بەدیلی بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخود سیاسەت و ڕەفتارێك بكرێت كە تەحەددا بێت بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی. ئەمەش كاتی دەوێت. هەروەها دەكرێت لەم ڕووەوە جۆرێك لە سنووورداری و كۆت و بەند لەسەر پارتە سیاسییەكان دابنرێت، بە چەشنێك هەندێ لە پارتە سیاسییەكان ڕێگەی بەشداری كردنیان پێنەدرێت، وەك ئەوەی لە ئەڵمانیادا هەیە و پارتگەلێكی سیاسی دیاری كراو لەو وڵاتەدا قەدەغەكراوە. ئەم ئێنتیمایە بە



كیس داردن بۆ گۆلان:

**سەرەڕای بوونی جیاوازییەكان نابێت هیچ شتێك ببێتە بەدیلی بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخود سیاسەت و ڕەفتارێك بكرێت كە تەحەددا بێت بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی**



گەی بن پۆرەت بۆ گوڵان:

# تاکێک هەستی نەتەوەیی نەبێت، مانای وایە DNAی نەتەوەیی و نییە و بە تاکێکی ئەو نەتەوەیە حساب ناکرێت

ڕێگا و شێوازی جیاواز پەرەی پێدەدرێت، بەڵام کاراترین و کاریگەرترین شێواز بریتییە لە پەرەپێدان لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا، مەبەستم ئەوەیە منداڵە تازەپێگەیشتووەکانی لەسەر گۆشبکرێت)).

## هەستی نەتەوەیی DNA ی جیهانی سەردەم

هەندێك هەن پێیانوایە لەگەڵ پەیدابوونی تەکنۆلۆژیا و سەرکەوتنی پرۆسەی جیهانگیری ئیدی هەستی نەتەوەیی کەمدەبێتەوە یان تاکەکانی نەتەوە هەست بەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان ناکەن، بەڵام پرۆفیسۆر گەی بن پۆرتا ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی تەلئەبیب لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەستی نەتەوەیی و ئینتمای نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی DNAی جیهانی مۆدرێنن، ئەوجا ئەگەر لە بەکارهێنانی وشەی DNA ی پرۆفسیۆر پۆرتا تێبگەین کە چۆن ئەم وشەیەی بەو چەمکە گرنگە گرێداوەتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە چۆن ئەگەر تاکێك بەرێگەی زانستی DNA دەناسرێتەوە سەر بە چ خێزانێکە، ئەوا تاکیش بە هەستی نەتەوەیی دەناسرێتەوە سەر بە چ نەتەوەیەکە، تاکێك هەستی نەتەوەیی نەبێت، مانای وایە DNAی نەتەوەیی و نییە و بە تاکێکی ئەو نەتەوەیە حساب ناکرێت، لەم چوارچێوەیەدا بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (پرسیار کردن لەسەر هەستی نەتەوەیی پرسیارێکی گەورەیە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە، کە ئەو کاتە ئەمە ڕێسای گەمەکە بوو لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان و زانستی سیاسی و لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا، کەواتە شتێکی سروشتی بوو ئەمە ببێتە ئیلهامی خەڵکی بۆ ئەوەی داوای سەروەریی نەتەوەیی بکەن. بۆ ئێستاش ئەمە بووەتە زمانی سیاسی و بووە «DNA» جیهانی مۆدێرن، بە شێوەیەك خەڵکی بە چەشنێك بیر لە خۆیان دەکەنەوە کە کەسێکی نەتەوەیین و ئینتیمایان بۆ دەوڵەتێك هەیە، بە ئومێدی ئەوەی دەوڵەت کەسایەتیەکی نەتەوەیی هەبێت. بڕوانن خەڵکی پێویستیان بە جۆرێك لە ناسنامە هەیە، لەبەر ئەوەی تێڕوانینی خەڵکی دوورترە لە تەنیا بیرکردنەوە لە خۆیان، ئەوان بۆ شتێك دەڕوانن کە یەکیان بخات و ئینتیمایان بۆی هەبێت، لێرەدا نەتەوەخوازی یەکێکە لە وەڵامە مۆدێرنەکانی ئەم پرسە، ئایا ئەمە شتێکی باشە یان خراپ ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەمە «DNA» سەدەی بیست بوو)).

لەبەشێکی دیکەی ئاخاوتنەکەی و سەبارەت بە جیاوازی لەنێوان پرۆسەی بونیادی نەتەوەو پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی نەتەوەییدا پرۆفیسۆر پۆرتا بەمجۆرە سەرنجەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (دەبێت جیاوازی لە نێوان بونیادنانی نەتەوە و بونیادنانی دەوڵەتدا بکەین، لەبەر ئەوەی بونیادنانی نەتەوە لەسەر خەونە نەتەوەییەکان بونیاد دەنرێت، کە ناکرێت ئەم دوو مەسەلەیە لێکجیابکرێنەوە. ئەوە هیچ مشتومڕێکی لەسەر نییە ئەوەیە هەر نەتەوەیەك قەوارەی خاوەنی سەروەریی خۆی دەوێت. لە هەمان کاتدا دەتوانیت پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەت هەبێت کە دەرئەنجامی هەلومەرجە کەلتووریەکان بێت نەك هەلومەرجە جوگرافیەکان، کە پێموایە ئەمە لەم سەدەیەدا ئەگەری ڕوودانی هەیە. هەر بۆیە دەکرێت پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بەشێك بێت لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و دەکرێت دژی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت بێت، بۆ نموونە ئەگەر پەرە بە دوو نەتەوەخوازی جیاواز بدرێت لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ لەناوچوونی دەوڵەتەکە و پرۆسە دیموکراتیەکەش، بەڵام ئەگەر پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت یەك





پرۆســـەبن، ئەوا پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە دەرژێتە قازانجـــی بەهێزکردنی دەوڵەتەوە. کەواتـــە دەبێت بە وریاییەوە لەم مەســـەلەیە بروانین. من ئومێد دەکەم بتوانن خواســـتە نەتەوەییەکانتـــان بە کەمتریـــن توندوتیژی بهێننەدی و هیوای داهاتویەکی دیموکراتیتان بۆ دەخوازم).

لەهەردوو حاڵەتەکەدا چ پرۆسەی بونیادی نەتەوە بێت یان پرۆســـەی بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، هەستی نەتەوەیی و ئینتمای نیشـــتمانی رۆڵێکی گرنـــگ دەگێڕێت، بەڵام لایەنێکی دیکە ســـەبارەت بەهەستی نەتەوەیـــی وەك هۆکارێك بۆ ســـەرکەوتنی پرۆســـەی دیموکراتی لە وڵاتدا، پرۆفیسۆر مەنسوری موعەدەل ئوستادی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی ئێســـتر میشـــیگان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بەشێك لە ئینتیمای نیشتمانی دیاردەیەکی سروشتیە، لەبەرئەوەی کاتێك کە خەڵك ســـۆزیان بـــۆ ناوچەیەکی دیاریکراودا هەبێت، ئەوکات بەشـــێوەیەکی سروشتی هەستیان لا دروست دەبێت لەبارەی هەســـتی خۆشەویستی و ســـۆز و ئینتیما بۆ ئەو ناوچەیە لەگەڵ خۆشەویســـتی بۆ خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکە. هەربۆیە، تەنیا بەشێوەیەکی رێژەیی دیاردەیەکی سروشتیە، بـــەڵام دینامیکییەتێکی تـــری گرنگ بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی نەتەوایەتی و هەستی نیشتمان پەروەری زیاتر پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بەشێوەیەکی گشتی، هەســـتی ئینتیما فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە پرۆســـەی بونیادنانی نەتەوە لەبەرئەوەی کۆنکریتێکی کۆمەڵایەتیە و هاووڵاتییەکان پێکـــەوە دەبەســـتێتەوە، هەروەها هەســـتی ئینتیمای نیشتمانی پێوەندیی لەگەڵ مافی بەهاووڵاتیبوون هەیە. بەواتای، دەبێت خەڵك خۆیان وەك هاووڵاتـــی عێراقی بزانن، نەك وەك شـــیعە یان وەك ســـوننە یان وەك کورد، بەڵکو پێویســـتە خۆیـــان وەك هاووڵاتیانی دەوڵەتـــی عێراق بژمێـــرن. هەربۆیە، چەند هەستی ئینتیمانی نیشتمانی بەهێزتر بێت، ئـــەوە مافی بەهاووڵاتیبـــوون ئەوەندە زیاتر دەبێـــت. لەلایەنێکی ترەوە، ئەم مەســـەلەیە پەیوەســـتە بە پـــەروەردە-ش، ئەگەر بێت و دامەزراوە پەروەردەییەکانی دەوڵەت چەمکی بەهاووڵاتیبـــوون بـــەرز ڕابگرێـــت، لەگەڵ بـــەرز ڕاگرتنی چەمکی یەکســـانی لەنێو هەموو هاووڵاتیان، ئەوکات ئەم سیاســـەتە پەروەردەییـــە پتەودەبێـــت و لەئاکامیشـــدا دەبێتە مایەی ســـەرکەوتنی بەرز ڕاگرتنی




مەنسوری موعەدەل بۆ گوڵان:

## هەستی ئینتیما جۆرە وزەیەک لە ناخی هاووڵاتیان دروست دەکات بۆ هەستکردن بە سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر بە یەکتری

مافی بەهاووڵاتیبوون، هاوکات سەرکەوتنی هەستی ئینتیمای نیشتمانی فاکتەرێکیشە بـــۆ ســـەرکەوتنی دیموکراســـی و لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی دیموکراسیدا، سەرەتا پێویستە ســـەقامگیرییەکی سیاسی بوونی هەبێت. ســـەقامگیریی سیاســـیش پێویســـتیی بە ئاســـتێکی بەهێـــز هەیە لە هەستی ئینتمای نیشـــتمانی و ناسنامەی نیشـــتمانی، لەبەرئەوەی هەســـتی ئینتیما جۆرە وزەیەك لە ناخی هاووڵاتیان دروســـت دەکات بۆ هەستکردن بە سۆز و خۆشەویستی بەرامبـــەر بە یەکتری. ئەگـــەر هات و ئەم هەستە بەرزە لەنێوان هاووڵاتییە عێراقییەکان دروست بوو، ئەوکات عێراقییەکان دەگەرێن بەدوای هۆکارەکانی پشت شێواندنی هەستی ئینتیمـــا و کاردەکەن لەپێناو دۆزینەوەی ئەو لایەنانەی کە دەســـتێوەردانی کاروبارەکانی ناوخۆیی عێـــراق دەکەن، هەروەها هەوڵدەدەن بۆ دەستنیشـــانکردنی ئەو کەسانەی کە بۆ هێزە بیانییەکان کاردەکەن. هەربۆیە، هەستی ئینتیماکردن تەنیا چەمکێکی ئاسایی نییە و کۆتایی بێت، بەڵکو بەردەوامبوونی هەیە و ئـــەو بەردەوامبوونە هێزێك بە هەســـتی نیشتمانی عێراقییەکان دەبەخشێت و چالاکییە سیاسییەکان ئاراستە دەکات بەرەو خوڵقاندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو.



# لوبنانی دەوڵەت یان



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

کۆماری لوبنـــان بە درێژایی ٢٢٥ کیلۆمەتریی بەســـەر کەنارەکانی خۆرهەڵاتی دەریای ســـپی ناوەڕاستەوە شوێنێکی جیۆگرافیایی بەهەرمێن و باشـــی ستراتیژی بۆ هەڵکەوتووە، چەندین دۆڵ و دەشتایی و زەنوێری بە پیت و بەرەکەت کەوتونەتە نێوانی بەرزاییەکانی وچیا سەرکەش و بڵندەکانی خاکەکەیەوە، لە هەندێك شوێندا کەنارەکانی دەریا بە بەرینایییەوە و لە شوێنی تریشـــدا تەســـك دەبنەوە و بەرزاییەکانیشی بەسەر کەنارەکانی دەریاکەدا دەڕوانن و لەپاڵ خەســـڵەتی بازرگانیدا خەســـڵەتی گەشتوگوزاریان بە لوبنان بەخشیوەو بوونەتە دینگەیەکی پتەو بۆ ئابووری ئـــەو وڵاتە، ئارامی وســـەقامگیری وڵاتەکەش بەستراونەتەوە بە گەشانەوەو پەرەپێدانی ئابوورییەوە ..

لە لایەکی ترەوە مێژووی هاوچەرخی لوبنان تژییە بە رووداوو گۆڕانکاری سیاسی و کارگێڕیی کە کاریگەرییەکانیان لەسەر بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی رەنگی داوەتەوە.

لە ژێر سایەی رێکەوتننامەی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦ کە تێیدا ناوچەکانـــی خۆرهەڵاتی ناوەند لە نێوان ئینگلتەرەو فەرەنسا دابەشکران، نســـیبی لوبنان لەم دابەشکردنە وابوو لە ســـاڵی ١٩٢٠ بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئینتیدابی فەرەنسییەوە تا بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆبوونی لوبنان لە ساڵی ١٩٤٣و کشانەوەی سوپاکانی بیانی لەو وڵاتەدا لە ساڵی ١٩٤٦..

لەو کاتانەوەیش کـــە لوبنانیـــەکان دامەزراندنی یەکەمین کۆماریان بینیوە واتە لە ١٩٢٦وە بۆچوون و هەســـت و بیری نەتەوەیی توندڕەو سەری هەڵدابوو داوای چوونەپاڵ سوریایان دەکرد ئەمەش بە هاندانی نەتەوەییە پەڕ گیرە ســـوورییەکانەوە، لە بەرانبەر ئەماندا نیشتمانپەروەرە دیانەکان جەختیان دەکردەوە لەســـەر سەربەخۆیی بوونی وڵاتەکەیان و رەتکردنەوەی هەموو سەرپەرشتی دەرەکی ویسایەتێك لەسەریان ..

لەژێر رۆشـــنایی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ســـاڵی،١٩٤٣ پێگەکانـــی ســـەرۆکایەتی لەســـەر بنەمـــای هۆزگەرێتی دابەشکران، مەسیحیە مارۆنیۆنیەکان سەرۆکایەتی کۆماریان پێدرا، موسڵمانانی سوونە مەزهەب سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و نســـیبی شـــیعەکانیش ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بوو .کە تێیدا مەســـیحیەکان ٪٥٩ی کورسیەکانیان هەبوو.

موسڵمانانیش ٪٤١ لەناویاندا دروززییەکان رێژەیەکی زۆری کورســـییان هەبوو، نزیکایەتی زۆریش هەبوو لە نێوان سوننەو شـــیعەکاندا، بەڵام بە تەواوبوونی شـــەڕی دووەمی جیهانی لوبنان ســـەرلە نوێ گۆڕانکاری سیاسیانەی لێ ڕوودایەوە، ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری دوورمەودای لەسەر بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشـــتووانەکەی دایەوەو لە پێشی هەموویانەوە شەپۆلی کۆچڕەوی فەلەستینیەکان بەرەو لوبنان لە کاتی بەســـەرهاتەکانی جەنگی عەرەب ئیســـرائیل کە لە ســـاڵی ١٩٤٨ روویداو دواتریش بەپێی بەیانە بڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناهەندەکان وا دەردەکەوێت ســـەد هەزار فەلەســـتینی لە دوای جەنگەکـــەوە روویان لە لوبنان کردبێت و خێوەتـــگای داڵدەدانیان بۆ هەڵدراوە و بەڵام رەگەزنامەی لوبنانییان پێنەدراون، بۆیە هەردەم جەستەیەکی نامۆبـــوون بە کۆمەڵگەی لوبنانی و پاشـــتریش ئەم کۆڕەوە ئاکامی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەسەر رێڕەوی رووداوەکانی لوبنانی ـ فەلەستینیەوە هەبووە، چەندین شەپۆلی پەناهەندەی تریـــش لە دوای جەنگـــی ١٩٦٧ روویان ناوە لـــە لوبنان و جینۆســـایدی ئەیلولی ســـاڵی ١٩٧٠لە نێـــوان ئەردەنی و فەلەســـتینیەکان ڕۆڵـــی کارتێکەری هەبـــووە بۆ گۆڕینی پێوەرە سیاســـیەکانی نێوان تیرەو هێزو هۆزەکانی ململانێی ناو لوبنان..

هەر لە نیوەی دووەمی ســـەدەی رابردووشـــەوە کە رووداوە ســـەربازی و سیاسیەکان لەژێر ســـایەی پێگەیشتنی بیری نەتەوەخـــوازی عەرەبەکانـــدا ململانێی ســـەختترو زەحمەتتر کردەوە چ لە نێوان ئەو مەســـیحیانەی داوای سەربەخۆبوونی لوبنانیـــان دەکرد چ لەناو نەتەوەخـــوازە عەرەبەکانی کە بوون و هەبوونـــی فەلەســـتینیەکانی ناو لوبنانیان دەقۆســـتنەوەو بارودۆخـــی لوبنانیشـــیان پێ گرژتر کردبووەوە بەشـــێوەیەك



# لوبنانی ئۆپۆزسیۆن

ڕێژەی مەسیحیەکان لە نزمی دەدا چەنکە زیاتر بەرەو دەرەوە کۆچڕەویان دەکرد .

بەپێی ئەو ژمارەو بەیاناتەی کەلە خوارەوە لە لیستی دووەمدا هەیە تا ساڵی ٢٠٠٧ ڕێژەکەیان ٪٣٤ دابەزیوەتە خوارەوە ئەمەش لە بەرژەوەندی شیعەکاندا بووە کە بەبەردەوامی ڕێژەیان لەچاو هۆزەکانی تردا بەرزبووەتەوە چونکە لە ساڵانی بەر لە سەربەخۆییدا ڕێژەی شیعە ٪١٧ ی کۆی دانیشتووانی لوبنانی پێك دەهێنا دواتر لە ڕووی دیمۆگرافی و سیاسییەوە ڕێژەیان گەیشتەوە بەرێژەی دانیشتووانەکانی دیکەی لوبنانی.

دانیشتووانی لوبنان بە پێی دابەشبوونی تیرەو هۆزەکان ساڵی ٢٠٠٧

| هۆز | ٪ |
|---|---|
| موارنە | ٢٢ |
| ئەرمەن و ئەوانی دیکە | ١٢ |
| سوننە | ٢٨ |
| شیعە | ٢٨ |
| دروز | ٥ |
| ئەوانی دیکە | ٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ |

ئەوەی تێبینی دەکرێت پێگەی جیۆگرافی کۆماری لوبنان بایەخی کەمتر نییە لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوە سیاسیەکان و پەرەسەندنیان چونکە کۆماری عارەبی سووری لە باکوورو خۆرهەڵاتیەوە دراوسێیەتی و ئیسرائیلیش لە باشووریەوە و لەدیوی خۆرئاواشەوە لوبنان دەڕوانێتە سەر دەریای ناوەڕاست .

دواتر بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی عیراق ـ ئێران و هەڵوێستی سووریا بەرانبەر ئەو جەنگەو هەروەها

بەهۆی داگیرکردنی باشووری لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی ١٩٨٢ و تەنانەت گەیشتنی سوپای ئیسرائیل بۆ ناو بەیرووت و دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆو ڕووداو لەساڵانی ٢٠٠٦ـ ٢٠٠٨، دواتر لە پاڵ دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٧٩ و ئینجا داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە لەولاشەوە لوبنان بوو بە مەیدانێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی وڵاتان و شوێنانی تر ..

بۆ نموونە، لە کۆنگرەی تائیف دا ڕۆڵێکی کاریگەر درایە سووریا لەسەر خاکی لوبنان، ئەمەش لە پێناوی دەرکردنی عیراق لە کوێتدا ساڵی ١٩٩٠بۆ ڕاکێشان و ڕازیکردنی سووریا تا بچێتە ناو هاوپەیمانان و کە لە بەرانبەر مەرجێك بوو ئەویش دەستی درێژ باڵا بێت بەسەر لوبنانەوە !!

ئینجا تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری ساڵی ٢٠٠٥، بەتەواوی بەرەی لە ژێر پێی سوورییەکان دەرکێشایە دەرەوەو لوبنانیەکان لە هەڵوێست وەرگرتنیاندا بوونە دوو بەش وتەوژمەوە، تەوژمی موستەقبەل کە سەعەد حەریری بەڕێوەی دەبات و بەتەوژمی ١٤ ئازار ناسراوە، تەوژمی ئۆپۆزسیۆن بە سەرۆکایەتی بزاڤی ئەمەل و حیزبوڵڵای لوبنانی و بە سەرپەرشتی و ئاڕاستەکردنی حەسەن نەسروڵلاو نەبیهە بری وێڕای ئەو قوربانیدانە زۆرەی لوبنانیەکان بەخشییان لە بەرانبەر ئیسرائیل کەچی لە دوایەمین هەڵبژاردنی لوبناندا حزبوڵڵا بە ڕێژەیەکی بەرزەوە دەرچوون و نوێنەری خۆیان کە لە نەجیب میقاتی پێکهاتبوو بۆ دامەزرانی کابینەی نوێ ڕاسپارد.

ئەم وەرچەرخانەی لە مەیدانی سیاسی لوبنانیدا ڕوویدا ڕەهەندی مەترسیداری بۆ داهاتووی وڵاتەکە هەبوو، هێزی ئۆپۆزسیۆن کە لە ٢٠١١/١/٢٧ میقاتییان بۆ پێکهێنانی کابینەکە ڕاسپاردبوو وەك نەسروڵڵاش ڕایگەیاند کە لەسەر بناغەی هاوبەشیی بوو، لەو لاشەوە تەوژمێکی ئۆپۆزسیۆنی نوێ کە لای باڵی سەعەد حەریریەوەن ئەو چارەسەرەیان ڕەت کردەوە و بەمەش ئێستا لوبنان کەوتۆتە بەردەم ئەگەری هەمەجۆرو نادیار و بەهۆی دابەشبوونی پێگە سیادیەکانی پێشووی حوکمەوە، تەوژمەکانی دەستڕۆیشتووانی جارانیش ئێستا چوونەتە ناو بازنەی ئۆپۆزسیۆنەوە!



ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

**گەنجی ئەمڕۆ بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە دەکات، بەڵام زۆر پێداویستی گرنگ هەن بۆژیانیان کەپێویستە بۆیان دابین بکرێت**



بورهان موزەفەر سکرتێری ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان:

**بەبەراورد بەکۆمەڵگاکانی دەوروبەر گەنجانی ئێمە ئازادی زیاتریان هەیە بەڵام هیواو ئاواتی گەنجانی ئێمە بەئازادی زیاترە**




تەوەرێک لەگەڵ چەند چالاکوانێکی ڕێکخراوەکانی گەنجان لە کوردستان..

# ڕەخنەو جیاوازی بیروڕا نابنە هۆی سڕینەوەی نیشتمان و دەسکەوتەکان



کۆسرەت تەها ئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کودستان:

## بە ئاڕاستەبردن و سەرلێشێواندنی گەنجان دەگەڕێتەوە بۆ حزبەکان و ئۆپۆزسیۆن لەبەر ئەوەی ناهێڵن گەنج خاوەن بڕیاری خۆی بێت



عیرفان عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

## وەک ڕێکخراوێک لە فیدراسیۆنەکە توانیومانە ٥٠٠ کورسی خوێندن لەگەڵ زانکۆی ویلیام کریستیان مۆر بکەین



له دەسـپێكی تەوەرەكەدا سـەبارەت بە فراژی بوونـی رۆحی ئینتیمای گەنج بۆ نیشـتمان و هاووڵاتی بـوون و مەدەنیەت بەرێز (عیرفان عەزیز) سـكرتێری یەكێتی قوتابیانی كوردستان وتی ((بوونی رۆحی نیشـتمانپەروەری لەناو گەنجان گەرەنتیە بـۆ پاراسـتنی دەسـتكەوتەكان، یەكێتی

**رووخۆش سەعید**



چالاكوانێكی بواری لاوان

## هەندێ كەس و لایەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان كار لەسەر تەسك كردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی دەكەن و هەموو دەسكەوتەكان لای گەنجان زەربی سفر دەكەنەوە تا بۆ كاری تێكدەرانە فریویان بدەن

قوتابیانی كوردستانیش هەردەم دەستپێشخەر بووە لە دروسـتكردنی ئەو رۆحیەتەدا، هەر كاتێك گەنـج داواكاریەكانی جێبەجێبكرێن و كەموكـوری نەبێت ئەو رۆحـە بەهێزتر دەبێت، دروسـتبوونی هەسـت و رۆحیەتی ئینتماكـردن نابەسـترێتەوە بـە ئایـن و سیاسـەت و ئایدۆلۆژیاو زانستەوە، بەڵكو ئەمـە وارسـكێكە لەگەڵ پێگەیشـتنی گەنجدا باڵا دەبێت بۆ خۆشویسـتنی خاك ونیشـتنمان و ئاڵاكەی، دواتر ئەو گەنجە بەچ رێچكە و شـێوازێك ئـەم رۆحیەتی ئینتماكردنە پێشدەخات ئازادە لەگرتنە بەری، چەسپاندنی هەستی نەتەوایەتی لەئینتمادا زۆر گرنگـە بـۆ گەنجان، گەنج لەهەموو قۆناغێكی تری تەمەنەكانی مرۆڤدا باشتر دەتوانێت دڵسـۆزبێت لە گەیاندنی پەیامی مرۆڤانەو نەتەوەییانەی بۆ پاراسـتنی ئەو دەستكەوتانەی كە بەدرێژایی مێژوو گەلی كورد وەدەستیان هێناوە)).

سەبارەت بەوەی چ فاكتەرو هۆكارێك هەن وا لە گەنجێك دەكەن هەستی نەتەوایەتی و ئینتماكردنی بۆ بەهاپیرۆزەكانی نیشتیمان لاوازبێت، لەدرێژەی دەربرینەكانی سكرتێری قوتابیانـدا بەچەند خاڵێك ئـەم حاڵەتەی دەستنیشانكرد ((گەنجانی ئێمەش هەموو ئەو كەرەسـەو ئامـرازە شارسـتانیانەیان لەبەردەستە كە لەدنیای مۆدێرندا بەكاردێت، بەڵام دەسەڵات وبەرپرسـەكان دەرگایان بۆ گەنج نەكردۆتەوە تاگوێی لێرابگرن، جگە لەمەش جیاوازی كردن هەیە لەناو گەنجاندا، رەنگە كـورە بەرپرسـێك كەقوتابیە رێزی زیاتری لێبنرێت لە خودی مامۆسـتاكانی زانكۆش، بەڵام كـورە هەژارێك فەرامۆش دەكرێـت، بـەر لە هەرشـتێك پێویسـتە لەسەر مامۆسـتاكان تەرازووی عەدالەت بەیەكسـانی و هاوسەنگی رابگرن لە كاتی مامەڵەكردنیان لەگەڵ قوتابیەكاندا، ئینجا زانكۆو دامودەزگاكانی هاوشـێوەی ئەویش بەهەمـان چـاوی یەكسـانەوە وەك یەك تەماشای هەمووگەنجان بكەن.

ئینجا سەبارەت بە ماندووبوونی گەنجێك كەتەمەنێكـی زۆر لەخوێنـدن و فێربووندا دەباتـە سـەر چـۆن بتوانێـت بەرهەمی ماندووبوونەكەی بچنێتەوە لەمبارەیەوە بەرێز (عیرفـان عەزیز) وتی ((بـێ هیواییەك لەكاتی تەواوكردنی قۆناغی خوێندندا لەلای گەنجـان هەیە **كاتێـك گەنجێك ئامادەیی تەواو دەكات لەولاوە وەزارەتی خوێندنی باڵا كتوپڕ بڕیارێك دەردەچوێنێت بۆ دیاریكردنی نمرەی دەرچـوون وەك مەرجێك بۆ وەرگرتن لەكولێژەكاندا بەمـەش هەندێك لەگەنجان وەرناگیرێن**، پێویستە لەسەر حكومەت پلان و پرۆسیسی ساڵانەی هەبێت بۆ دامەزراندن، گەر گلەیی بكرێت لەحكومەت گلەیی لەبێ بەرنامەیی دەكرێت نەك لەوەی گەنجەكەی بۆچی دانەمەزرانـدووە، بۆنموونە وەزارەتی كارو كاروبـاری كۆمەڵایەتـی پێویسـتە بەرنامەیەك جێبەجێبكات بۆئەو گەنجانەی كەلەكەرتی گشتی دەرفەتی دامەزراندنیان نادرێتـێ تاهاوكاری و كارئاسـانییان بۆ بكات لەكەرتی تایبەتـدا دابمەزرێن، ئێمە وەك یەكێتـی قوتابیـان پلانێكمـان داناوە تاگەنجانی دەرچووی پەیمانگاو زانكۆكان لەكەرتی تایبەتدا بەكار بخەین، سـەرەتای مانگی چوار ئەنجامی ئامارەكە تەواو دەبێت و ئەزموونیشـمان لەسـەركردووە لەپێناوی ئەوەی گەنجان لەنائومێدی دووربخەینەوە، خۆی پێویستە چەند سـەنتەرێك پێوەندی بەكۆمپانیاكان و كەرتی گشتیشـەوە بكەن تا پێداویستی خۆیان بۆ دەستی كاربزانرێت، ئێمە وەك ئەزموونێكی سەرەتایی بەم شێوەیە توانیومانە (٣٦٠) گەنج لەكەرتی تایبەتدا دابمەزرێنین، پرۆژەشمان هەیە بۆ وەزارەتی كاروكاروبـاری كۆمەڵایەتـی تاخزمەتی وەزیفیی لەكەرتی تایبەتدا بە راژەی خزمەتی كەرتی گشتی یەكسـان بكرێت، پێویستە سـەنتەر و ناوەندەكانی رۆشنبیری كاربكەن لەسەر هوشیاركردنەوەی توێژی گەنجان تا پرۆژەیان هەبێت بۆئەكتیڤكردنی دامودەزگا مەدەنیـەكان تا خەڵكانی نابەرپرس و خاوەن ئەجندەو مەرامی شەخسـی، بەپێچەوانەی ئەركـە نیشـتمانی و بەهـا بەرزەكانـی مەدەنیەتـەوە گەنجانـە ئاراسـتە نەكەن، رۆڵی سەنتەر و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنییـە گەنجـان فێـری كەلتـووری بونیادنان بكەن نەك گرتنەبەری كەلتووری رووخان، هەر بـۆ ئەم پەتای نائومێد بوونە گلەیی ئاراسـتەی پارتە سیاسیەكان دەكەم بەحوكمـڕان و ئۆپۆزسـیۆنەوە كە دەرگا لەگەنجان ناكەنەوە تا خاوەن بڕیارو كەسێتی سـەربەخۆی خۆیان بن، بۆنموونە زۆربەی گەنجان كەسـایەتیەكی وەك كاك نیچیرڤان بارزانییان خۆشدەوێت بەڵام بەرێزی هەردەم دەرگای لەئاسـت گەنجدا داخراوە لەوبەرەو خواریش بەهەمان شـێوە، پێویسـتە لەسەر پارتە دەسەڵاتدارەكان بەهاوكاری ناوەندەكانی توێژینەوە پلان دابنێن بۆ حكومەت تا چۆن گەنجان لەبێـزاری و نائومێـدی رزگار بكەن هـاوكات دەبێـت بەرپرسـانی باڵا گوێ لە هەسـتیارترین توێژی كۆمەڵگا بگـرن مەعقوڵ نییە چـوارده رێكخراوی ناوفیدراسیۆنی قوتابیان كە(٩٥٪) قوتابیان ئەندامـن تێیدا بۆ چارسـەری گرفتێكی گەنجـان چووینەلای وەزیـری خوێندنی باڵا تەنیـا (١٠) دەقیقەی بۆگوێگرتن بۆ تەرخانكردین، لەكاتێكدا ئێمە وەك رێكخراوێك لە فیدراسیۆنەكە توانیومانە ٥٠٠ كورسی خوێندن لەگەڵ سـتیڤن هیگنز سەرۆكی زانكـۆی ویلیام كریسـتیان مۆر بكەین و زەماڵەی دیكەش لە دەرەوەی كوردستان بۆ

قوتابیان و کەســـوکاری شەهیدان وەربگرین لـــەوەشدا جیاوازی کەسمان نەکردووە.

ئێمـــە وەکـــو پردێـــك لـــــــــە نێوانی دەســـەڵات و قوتابیانـــدا ڕەنگە لە( ٨٠٪) داواکاری قوتابیانمـــان دابینکردبێت بەڵام هەندێـــك داواش هـــەن وەڵام نەدراونەتەوە، گەورەترین نائومێدیش کاتێك دروست دەبێت بۆ گەنجان کـــــــــە دەستکەوتی ئەزموونێك تێکبدرێت کە ئەو ئەزموونە بە ماندووبوون و خوێنی باوکانیان دروستکرابێت.

ســـەبارەت بەئاراســـتەکانی بیرکردنەوە لای گەنجانی کورد بـــۆ ئەمرۆی دنیای مۆدێرن بە پێشـــکەوتنی ئامرازە تەکنیکی و گەیەنەرەکان بەرێز (ڕووخۆش ســـەعید) کارگێـــری ســـکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وتی لەکۆمەڵگایەکی موحافزکاردا کە کەلتوور هەندێك بەربەستی بۆ ئازادی ڕەهـــا داناوە مەحاڵە گەنجێکی کوردســـتان بتوانێت وەك گەنجێکی ئەورویا بیربکاتـــەوە، بـــەڵام گـــەر بیرکردنەوەی گەنجانـــی دوای ڕاپەرین بـــەراورد بکرێن بەگەنجانی پێـــش ڕاپەریـــن جیاوازیەکی زۆر هەیە بەتایبەت گەنج ئێســـتا ئازادانە بەدەنگی بـــەرزەوە بیردەکاتەوە بەپێچەوانەی جارانەوە، ئەرکـــی ڕێکخراوەکانی گەنجانە کە بەهوشـــیارانە ئەو بەربەســـتانە قســـەو باسیان لەبارەوە بکات بۆنموونە دەکرێ ئێمە ڕۆژێکـــی تایبەت بەخۆشەویســـتی بەپێی کەلتوری خۆمان دیاری بکەین و جیاوازبێت لـــەرۆژی ڤالانتاین، بۆهەموو پرســـەکانی تریش پێویســـتە بەرنامـــە و پلانێك لەلایەن حکومـــەت و پەرلەمانەوە دابنرێت تا بەپێی واقیعی کۆمەڵگای خۆمان بیرو هوشیاری گەنجان دەســـتەبەر بکرێت، زۆر دەست هەن لەو وەزعەی ئێســـتادا بۆمەرامی شەخسی خۆیان دەیانەوێت گەنجان بەرەو هەڵدێر بەرن ئەگینا گەنجان ئینتیمایان بۆ نیشتمانەکەیان بەهێـــزە، هەندێ کەس و لایەن کار لەســـەر تەســـك کردنەوەی ئەو ئینتیمایە دەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هەموو دەســـکەوتەکان زەربی سفر دەکەنەوە لای گەنجان تا فریویان بدەن بۆ کاری تێکدەرانە))

هەرســـەبارەت بەبایەخ و گرنگی پێگەی گەنجان لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا بەرێز (ئومێد خۆشناو) سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان بۆمانـــی ڕاگەیاند (هەرکاتێـــك باس لەکاریگـــەری توێژێکی ئەکتیڤـــی ناوکۆمەڵـــگا دەکرێـــت یەکێك لەجوانیەکانـــی گەنجان ئەوەیـــە گەنجان ڕۆحێکـــی نوێگەرانـــەو بیرکردنەوەیەکـــی یاخیگەرانەیـــان هەیـــە، لـــەو کاتانـــەی کەبارودۆخی کوردســـتان پێوستی بەگەنج بـــووە بەشـــێکی زۆری گەنجـــان ژیانیان لەپێشمەرگەیاتیدا بەســـەر بردووە، هەندێك کەناڵ و لایەنی سیاســـی کە باس لە یاخی بوونی گەنجان دەکەن بەرامبەر دەســـەڵات وەکوو ڕێکخراو پێمان وانییە ئەوانەی وەسفی گەنج دەکەن وەك توێژێکی تووڕە لەهەوڵی باشـــکردنی بژێوی و باشـــکردنی ژیانی گەنجاندا دڵسۆزبن ئەوەشمان پێ مەنتیقی نییـــە کەلایەنی تـــر هەن دەڵێـــن گەنجان موعاناتیان نییە، لایەنە لۆژیکیەکەی بەڵێ گەنجی ئەمرۆی کوردســـتان بەدرك کردن لەگەڵ واقیعەکەدا بەرپرســـیارانە مامەڵە دەکات، بـــەڵام زۆر پێداویســـتی گرنگ هـــەن بۆژیانیان کەپێویســـتە دابین بکرێت، ئەوانیـــش پێیان وایـــە کەلەرابردوودا کاری باشـــکراون بەڵام بۆ ئایندە ئومێدو هیوای زیاتریان هەیە، واتـــە بیرکردنەوەی گەنجان ئاوێتە بوونە لەگـــەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەناوچەکـــەدا هـــەن وتەکنەلۆژیـــاش کاریگـــەری لەســـەر فکـــری گەنج هەیە بەتایبـــەت بەدیتنـــی کۆمەڵگاکانی دیکە کە گۆڕانکاری لەکایـــەی کۆمەڵگاکاندا ڕوودەدەن، کـــە ئەمیـــش ئومێـــد دەکات داخوازییەکانی جێبەجێ بن )).

سەبارەت بە کارتێکردنی بیر و فکرو لایەنی هەمە چەشنە لەسەر ئاراستەکردنی گەنجان بـــۆ مەرام و کاری تایبەت بە کەســـانێکی ناو دنیای سیاســـەت و ڕۆشـــنبیری بەرێز (کۆســـرەت تەها) ئەندامی ســـکرتاریەتی کۆمەڵـــەی خوێندکارانی کوردســـتان وتی ((لەوە دەچێت تا ئێستا دەزگای دیاریکراوی زانستی نەبێت تا چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتـــەوە، بۆیە ئەرکی چارەســـەرکردنی دەکەوێتـــەوە ســـەر گەنجـــەکان خۆیان کە هوشـــیار بکرێنەوە لەســـەر ئەو پرۆســـەی دیموکراتیـــەت و ئازادییەی کە ئێســـتا لە هەرێمی کوردستان بەرقەرارە تا ئەو فەزایەی بۆ سەرلێشێوانی گەنجان بەبابەت و قسەی عاتیفی و بێ جێی زانســـتی سیخناخ بووە خاو بکرێتەوە و گەنجان لە کەشـــی ئارام و دیموکراتیدا بتوانن واقیعیانە بیر لە ئاوات و بەرژەوەندیەکانی خۆیان و هاووڵاتیان بکەنەوە، هۆکاری ســـەرەکی ئەو بە ئاراســـتەبردن و سەرلێشـــێواندنەی گەنجان بـــۆ حزبەکان و ئۆپۆزســـیۆن دەگەڕێتەوە کە گەنجان تێیدا خاوەنـــی بڕیار نین لـــە دیاریکردنی ماف و داخـــوازی و ئومێدەکانیان بۆیە یاســـا و پرەنسیپەکان ڕەنگدانەوەی تمووحاتی گەنجان نین، ڕاســـتە لە هەندێ ناوەندی سیاسی و پەرلەمانیدا کۆمەڵێك گەنج چوونەتە پێشەوە کە ڕەنگە ڕێژەی بەرچاو نەبێت بەڵام ئەمە

خەلیل ئیبراهیم عەبدولرەحمان



سکرتێری ڕێکخراوی لاوانی ڕۆشنبیری تورکمان:

## حەق وا نییە لەهەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بریقەدار بەگەنجان بدرێت، چونکە دواتر ڕێژەیەکی کەمی ئەم بەڵێنانە جێبەجێ دەبن و نائومێدی لەلای گەنجان بەجێدەهێڵن بۆیە متمانە بەحکومەت و دەسەڵات کەمدەبێتەوە

هەنگاوێکە بۆ ئـــەوەی بتوانرێت کۆمەڵێك بڕیارو یاســـاو حوکمی گەنجانـــە بخرێتە پرۆگرام و بەرنامەکانی کارو خزمەتگوزاری ئەم نیشتمانەوە تا گەنجانیش وەك توێژێکی بـــە ئەکتیڤ و کاریگەری ئەم کۆمەڵگەیە کارتێکەر بێت بۆ پێشکەوتن نەك کارتێکراو بێت بۆ تێکدان و وێرانکردن..))

ســـەبارەت بـــە جێبەجێکردنـــی حەزو ئارەزووەکانـــی گەنجان بەپێـــی هەلومەرج و مەنتیقـــی ئەمـــرۆی کوردســـتان بەرێز (ئومێد خۆشناو)سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وتی ((لەدنیادا هیچ وڵات و حوکمڕانێك شك نابەین کەبتوانێت



هەموو هیواو حەزوو ئارەزووەکانی گەنجان تێربکات، لەهەموو کۆمەڵگایەکدا گەنج گرفتی خۆیان هەیە چونکە رۆحی یاخیگەرانەی هەیەو هەروەها بیرکردنەوەی ئایدیالی و ستاتیکای شەفافانەی ئەو بۆ دنیا تموحاتی زیاتر دەکات، ئەگەر ئاستێکی باشی داخوازییەکانیان جێبەجێبکرێن ئەوان بۆ ئاستێکی بەرزتر دەڕوانن، بۆیە پێویستە لەسەر دەسەڵات توانایەکی باش بخاتەگەڕ تاهاوکاری گەنجان بکاو سوود لەوزەو داهێنانیان بۆ بەرژەوەندی گشتی وەربگرێت، ئەمەش بەشێوەیەك دەکرێت کە ئەو توانایانە لەچوارچێوەی دیموکراسیەت و ئازادی و کاری رێکخراوەیی کۆبکرێنەوە بۆ نموونە کاتێك دەوترێت گەنجان پرۆژەیان نییە ئەمە راست نییە چونکە بوونی رێکخراوەکان بۆ خۆیان پرۆژەن

گەنج بۆ خۆی پرۆژەیە ناکرێت چاوەڕێ لەهەموو گەنجێك بکەیت پرۆپۆزەڵی پرۆژە پێشکەش بکات، بیست ساڵ لەمەوبەر **رێژەی بێکاری لەناو گەنجانی کوردستاندا بەپێی هەموو داتاو ئامارەکان گەیشتبووە سەدا هەشتا، بەڵام بەپێی داتاو جارنامەکانی مافی مرۆڤ رێژەی بێکاری لە کوردستان کەمی کردۆتەوە بۆ سەدا بیست،** بەپێی ئەو کرانەوەیەی کە لە هەموو سێکتەرەکانی ژیان هەیە گەنجان تەماشای باشبوونی وەزعی کوردستان دەکەن، دەبینن گەنجانی وڵاتانی بێگانە دێنە ئێرە و فرسەتی کاریان پێدەدرێت ئیتر ئەوە لێك ناداتەوە ئەو کارە زەحمەتانەی گەنجی وڵاتێکی تر لێرە دەیکات بەدەگمەن گەنجی خۆمان دەیکەن، بۆیە پێویستە حکومەت سیستمێکی هەبێت بۆ رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ گەنجانی بێکار لە کوردستان..) دواتر لەبارەی بەشداریکردنی گەنجان لەبڕیارو تۆکمەبوونی پێگەیان لەدەسەڵاتدا وتی: لە وتەیەکیدا جەنابی سەرۆك بارزانی بە نموونە دەهێنمەوە کە لە دانیشتنێکیدا بەرامبەر گەنجان پێی وتین((نابێت چیدیکە گەنج لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵات بمێنێتەوە)) واتە درك کردنێك هەیە کەگەنجان لەدەرەوەی ئەو بازنەیەن کەسەرۆك دەڵێت((نابێت ئەوە قبوڵ بکرێت)) واتە گەنجان بخرێنەوە ناوبازنەی دەسەڵات، هەرحزبێك پۆستەکانی خۆی بۆ کەسە بەتەمەنەکان قۆرخبکات ئەو حیزبە بێشڤەچوون بەخۆیەوە نابینێت بۆیە پێویستە گەنجان لەکایە سیاسیەکاندا بواریان بۆ بڕەخسێت، دەبێت دامەزراوە شەرعی و یاساییەکان درك بەوەبکەن کە بواری زیاتر بۆگەنجان بڕەخسێنن، شەرعیەت تەنیا بۆئەوانە قۆرخ ناکرێت کەدوێنێ لەشۆڕشدا بەشدارییان کردبێت و ئەمڕۆ بەردەوام پۆستەکان قۆرخبکەن بۆ خۆیان پێویستە نەوەی ئەمڕۆ بەحورمەتەوە سەیری نەوەی دوێنێ بکات و نەوەی دوێنێش بەحورمەتەوە بوارو دەرفەت بۆ دەرخستن و هاتنەسەرکاری نەوەی ئەمڕۆ بکات، ئێستا گەرچی پێکهاتەو کەسانێك دروستبوون هەموو توانای خۆیان خستۆتەگەڕ تا ئەو وزە و توانایەی یاخیگەرانەی گەنجان بۆ مەرامەکانی خۆیان قۆرخ بکەن و لەگەڵ سۆزوئیحساسی گەنج کاردەکەن تا بیوروژێنن، بەئاقارێکی وادا گەنجان بەرن خاکونیشتیمان وبەها جوانەکانی کۆمەڵگای خۆیان خۆشنەوێت، بەڵام توێژێکی بەرفراوانی گەنجان درك بەم پیلانە تێکدەرانەی هەندێك لایەنی سیاسی دەکەن کەدەیانەوێت سایکۆلۆژیانە گەنجان تەفرەبدەن.

بۆیە ئێستا ئەو لایەنە سیاسیانەی گەمە بەهەست و سۆزی گەنجان دەکەن پێویستە باش بزانن سەردەمی دروشمبازی و



موجامەلەکردنی خیتابیانە کۆتایی پێهاتووە زەمەن زەمەنی کردارە پێویستە بەواقعیی مافی گەنجان بچەسپێنرێت ، کردارو بەڵگەی مەلمووسی دەوێت تا پێی بووترێت ئەم کارانەت بۆکراوەو هی تریشت بۆدەکرێت تۆش ئەو وزەیەت هەیەو پێویستە هەست بەبەرپرسیارێتی بکەیت.))

دواتر بۆ خستنەرووی تێڕوانینی گەنجان لەسەر واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بەڕێز (بورهان موزەفەر) سکرتێری ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان وتی ((ئێستا حزبەکانی کوردستان شانازی دەکەن بە رابردووی پڕلە خەباتی خۆیانەوە راستە ئەو رابردووە گرنگە بەڵام ئەمڕۆ گەنجان بیر لەوە دەکەنەوە چی بۆ کراوەو دەکرێت، بیر لە ئازادی و خۆشگوزەرانی و چوونە پێشەوەی خۆی دەکاتەوە کە چۆن لە دەسەڵاتدا خۆی ببینێتەوە کە مافێکی رەوان و گەنجانی پێش ئەمانیش کە ئێستا پیر بوون هەمان روانینیان هەبووە بەڵام ئایا کەلتووری کۆمەڵگە لەو بارودۆخە سیاسیەی ئێستادا چەند گەنجیان قبووڵ کردووە، گەنجی ئێمە لەم وڵاتانەدا متمانەی پێناکرێ و مەحرومە لەدەسەڵات بۆیە هەندێکجار دەبیستین بیر لەدامەزراندنی پەرلەمانی گەنجان دەکرێتەوە ئەمەم پێباش نییە باشتر وایە پەرلەمان ئەکتیڤ و بەهێز بکرێت تا تێبکۆشێت بۆوەدیهێنانی ئومێدەکانی گەنجان پێویستە تێبکۆشین لەپێناوی وەدیهێنانی داواکارییەکانی گەنجان چ داوای سیاسی یان داوای خزمەتگوزاری هەروەها داوای ئازادی ئەگەرچی بەبەراورد بەکۆمەڵگاکانی دەوروبەر گەنجانی ئێمە ئازادی زیاتریان هەیە بەڵام هیواو ئاواتیان بەئازادی زیاترە، ئازادی مەکرەمەیەك نییە حکومەت بەگەنجی بدات، ئازادی پێویستە وەربگیرێت) سەبارەت بەهاندانی گەنجان بۆ هێرشکردنە سەردامودەزگا مەدەنیەکان و ناوەندەکانی حزب و ڕێکخراوەکان بەڕێز بورهان موزەفەر وتی (بەشێك لەداوکارییەکانی گەنجان رەوان بەڵام وەك پێم وتن پێویستە بەشێوازی مەدەنیانە رێکبخرێن ئێمەهەست دەکەین گەنج مەحرومیەتی پێوەدیارە پێویستی بەئازادی زیاتر هەیە. پێویستە دەسەڵات لەدەمی گەنجان خۆیانەوە داواکارییەکان ببیستێت رەنگەبەشێکی داواکانیان لەقۆناغی ئێستادا جێبەجێ نەبێت، پێویستمان بەوە هەیە لەیەکتری نەترسین و شەفافانە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەین.

ئەمڕۆ پێویستمان بەوەیە دەسەڵات زیاتر لەگەنج نزیك ببێتەوە،لەم خۆپیشاندنانەی ئەم دواییەی قوتابیاندا کەدژی ئەم سیستەمە تازەیەی خوێندن ئەنجام دەدرا بەشێکی زۆری لەلێك تێنەگەیشتن بوو، دەسەڵات نەیتوانیوە ئەو گۆڕانکاریانەی کردویەتی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بیگەیەنێت بە قوتابیان، پێویستە ئەم ئازادی ودیموکراسیەتەی کەلەهەرێمی کوردستاندا هەیە پیبارێزین، یەکەم لەرێگەی پاراستنی ئەم ئازادی و رەوشە ئارامییەی کەهەیە، دووەمیش پێویستە گەشەی پێبدەین وئازادییەکان زیاتر بکەین ، ئێستا هەموان بە گەنجان و دەسەڵاتیشەوە پێیان وایە گەندەڵی هەبێت، ئەنیشتاین دەڵێت ئەوەی بەرهەمهێنەری قەیرانێکە ناتوانێت خۆی چارەسەری بکات، خۆشبەختانە ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێم داوا لە حزب و لایەنەکان دەکات نەخشەی ڕێگەی خۆیان بخەنە ڕوو تا بنەبڕی گەندەڵی بکرێت، ئەمە هەنگاوی باشە پێویستە زیاتر هانبدرێت، گەرچی کات وشوێنی بەیاننامەکەی گۆڕانیش هەڵەی تیادایەو جۆرێك زبری لەزمانەکەیدا

## کلدو رەمزی هورمز



سکرتێری یەکێتی قوتابیان ولاوانی کلدۆ ئاشوور.

# ئەرکی ئێمەیە ئەو کەلێنەی نێوان حکومەت و گەنجان ئەگەر هەبێت کەمی بکەینەوە پێشتریش حکومەتی هەرێم هەر لەدارشتنی دەستوورەوە نەخشەی رێگایەکی هەبوو بۆ چارەکردنی گرفتەکانی گەنجان

هەیە، داواکاری چاکسازی لەناو کۆمەڵگاو ناوەندەکانی حزب وحکومەتدا داوای رەوان، بەڵام داواکردن بۆهەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا شەرعییەکان شتێکی نارەوایە، چۆن داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتێك دەکەیت لەکاتێکدا پەرلەمان دەنگی بۆداوەو خۆتیش بەشێکی لەو دەنگ بۆدانە، ئێمە وەك رێکخراوەکەمان پێمان باشە دامودەزگا شەرعییەکان بپارێزرێن و دواتر چاکسازییان بۆبکرێت بەپێی ئومێد و ئاواتەکانی گەنجان)).

سەبارەت بە کاری دەستەجەمعیانەی فیدراسیۆن و دروستبوونی کۆبریار لای رێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان کاریگەری دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەت و هەروەها کاریگەربوونی بەسەر دەسەڵاتی پارتەسیاسیەکان و ئۆپۆزۆسیۆنەوە سکرتیری رێکخراوی گەشەپێدان وتی ((باش نییە فیدراسیۆن لەنێوان یەکێتی قوتابییان و کۆمەڵەی خوێندکاراندا قەتیس بێت، هەردوو لایەنەکەی دەسەڵات کاتێك لە فیدراسیۆنەکاندا پاوانخواز دەبن بوار بەلایەنەکانی ترنادەن ئەمە بێ ئومێدی لای هەندێك لەگەنجان دروست دەکات، داواکانمان هەموو یەکێکە بۆنموونە ئێمە سێ خاڵمان داواکردبوو تا لەکۆنفرانسی پەروەردە جێبەجێبکرێن لە دوای رەزامەندی فیدراسیۆن هەرسێکیان جێبەجێکران باشتر وایە داواکاری گەنجان لەسەرشەقام بەشێوازی دیموکراتیانەو هێمنانە بگەیەنینە دەسەڵات، پێویستە ئێمە تەبەنی بکەین تا رێگە لەخەڵکی تر بگرین تا گێرەشێوێنی نەکەن.

من پێم خۆشبوو کەسەرۆکی هەرێم لەگەڵ رێکخراوەکانی فیدراسیۆن بەوپەری ئازادی و شەفافیەتەوە دانیشت و گوێبیستی داوا رەواکانی گەنجان بوو چونکە باش لەوە تێگەیوە کەکۆمەڵگەی ئێمە زۆرینەیان گەنجەو تموحی گەنجان لە تموحی خەڵکانی تر زۆرترە، گەنجان پێویستیان بەرووکردنە یەکتر هەیە بۆگفتوگۆ نەك گەنج هەربەدەسەڵات بڵێ گەندەڵ و دەسەڵاتیش دووراودوور بڵێ دەستی دەرەکی هانی داوە، لێرەدا دانووستاندن واتای جێبەجێکردنی هەندێك لەخاڵەکان و تەنازوولکردن لەهەندێکی تری بۆ قۆناغی دواتر گەنجانێك کەنەزانن بەدیالۆگ گوزارشت لەداواکانی خۆیان بکەن هەوڵدەدەن بەشێوازی تر گوزارشتی لێبکەن، باشتریش وایە کەناڵەکانی دەسەڵات راستەوخۆ لەگەڵ رێکخراوەکانی گەنجاندا کۆنتاکتێکیان هەبێت نەك بەو شێوەیەی ئێستا کەمن بچم داوای هاوکاری لەسەرۆکی حکومەت بکەم ئەویش پێم بڵێت هاوکاریەکانتم لەرێگەی حزبەکەتەوە بۆناردوویت، حکومەت بەم شێوەیە سەرچاوەی داراییمانی خستۆتە دەستی حزبەکانەوە)).

دواتر بەرێز ((کلود و رەمزی هورمز)) سکرتێری یەکێتی قوتابییان ولاوانی کلدۆ ئاشوور سەبارەت بە بیرو بۆچوونی لاوان بۆ شەفافیەت و بەرچاو روونی لەناو بەرنامەکانی حکومەت و تێگەیشتنیان بۆ کۆمەڵگا وتی داواکاریەکانی گەنجان لەم قۆناغەدا لەچاو قۆناغەکانی سەرەتای دامەزراندنی رێکخراوی گەنجان جیاوازی زۆریان هەیە ئەمرۆکە رژێمی دیکتاتۆری نەماوە گەنجان ئاوات دەخوازن لەدروستکردنی بریاردا هاوبەشی بکەن، هەوڵدراوەو دەدرێت بەرۆحیەتی پێکەوەژیانەوە هەنگاو بنێن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی بەدامودەزگاییکراوو توێژی گەنجان توێژێکی هەستەوەرن داواکارییان زۆرە حەزرەتی پاپا دەڵێت ((دینگەی میللەتن)) ئەرکی ئێمەیە ئەو کەلێنەی نێوان حکومەت و گەنجان ئەگەر هەبێت کەمی بکەینەوە پێشتریش حکومەتی هەرێم هەر لەدارشتنی دەستوورەوە نەخشەی رێگایەکی هەبوو بۆ چارەکردنی گرفتەکانی گەنجان، گرفتی گەنجانی شارەکان جیاوازە لە گرفتی گەنجانی گوندوو قەزاو ناحیەکان، کردنەوەی تواناسازی لاوان لە کەرتی تایبەتدا بۆ بەدەرخستنی تواناکانی گەنجان کارێکی پێویستن بۆنموونە ئێمە داوامانکردووە گەنجان لەتەمەنی بیستوپێنج ساڵەوە ببنە ئەندامی پەرلەمان بەڵام تا ئێستا وەزیرێکمان نەبینیوە تەمەنی لەخوار سی ساڵەوە بێت، کەمتەرخەمی لەخودی رێکخراوی لاوانیشەوەیە کە بەجیدی کاریان بۆ داواکانی گەنجان نەکردووە، گەنج نەبێتە قوربانی هەندێك گرێی دەروونی کەلە کۆنەوە لای هەندێك کەسانی دەسەڵاتدار لە چیاوە ماوەتەوە بۆ ئێستای ناو شارەکان)).

سەبارەت بە کرانەوەی بیرو هۆشمەندی گەنجان لە دنیای جیهانگیری و پێشکەوتوویی کەناڵەکانی ئیلکترۆنی و گەیاندن بەرێز (خەلیل ئیبراهیم عەبدولرەحمان) سکرتێری رێکخراوی لاوانی رۆشنبیری تورکمان وتی (( ئێستا بەحوکمی ئەو ئازادیەی کەلە کوردستاندا هەیە ئاسۆکانی هوشیاری گەنجان کراونەتەوە، زۆربەی کۆتوبەندەکانی جاران تێکشکاون شۆرشی زانیاری کەلەجیهاندا تەشەنەی سەندووە پریشکەکانی بەرکوردستانیش کەوتووە، گرفتەکە لەوەدایە بەهۆی رەوشی نالەباری عێراقەوە کەکاریگەری گەورەی لەسەرباری ئابووری کوردستانیش هەیە گەنجان لەبازنەیەکدا دەخولێنەوە و باری بژێوییان باش نییە لە سەدا شەست وپێنجی کۆمەڵگای کوردستان لەگەنجان پێکهاتووە، دوانزە هەزار گەنج فرسەتی وەرگرتنیان لەزانکۆو پەیمانگاکان بۆ نەرەخساوە، حەق نییە لەهەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بریقەدار بەگەنجان بدرێت چونکە دواتر رێژەیەکی کەمی ئەم بەڵێنانە جێبەجێ دەبن و نائومێدی لەلای گەنجان بەجێدەهێڵن و متمانە بەحکومەت و دەسەڵات کەمدەبێتەوە، گەنجی تورکمان بەگشتی لەلایەن حکومەت و بەتایبەتیش لەلایەن

خودی حزبە تورکمانیەکانەوە پشتگوێخراون، ئەو دەرفەتەی لەم دەساڵەی دواییدا لەناو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەلایەنە تورکمانیەکان دراوە بۆهاوبەشیکردن لەحومکڕانیدا لەهیچ پۆستێکدا گەنجێکی تورکمانی تیادا نابینیتەوە، باشە ئەمە پرسیارە نەتەوەی دووەم نەیتوانیوە گەنجێك بۆ پۆستێکی حوکمرانی پێ بگەیەنێت تا نوێنەرایەتی توێژی گەنجان بکات ؟؟ ئەوەتا جەنابی سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێدەدات کەدەڵێت ((لەناو خاکی ئێمەدا ناعەدالەتی هەیە پێویستە چارەسەربکرێت)) ئێمە پێویستمان بەکۆمەڵێك پسپۆڕوشارەزا هەیەلەبواری ئەرك وما فەکانی گەنجان تائەو ناعەدالەتیە کەمبکەینەوە لەسەر گەنجان، گەنج وەکو سیبەکانی سەرسنگی کۆمەڵگا وەهایە ناتوانرێت رێ لەئازادیەکانی بگیرێت چونکە تۆ ناتوانیت رێگە لەهەناسەدان بگریت.

سەبارەت بەوەی گەنجی ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردستاندا چەندە بەهاوتای پیاوان کێشەو گرفتەکانیان تەماشادەکرێت بەرێز ((عیشان عەلی حەمەد ئەمین)) وتی (( بۆ ڕاگرتنی باڵانسی یەکسانی لە نێوان کورو کیژانی گەنجدا پێویستە کۆمەڵگا هۆشیارو بیرتەندروست بێت تاکو ئەم باڵانسە قبوڵبکات، دواتر هەرسێ دەسەڵاتەکەی بەڕێوەبردن، یاسای تایبەت بەنەهێشتنی ئەو جیاوازیانە دەربکەن لەوانەش گرنگتر ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمە بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکی لەنەهێشتنی جیاوازیدا، ئەگەر جیاوازی فسیۆلۆژی هەبێت سەرەنجام لەدەستەبەرکردنی مافەکاندا هیچ جیاکاری نابینم وای دەبینم ئاینی ئیسلامیش پرۆگرامێك بێت بۆ ژیان واتە دەستەبەری تەواوی مافی ئافرەت دەکات بۆیە پێویستە ئافرەتان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و رێگەنەدەن بە کەسانێك لەبری ئەوان بیربکەنەوە)

سەبارەت بەوەی چۆن فریای ئەو گەنجانە بکەوین کە لەلایەن گرووپ و لایەنی توندڕەوو تێکدەرەوە فریوو نەدرێن بۆ کاری توندوتیژی و بە ڕق و بوغزەو موتوربە نەکرێن (ڕێبوارحەمید) سکرتێری ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان وتی

((لە ڕێگەی چالاککردنی سەنتەرو دامەزراوە ڕێنمونیکارەکان و ئەو دامەزراوانەی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە بنیاتنان و دروستکردن و ئاراستەکردنی تاك و کۆمەڵگە، ئەوانە شێوازی ئەو پەیامە دەکێشن ، ئەوانەی بەم ڕۆڵە هەڵدەستن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بریتین لە (خێزان، قوتابخانە، پەیمانگا، زانکۆ، مزگەوت، میدیا، دەسەلات) ئەمانە باوەش و سەنتەری ئاراستەکردنی دروستبوونی عەقڵیەت و کەسایەتیەکانن ، چونکە هەر کەموکوڕییەك لە ڕێکخستنی کارەکانی ئەم دەزگایانە دەبێتە هۆی نەمانی متمانە بەیەکێك یان بە هەموویان ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت لە تێکدانی نەخشەی کۆتایی و بەدیهێنانی ئامانج، یان دەبێتە هۆی دووکەرت بوون و لاسەنگ بوون لە نێوان ئەو دامەزراوانەدا، هەردوو ڕێڕەوەکەش دەبنە هۆی زیادبوونی تەمومژی ئەم ئامانجەو تەنانەت لەناوچوونیشی.

بەبڕوای من ئەم دامەزراوانە لای ئێمە هیچ پێوەندییەك لە نێوانیاندا نییە جگە لەوەی هەموویان لە چوارچێوەی یەك کۆمەڵگادان، هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراو و یەکگرتووی ئاشکرا و خاوەن هەنگاوی وردیان نییە بۆ پێگەیاندنی تاك چ جای کۆمەڵگا، بەڵکو حاڵەتی دژبەیەکی بەرنامەکانیان دەرئەنجامەکەشی دژبەیەکە لە تێکەیشتندا))

دواتر سەبارەت بەوەی حکومەت چۆن دەتوانێت گەنجان لە قەیرانی نیشتەجێبوون رزگار بکات، ئەی گەنجانی گوندو شارۆچکەکان بە چ شێوەیەك هاوکاری بکرێن باشە تا خزمەت بە دەڤەرو جێی زایەندی خۆیان بکەن

حکومەت چەند توانیویەتی بەپێی پێوەرە مەدەنییەکانی کەرتی گشتی یان تایبەت کارو فرسەتی کارکردن بۆ گەنجان بەپێی بەهرەو پسپۆڕی فەراهەم بکات هەر لەم بارەیەو لەبارەی پرسی تریشەوە بەرێز ڕێبوار حەمەد وتی:

((لە ئێستادا قسەی زۆر لەسەر گرفتەکانی گەنجان دەکرێن لەسەر زاری بەرپرسان و میدیاو ڕاگەیاندنکاران، گرفتی گەنجانی بێکار بە گشتی، گرفتی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە هەلی کارکردنیان نییە، گرفتی پێکەوەنانی خێزان، گرفتی نیشتەجێبوون، بۆ چارەسەری ئەمانەش چەند هەنگاوێك لەلایەن حکومەتەوە نراوە وەك پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و دروستکردنی سندووقی نیشتەجێبوون و پێدانی (سلفەی

عیشان عەلی حەمەد ئەمین



چالاکوانی بواری گەنجان:

# بۆ ڕاگرتنی باڵانسی یەکسانی لە نێوان کورو کیژانی گەنجدا پێویستە کۆمەڵگا هۆشیارو بیرتەندروست بێت تاکو ئەم باڵانسە قبوڵبکات

عەقار) دامەزراندنی بەلێشاو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ساڵانی ڕابردوودا، دەبێت لەو پێناوەدا توێژینەوەی چڕ و پڕ دەربارەی ژمارەی دانیشتووان و ڕێژەی گەنجان و داهاتی وڵات و سەرچاوەکانی سامانی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت، پێویستمان بە هەموو دەست و عەقڵێکە، چونکە ئێمە لە سەرەتای بنیاتنان و خۆدروست کردنداین.

لێرەوە ڕەخساندنی هەلی کارکردن بۆ لاوان جگە لەوەی کێشەی بێکاری چارەسەر دەکات و لاوانیش فێر دەکات کە پشت بەخۆیان ببەستن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان هەوڵبدەن.))

دواتر لە بارەی ئەوەی چ سەرچاوەیەکی فشار هەن لە لایەن گەنجانەوە تا ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بەسەر پرۆژەو چاکسازیی ناو کۆمەڵگەو دەوروبەرەوە هەبێت، بەڕێزیان وتی:

((کەناڵەکانی فشار زۆرو هەمەجۆرن، بەڵام گرنگترینیان بەبڕوای من دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین کە

ڕێبوار حەمەد



سکرتێری ڕێکخراوی قوتابیانی کۆمەڵ

# دەبێت توێژینەوەی چڕ و پڕ دەربارەی ژمارەی دانیشتووان و ڕێژەی گەنجان و داهاتی وڵات و سەرچاوەکانی سامانی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت

دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە لاوان فشار دروست بکەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان و دروستکردنی کاریگەری بەسەر پرۆژەکانی چاکسازیی ناو کۆمەڵگە.

ئێمە ئێستا کە چووینەتە قۆناغێکی ترو لە قۆناغی ئینتیقالیدا دەژین ڕاهێنان دەکەین لەسەر چەمکی فرەیی و قبوڵ کردنی بەرامبەرو ئازادی بیرو بۆچوون و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرا دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگای زیاتریان بخستایەتە بەردەم گەنجان تا لە دۆخێکی باشتر بوونایە سەقفی ئامانج و مەبەستەکانیان بەرزتر بکردایەتەوەو هۆکاری گونجاویان بۆ دابین بکرایە، لەو ڕێگایەشەوە نەخشەو چوارچێوەی ئەو پەیامەیان دەکێشا کە باوەڕیان پێیەتی و لاوانی کۆمەڵگاش لە یاخی بوون دەپارێزرێت.

سەبارەت بە ئاوێتە بوون و خۆشەویستی خاك وگەل و نیشتمان هاوچارەنووسی لەناو ڕۆح و دڵ و گیانی گەنجاندا لە چییەوە سەرچاوە دەگرن و بە چ ڕێگەو شێوازێك دەتوانرێت ڕۆحی ئینتیمایان بەو چەمکانەوە چەسپاوتربێت بەرێز ڕێبوارحەمەد وتی

((هەروەکو چۆن ئەلکترۆنەکان ناوکێکیان هەیەو بە دەوریدا دەسوڕێنەوە لە خولگەیەکی دیاریکراودا هەسارەکان چەند خۆرێکیان هەیە بە دەوریاندا دەسوڕێنەوە لە خولگەکاندا ژیانی مرۆڤیش هەر وایە دەبێ خولگە سەنتەری قورسایی و پێشەنگی هەبێت و لە دەوری کۆببنەوەو هەموو کەسێکیش لە خولگەی ئەو کەسەدا دەخولێتەوەو کە لەگەڵی دەگونجێ..

لێرەوە ڕۆڵی سەرکردەی سیاسی و بیرمەندو زانایانی ئایینی و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و هونەرمەندان و وەرزشکاران دەردەکەوێت، ئەمانە لەگەڵ خێزان و قوتابخانە وەك دوو پەروەردەکاری سەرەکی ڕۆڵ دەبینن لە دروستکردنی کەسایەتی گەنجدا، بێجگە لە نەبوونی پەیامێکی پەروەردەکاری زانستی و کرداری لە هەردوو دایەنگە پەروەردەییەکەدا کە قوتابخانەو خێزانن.

بۆیە پێویستە ئەوانەی کە سەنتەری هێزن گرنگی بدەن بە سیفەتە خودیەکان و ئەوە بزانن کە ئەوان ڕۆڵیان پەروەردەکردن و پێشەنگی نەوەیەکە ئەم کارەش پێویستی بە وشیارکردنەوە و بەدواداچوونی بەردەوام هەیە)).

سەبارەت بە کۆمەڵگەی پەرلەمانی و دامودەزگایی و دیجیتاڵی چۆن بە هاوشانی ئەم شەپۆلەی دنیا و پێشکەوتنەکانی لە ئامانج و ئومێدەکانی خۆی دەڕوانێت ؟؟چی بکات تا دانەبڕێت لە دنیا و نامۆ نەبێت بە پێشکەوتن، لەم بارەیەوە جەلال



هۆڕێنی سـکرتێری ڕێکخـراوی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان وتی:
((پێشـتر گەنجـان ئازارومەینەتـی زۆریان دیوە لە چاو گەنجانی ئێسـتا بۆیە تاموچێژی نەتەوە ونیشتمان باشتر دەزان لە ئێمەو مانان، ئێسـتا گەنجان بەئارەزوو دەبنە پێشمەرگەو ئامادەن بە موچەیەکی کەمیش خزمەت بە میللـەت بکەن و خوێنی خۆیان بڕێژن ئەمە باشـترین وجوانترین هەستی نەتەوایەتی ونیشتمانی گەنجانەیە بۆیە ئێستاش هەزاران گەنج لـەم وڵاتـەدا لەدوای دەرچوونـی کولێـژ وخوێنـدن دووبـارە دەچنەوە بـۆ کۆلیژی سـەربازی بۆ ئەوەی خزمەت بە نیشـتمانەکەیان بکـەن واتە ئەم هەسـتە نەتەوەییە کاڵ نەبوەتەوە بەرامبەر بەقودسیەتی نەتەوە بەڵام ئێستا شەرستانیەت ومۆدێرنەت لە کوردستانی خۆمان دابڕاو نییە لە کۆمەڵگاکانی تـری دنیا لەچاو وڵاتی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆیە ئەمەش دەکەوێتە سەر لێهاتووی گەنج خۆی تاچەند دەتوانێت گورزی خۆی تاودا وباشترین یاری بکات بۆ ئەوەی مەیدانەکە بۆ خۆی بێت.

سـەبارەت بەوەی حزبـەکان و حکومەت و لایەنەکانـی نـاو کۆمەڵگە گەیشـتبنە ئـەو تێگەیشـتنەی گە نجـا ن نەکەنـە ئامرازێـك و بـۆ بەرژەوەندی ئەجندەی خۆیان وەك پـرد بەکاریان بهێنن ئەی گەنجان خۆیان ئەو هوشیارییە چۆن لایان دروست دەبێت کە نەبنە دەسـکەلا لەم رووەشەوە جەلال هۆڕێنی وتی :

تاوەکـو ئەمڕۆ حزبـەکان ڕۆڵیـان هەبووە لە پێگەیاندن و تێگە یشـتنی گە نجـا ن بەمەرامی سیاسـی خۆیـان و گەنجانیان کردۆتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە مەرامەکان، چونکە گەنجان ئەمڕۆ بەشێکیان تێڕوانینیان جیـاوازە لەحزبیەکـەوە بـۆ حزبیکی تر لە رووی فکـر و ئایدیاوە لە نێو گەنجان یەکتر قبوڵکردن و گفتوگۆکردن لەسـەر مەسەلە گرنگـەکان لەلایەکـی تریشـەوە گەنجان بەکاردێنن لە بەرژەوەندی حزبی وسیاسـی گەیشـتن بە ئامانج وەك دەبینین ئەمڕۆ لە کوردستان کاری پێدەکرێت، لەبەشێکی تری پرسـیارەکەدا گەنجان چۆن نەبنە دەسکەلا ؟ زۆر لـە گەنجـان هۆشـیارو خۆراگرن بەڵام وەزعـە ئابوورییەکە وبەردەوامی ژیان کاریگەری دەبێت لەسەر گەنجان بۆ ئەوەی بـە عەقڵیەتی حزبە سیاسـیەکان کار بکەن..



## ئەو هۆكارانە چی بوون كە وایكرد لە ٧٠٪ی وەبەرهێنانی كوردستان لەهەولێر بێت؟



### نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ (گوڵان):

# لە ماوەی شەش ساڵدا داهاتی هەڵسوڕاو لە لە ٥٠٠ ملیۆنەوە گەیشتۆتە ١٦ ملیار دۆلار

لەدیمانەیەكی تایبەتی گوڵان دا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر نهێنی سەركەوتن و بەرەو پێشچوونی شاری هەولێر دەخاتە روو، بەڕێزی پێی وایە هاووڵاتیانی هەولێر خاوەنی كەلتوورێكی ئاشتیخوازانەو لێبوردنن، ئەمەش وایكردووە كەلتووری پێكەوەژیان ببێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی چەمكی نەتەوەیی .

سەبارەت بەو بودجەیەی پەرەپێدان كە ئێستاكە زۆر لەكاروبارەكانی پارێزگای بەڕێوە دەچێت، پارێزگاری هەولێر پێی وایە بودجەیەكی كەمە بۆیە داوای زیادكردنی كردووە، چونكە بەپێی گەشەسەندن و ئەو پێشكەوتنە نییە كە شارەكە بەخۆیەوە بینیوە. هاوكات دەستێوەردانی پارێزگاری لەكاتی كەوتنەوەی كەموكوڕی و كێشەكان بەكارێكی سروشتی و یاسایی دانا، چونكە ئەو ناتوانێت رۆڵی تەماشاكەر ببینێت لەكاتێكدا سەرپەرشتی ئەو



# هەولێر

تیمە دەکات کە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی شاری تێدا بەشدارە. لەم دیمانەیەدا بەراشکاوانە پارێزگاری هەولێر وەڵامی موسائەلەکانی گۆڤارەکەمانی دایەوەو لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بۆ خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان بڵاودەکەینەوە.

**گوڵان:** لەشاری هەولێر بەراورد بەشارەکانی تری کوردستان و بگرە ناوچەکە پرۆژەو کاری زیاتر ئەنجام دەدرێت، ئایا ئێوە بودجەو پارەیەکی زیاترتان لەبەردەستدایە؟

**نەوزاد هادی:** شاری هەولێر بەحوکمی ئەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانەو لەم چەند ساڵەی رابردوودا بنەماکانی بەهێزبوونی شاری تێدا دەرکەوتووە، بۆیە پێگەیەکی ئابووری و سیاسی تایبەتی نەك تەنیا لە کوردستاندا هەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکەش ناوبانگێکی باشی هەبووە، وەکو سەنتەرێکی پێشکەوتووی لێهاتووە بەتایبەت لەدوای ٢٠٠٤وە لەگەڵ تەرخانکردنی بڕی لە ١٧٪ی بودجەی کوردستان، چونکە پێش ئەم بەشە داهاتە هەرێمی کوردستان بودجەیەکی وای بەدەستەوە نەبوو کە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەو پێشخستنی ژێرخانی ئابووری گرنگە.

لەکابینەی چوارەمەوە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرپەرشتی بۆردێکی تایبەتی کرد، کە ناوی نا بۆردی پەرەپێدانی هەولێر. ئەمەش وەکو ئەنجوومەنێکی بچووککراوەی پلاندانان بوو، لەو بۆردەدا کە ئەوکات خۆی سەرۆکی حکومەت بوو بەڕێزی سەرۆکی بۆردەکە بوو هاوکات چەند وەزیرێکی پەیوەندارو پارێزگارو نوێنەری کۆلێژی ئەندازیاری و چەند لایەنێکی تری تێدا بوو. لەو بۆردەدا مامەڵەیەکی رێکوپێك و زانستی لەخۆگرتبوو تەنانەت پرۆژە گەورەکانی شاری هەولێر وەکو فرۆکەخانەو وێستگەی کارەبا و پرۆژەی ئاوو پردو رێگاوبان لەو بۆردە بڕیاری لەسەردرا کە ئەو کات لەکابینەی چوارەمدا دامەزرا.

تێیدا گەورەبوون و فراوانبوونی شاری هەولێر بەشێوەیەکی زانستی و نەخشەیی پلانی بۆ دانراو توانرا ئەو زێدەڕۆییانەی کە هەیە راست بکرێتەوە، شاری هەولێر وا بەئاسانی پێش نەکەوت بۆ ئەو بۆردە گەڕایەوە کە نەخشەی بنەڕەتی نوێی شارەکە لەسەر بنەمای راست و دروست و ئەندازیاریی دانرێت و کاری بەرفراوان ئەنجامدرا. لەم کاتەدا کە هەولێر بەرەو شارێکی شارستانی هەنگاوی دەنا هێنانە پێشەوەی کەرتی تایبەت بەدەستکەوتێکی تری گرنگ دانرا کەدواتر توانرا رۆڵێکی باشی لەگەشەسەندنی شارەکەدا هەبێت.

بەمشێوەیە لەشاری هەولێر پێش دامەزراندنی کابینەی پێنجەم و دەستەی وەبەرهێنان و دەرچوونی یاسای وەبەرهێنان، دەستکرا بەپرۆژەکانی بونیادنانەوەی ژێرخان و دەستبەکاربوونی کەرتی تایبەت. کابینەی پێنجەمیش تەواوکارو درێژەپێدەری پرۆژەکانی کابینەی چوارەم بووە. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٩ بڕی ٤ ملیار دۆلار لەپرۆژەکانی سەرجەم پارێزگای هەولێر خەرجکرا، کە تێیدا بەسەدان پرۆژەی ستراتیژی و خزمەتگوزاری ئاوو کارەباو شارەوانی و رێگاوبان و بوارەکانی تری تەندروستی و خزمەتگوزاری و کەرتە ئابوورییەکانی پێ جێبەجێ کرا. ئەم پرۆژانەش کاریگەری گرنگی بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو. بەمشێوەیە پرۆژە گەورەو ستراتیژییەکانی پارێزگای هەولێر رۆڵی لە پێشکەوتن و پارسەنگی سەرجەم سێکتەرەکان هەبوو. کاتێك لەشارێکدا ئەو هەموو پێشکەوتن و بونیادنانی ژێرخانە هەبێت و شارو پارێزگایەك لەسەر بنەمایەکی دروست گەشە بکات، هەلی باشتر بۆ وەبەرهێنان زامن دەبێت و زیاتر سەرمایەگوزاری تێدا ئەنجام دەدرێت، هەر ئەمەشە وایکردووە زیاتر لە ٧٠٪ی وەبەرهێنانی کوردستان لە شاری هەولێر بێت، بۆیە کەرتی تایبەت لەشاری هەولێر تا ساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لە ٣٢ ملیارو نیو وەبەرهێنانی ئەنجامداوە.

**گوڵان:** کاتێك ئەو پرۆژە زۆرەو فراوانبوونە خێرایە لەشاری هەولێرو پارێزگاکە روودەدات، ئایا ئیشوکارەکانی پارێزگا قورستر نابێت و پێویستیت بەتواناو دەسەڵاتێکی زیاتر نییە؟

**نەوزاد هادی:** بێگومان ئەمەش گرفتێکەو پێویستی بەئامادەکاری زیاتر هەیە، مەسەلەی تەرخانکردنی بودجە لەسەر ژمارەی دانیشتووان ریزبەندی خۆی هەیە، هاوکات گەشەسەندنی فراوان و خێرای بازرگانی وایکردووە شارەکە پێویستی بەخزمەتگوزاری زیاتر بێت، ئەم خزمەتگوزارییانەش پێویستە لەشارێکدا کە بۆتە سەنتەرێکی بەهێزی بازرگانی و گەشتوگوزاری و تەندروستی نەك تەنیا بۆ کوردستان بەڵکو بۆ سەرجەم عێراق، تۆ سەیر بکە بەسەدان پزیشکی عەرەب و بیانی و چەندین نەخۆشخانەی تایبەتی لەهەولێر کراوەتەوەو لەهەموو عێراقەوە نەخۆش بۆ مەبەستی چارەسەرکردن روو لەم شارە دەکەن، ئەم واقیعەش وا دەکات هەموو پایەو پێگەکانی تر بەهێز بێت، راستە ئەرکی سەرشانی حکومەت قورستر بووە بەراورد بەساڵانی پێشوو، بەڵام دەرئەنجام سوودی بۆهەموو چین و توێژەکان هەبووە بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار بۆ توێژی هەژارو کەم دەرامەت. بۆ نموونە کاتێك پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون ئەنجام دەدرێت سەدان داواکاری و خواستی لەسەرە،

## ئەو پێشکەوتن و پەرەپێدانەی کە شاری هەولێر بەخۆیەوە بینیوە، بووەتە هۆی ئەوەی لە ٧٠٪ی وەبەرهێنانی کوردستان لەپایتەخت بێت

بــۆ ئەوەی پایتەخت لەجوڵــە ئابووریی و خزمەتگوزارییەکەی سەرکەوتووە.

**گوڵان:** ئەی ســەبارەت بەبەگەڕخستنی وەبەرهێنانی بیانی لەچ ئاستێکدایە؟

**نــەوزاد هــادی:** وەبەرهێنانــی بیانیش زیادیکردووە بەڵام بەقەد وەبەرهێنانی ناوخۆیی نییە، بەرنامەو کاری زیاترمان لەبەردەستدایە بۆ زیادکردنی ئاستەکەی.

**گوڵان:** پێت وانییە بەشێکی ئەو پێشکەوتن و پەرەپێدانــەی هەولێر بەخۆیــەوە بینیوە بۆ سەقامگیری سیاسی و ئارامی و ئاسایشی شارەکە دەگەڕێتەوە؟

**نــەوزاد هــادی:** هیــچ وەبەرهێنــان و چالاکییەکــی ئابــووری و پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتی بێ ســەقامگیری ئاسایش و ئارامی شــارەکە دروســت نابێت، کە دەزگا پێوەندارەکانی شارەکە ڕۆڵیان لە چەسپاندنی هەبــووە، بــەڵام کەلتووری ئاشــتیخوازی دەوڵەمەنــدی دانیشــتووانی هەولێرو بوونی چەمکی پێکەوەژیان و لێبووردەیی هۆکاری ســەرەکی ســەقامگیری و پێشــکەوتنی شــارەکە بووە. لەهەولێر ئازادییەکی باش بۆ هاووڵاتییان دەســتەبەر بووە ئایین و ئاینزاو نەتەوەی جۆراو جۆرو حزب و ڕێکخراوی سەر بە تەوژم و فکری لێکجیاواز بەئاشتی بژین و مومارەسەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەبێ حەساسییەت بەڕێوەبەرن.

کەواتــە هەولێر خاوەنــی خاڵی بەهێزی پێشکەوتنی شــارە، وەبەرهێنەریش بەبەردەوام بەدوای ژینگەیەکــی وەك ژینگەی هەولێر دەگەڕێت، تۆ ســەیری ئەو قەیرانە داراییە گەورەیــەی جیهــان بکە کەســاڵی ڕابردوو ڕوویــدا، بەهیچ شــێوەیەك کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ئابووری شارەکە نەکرد، ئەمڕۆ گۆڕانکارییــەکان لە هەولێــر زۆر بەخێرایی دەچێتە پێشــەوە لەئاست خواست و ویستی پێشــکەوتووخوازی جیهانــە، لەپارێزگای هەولێــر چەندین قوتابخانەو نەخۆشــخانەی کەرتی تایبەتی پێشکەوتوو دامەزراوەو بەدەیان پڕۆژەی نیشتەجێبوون ئەنجامدراوە، هاوکات ڕەچــاوی باروگوزەرانــی خەڵکــی هەژارو کەمدەرامەت کراوەو شوقەمان بەخەڵکی کەم دەرامەت داوەو هاوکاری هاووڵاتیانی خۆمان کردووە بەپێدانی قەرزی عەقارو یارمەتیدانی بۆ بەدەســتهێنانی شوێنی نیشــتەجێبوون، داهاتی تاکەکەسی لەهەولێر بەراورد بەچەند ساڵی ڕابردوو ڕووی لەباشی کردووە هەوڵی باشترکردنی زیاتریشی دەدەین.

کاتێك هەولێر بەراورد بکەی بەپێش ساڵی ٢٠٠٤ کە نەگەیشــتۆتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار ئێســتاکە زیاتر لە ١٦ ملیار دۆلار قەبارەی داهاتی هەڵسوڕاوە لەم شارەدا.

لەگــەڵ ئەم گەورەبوونــە خێرایە هاتنی سەدان خێزان بۆ شــاری هەولێر لەشارەکانی تری کوردســتانەوە و ناوچەکانی خوارووی عێراق و بگرە لە وڵاتانی دراوســێ حەتمەن کەموکــوڕی هەر دەکەوێتــەوە، لێرەدا ئەمە ئەرکی منە وەکو خزمەتێکی شارەکەم کار بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئەو کەموکورتییانە دەکــەم، کە تەنانــەت لەو وڵاتانەشــدا ئەو کەموکوڕییانە بوونیان هەیە کە ســەدان ساڵە دەوڵەتــن و خاوەنــی کیان و ســەربەخۆیی خۆیانن.

**گوڵان:** لەزنجیرە ســەردانێکی گۆڤاری گوڵان بۆ قەزاو ناحیەکانی پارێزگای هەولێر ســەرنجی ئەوەمان دا پــڕۆژەو کارێکی زۆر بەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگا ئەنجامدراوە، ئایا ئەو بودجەیە لەبەردەســتدایە تاچەند دەتوانێــت کەموکورییەکان کــەم بکرێتەوەو هاوکات پڕۆژەی نوێش ئەنجام بدەیت؟

**نەوزاد هادی:** ئەگــەر قەباری بودجەی پەرەپێــدان بــەراورد بکرێــت کــە تەنیا لە ٥-٦٪ی بودجــەی وەبەرهێنانــە، لەگــەڵ ئەمەشــدا بەم بودجە کەمەیــە بەخێرایی پڕۆژەی خزمەتگوزاریمان پێشکەش کردووە داوامان کردووە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا زیاد بکرێــت، ڕەچاوی ئەو گەشــەکردن و گەورەبوونە خێرایەی پڕۆژەو پێویســتیەکانی پارێزگاکە بکرێت.

لــە ٢٠١٠ داوای ٦٠٠ ملیار دینارمان کردووە تەنیــا ٤٥ ملیۆن دۆلار ڕەزامەندی لەسەر دراو دواتر ٥٠ ملیۆن دۆلاری پێترۆڵی هاتە ســەر. خواســت و ویســتی خەڵکی لەگەڵ باشــبوونی باروگوزەرانی هاوڵاتییان گۆڕانکاری بەســەردا دێــت و زیاد دەبێت، ئەمــەش مافێکی سروشــتی خۆیانەو وەکو خزمەتکارێکی ئەم شــارە کار بۆ بەدیهێنانی دەکەم، پێشتر لەگوندەکان بەمولیدە کارەبایان بۆ دابین دەکرا، ئێســتاکە پێویستە کارەبای نیشتمانییان بۆ دابین بکەین.

**گوڵان:** سەبارەت بەجووت سایدی قەندیل-هەولێر بەکوێ گەیشت؟

**نەوزاد هادی:** ئەم پڕۆژەیە ســتراتیژیی و گرنگەو چەندین تونێلی تێدایەو بەتێچوونی ١٤٥ ملیۆن دۆلارەو سوودێکی یەکجار زۆری بۆ دانیشــتووان و هاوڵاتییانی خۆشەویستی قەزاو ناحییــەکان دەبێت و مــاوەو خەرجی هاتووچۆیــان بۆ کەم دەکاتــەوە. لەلایەکی ترەوە پێوەندییەکانــی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیســلامی ئێــران باشــتر دەکات و ڕۆڵی لەپێشخستنی جموجوڵی بازرگانی و ئابووری ئەو ناوچانەش دەبێت.

## داهاتی تاکەکەسی لەهەولێر بەراورد بەچەند ساڵی ڕابردوو ڕووی لەباشی کردووەو هەوڵی باشتر کردنی زیاتریشی دەدەین

**گــوڵان:** ئایــا بەپێــی ماســتەرپلانی هەولێر گەورەبوونی شــار و دابەشــکردنی ناوچــە پیشەســازییەکان و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تر چۆن دەبێت؟ ئایا مەسەلەی ریســایکلین و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك بەکوێ گەیشــتووەو لەو ماستەرپلانە هەولێر بەسەر چەند زۆن دابەشکراوە؟

**نەوزاد هادی:** ماستەرپلان نەخشەی شارەو گەشەسەندن بەپێی ئەو ماستەرپلانەیە و، لە ڕێگای بەرنامەیەکی ڕێکوپێك هەولێر لەسەر ئەو بنەمایە پێش دەکەوێت. هەرچی تایبەتە بە ریســایکلین هەولێرو قــەزاو ناحییەکانی دابەشکراوە بەسەر چەند زۆنێکەوەو وەزارەتی شــارەوانی ئەنجامــی دەدات، تێیــا چەند کارگەیەکی ریسایکلین دادەمەزرێت.

**گــوڵان:** زۆربەی جار جێگــری بەڕێزت لەکۆبوونەوەکانــی ئەنجومەنــی ڕاوێژکاری شارەوانی بەشــدار دەبێت، ئایا پێوەندی ئێوەو شــارەوانی چۆنە؟ بەنیاز نین هەولێر چەند شارەوانییەکی تری بۆ دابنێن؟

**نــەوزاد هادی:** بەپێی یاســا پێویســتە بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بەپارێزگادا تێپــەڕ بێت، هەروەهــا لیژنەیەکمان هەیە لە وەزارەتی شارەوانی کە بەڕێز وەزیری شارەوانی ســەرۆکی لیژنەکەیەو پارێزگار جێگرێتی و

دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەری نەخشەی بنەڕەتی و سەرۆکی شارەوانی تێدایە، بۆ ئەوەی بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا کار بکەین بۆ دابینکردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان. ئەمەش بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان. لەساڵی داهاتووش دوبارە ئیعادەی پەیکەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەت دەکەین و بەپێی گەورەبوون و بەرفراوانی هەولێر ڕەنگە شارەوانییەکانیشی بۆ زیاد بکەین.

**گوڵان:** بۆچی گەڕەکی عارەبان خزمەتگوزاری بۆ ناچێت؟

**نەوزاد هادی:** چونکە گرێبەستێکمان لەگەڵ یونسکۆ هەیەو تایبەتە بەو ناوچەیە، ئێستاکە بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی قەرەبووکراونەتەوەو گەڕەکەکە خراوەتە ناو چوارچێوەی پلانی پەرەپێدانەوەو ڕێکخراوی یونسکۆ کاری لەسەر دەکات و بڕیاری کۆتایشی لەسەر دەدرێت و دواتر کاری تێدا دەکەن.

**گوڵان:** ئەی سەبارەت بە ناوی گەڕەکەکانی تر بۆچی ناویان دیار نی یە؟

**نەوزاد هادی:** هەموو گەڕەکەکانی هەولێر ناویان بۆ دانراوەو بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك هەیە تەنانەت ناوی شەقام و چوار

## قەبارەی پارەی هەڵسوڕاو لە ٢٠٠٤ دا تەنیا ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بوو ئێستاکە بۆ ١٦ ملیار دۆلار زیادیکردووە

ڕیانەکانیشی دیاری کردووە دانانی تابلۆش بۆ ناساندنی ناوەکانیان بەردەوامە.

**گوڵان:** دەستێوەردانی حزبی لە ئیشوکارەکانی پارێزگای هەولێر تاچەند هەیە، ئایا لەکاتی کەوتنەوەی کەموکورییەکان چۆن ئیجراتاتی یاسایی ئەنجام دەدرێت؟

**نەوزاد هادی:** بەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری پرەنسیپ و ئیجراتاتی یاسایی خۆی هەیە، بنەمای سەرکەوتنی هەر کارێکی ئیداری و پێشکەوتنی ناوچەیەکیش لەوەدایە ڕێگا نەدرێت دەستێوەردانی حزبی لەکاروبارو بەڕێوەچوونی ئیشەکاندا هەبێت، مەسەلەکە لەسەر بنەمای ئەدائە نەك بەمیزاج مامەڵە لەگەڵ بەڕێوەبەرو بەرپرسەکان بکرێت. زۆر ئاساییە بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامان گۆڕیوەو زۆرجار ئیجراائاتیشمان لەسەر کەموکورییەکان لەگەڵدا کردوون.

**گوڵان:** زۆرجار نەوزاد هادی دەسەڵاتێکی زۆری بەخۆی داوە، تەنانەت باس لەوە دەکرێت جاری وا هەیە وەکو بەڕێوەبەری کارەبا و یا پۆلیس یا شارەوانی مامەڵە دەکات ئایا ئەمە هۆکاری چییە؟

**نەوزاد هادی:** مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە، بەپێی یاسا بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکار لەناو شار لە ئەستۆی ئەو تیمەیە کە پارێزگار سەرپەرشتی دەکات، بۆیە کاتێك گرفت و کێشەیەك دەکەوێتەوە پێویستە ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەرکردنی دەست لە کاروبارەکان وەربدەم و زۆرجاریش بڕیاری پێویستی بەهەماهەنگی وەزارەتەکان و ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بدرێت. ناکرێت هاووڵاتیانی شارەکەم تووشی گرفتێك ببوبن و من تەنیا تەماشاکەر بم و لەشوێنی ڕووداوەکە نەبم و هەوڵی چارەسەری خێرای بۆ نەدەم، من پێم وایە لە بەڕێوەبەرایەتییەکان نزیك نەبم و وەکو یەك تیم کار نەکەین ناتوانین بەشێوەیەکی باش و خێرا چارەسەری کێشەکان بکەین ئەمە خۆسەپاندن نییە ئەمە دەسەڵاتی یاسایی و بگرە ئەرکی پارێزگارێکی سەرکەوتووە.

**گوڵان:** بەڕێز جەنابی پارێزگاری هەولێر کاتێك قسەوباسی گەندەڵی دێتە پێشەوە، کەمتر باس لە گەندەڵی و کەموکورییەکانی پرۆژەو ئیشوکارەکانی پارێزگای هەولێر دەکرێت، هۆکاری ئەمە چییە ئایا گەندەڵی لە پرۆژەو کارەکانی پارێزگای هەولێر هەیە؟

**نەوزاد هادی:** پابەندبوون بە ڕێنمایی و برگە یاساییەکانی تایبەت بەچاودێری دارایی یەکێکە لەوەی وایکردووە کەمترین کەموکوڕی لە ئەنجامدانی پرۆژەکانمان هەبێت، لەلایەکی تـرەوە بوونی شەفافییەت بەوەی هەموو پرۆژەکانمان بۆ تەندەرات ڕادەگەیەنین و دەیدەینە ڕاگەیاندن، هەرکەسێك بیەوێت سەردانمان بکات بۆ ئەم مەبەستە ئازادە. بەڵێندەرەکانمان بەروون و ئاشکرا ئاگاداری هەموو پرۆژەکان و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا کاتێك ڕادەگەیەنرێت بەژمارەوە خەرجی و تێچوونەکانیش بڵاودەکەینەوە.

**گوڵان:** سەرکەوتوویی پرۆژەی ئاوی هەولێر بەراورد بەشارەکانی تر بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا بێت وانییە گەر بێتوو بێ پێوەرو بەو شێوەیەی ئێستا ئاو بەفیڕۆ بدرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا دووبارە ئەو پرۆژەی ئاوانە بەشی هەموو دانیشتووان ناکات؟

**نەوزاد هادی:** سەرچاوەی پرۆژەی ئاوی هەولێر ئاوی ئیفرازە، بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەی ئاوی ئیفرازی ١ و ٢ی ئەنجامدرابوو دواتر پرۆژەی سێش کە پرۆژەیەکی ستراتیژییە جێبەجێکرا، لەیەك کاتژمێردا ٦٠٠٠ هەزار مەتر سێجا ئاو ڕادەکێشێت و بودجەکەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار لەسەر بودجەی ئەمەریکا بوو بەدرێژایی ٣٢ کیلۆمەتر بەتیرەی یەك مەترو نیو ئەنجامدرابوو. لەلایەکی ترەوە پرۆژەی ئاوی ( سوران و چۆمان و مێرگەسۆرو رواندز و سیدەکان ) ئەنجامدراو پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی سەڵاحەدین و شەقڵاوە لە ژێرجێبەجێکردندایە. بەردەوامیش پرۆژەی تری ئاوی خواردنەوە ئەنجام دەدرێت. لەلایەکی ترەوە سوود لەئاوی بیرە ئیرتیوازی وەردەگرین.

یەکێك لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبینەوە مەسەلەی دانانی پێوەرە بۆ بەکارهێنانی ئاو پێویستە ئەو سامانە بپارێزرێت و وەکو هەموو دنیا بەپارە ئاوی خواردنەوە دابەش بکرێت، بەبێ ئەم پێوەرە کۆنترۆڵ ناکرێت و چەند پرۆژە ئەنجام بدەیت بێ سوودە، ئێستاکە لە وەزارەتی شارەوانی پرۆژەی دانانی پێوەر لە بەرنامەدایەو بەم نزیکانە پرۆژەیەکی هاوشێوەی پێوەری زیرەکی کارەبا ئەنجام دەدرێت.

**گوڵان:** ئایا وێستگەی بەرهەمهێنانی غازی هەولێر بۆچی بەشی پێداویستی کارەبای هەولێر ناکات، راستە کارەباکەی ئەم وێستگەیە بۆ پارێزگای دهۆك دەچێت؟

**نەوزاد هادی:** سەرجەم تۆڕی نیشتمانی کارەبای کوردستان بەیەکترەوە بەستراوەتەوەو لەسەرجەم وێستگەکان هاووڵاتیان بەپێی ئەو بەرنامە کارەبایەی دانراوە سوود لەو برە کارەبایە وەردەگرن کە بەرهەم دەهێنرێت، ئێستاکە لە وێستگەی بەرهەمهێنانی هەولێرەوە کارەبا دەنێردرێتە پارێزگای دهۆك و ئەوانیش هاوڵاتی ئێمەن و ماوەیەکی تر دەبنە خاوەنی وێستگەی خۆیان و لە م

## بەتەواوبوونی ڕێگای جووت سایدی قەندیل - هەولێر ماوەو خەرجی هاتوچۆ زۆر کەم دەبێتەوەو دانیشتووانی ناوچەکەش سوودمەند دەبن لێی



دوو یەکەی ئەو وێستگەیەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە دهۆك دەستی بەکار کرد، ئەمڕۆ بەراورد بەچەند ساڵی رابردوو بەرهەمهێنان زیادیکردووە بەڵام پێداویستی و بەکارهێنانی کارەبا زیاد بووە، بۆیە رووبەرووی گرفتی کەمبوونەوەی کارەبا بووین بەڵام هەر زوو کاتەکانی پێدانی کارەبامان زیاد کردووە ٢ کاتژمێر کارەبامان زیاتر دا بەدانیشتووانی هەولێر و لەسەر حسابی پارێزگا پێشکەش بەهاوولاتیان کرا. لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگا چەندین پرۆژەی کەرتی دابەشکردنی کارەبا جێبەجێ کراون. لەلایەکی ترەوە پرۆژەکانی رووناککردنەوەی پایتەخت زۆربەی ئەو پرۆژانە لەرێگای بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاوە ئەنجام دەدرێت.

**گوڵان:** گلەییەکی زۆر هەیە بەوەی شارێکی وا گەورە بۆچی تاکو ئێستا ئاوەڕۆی نییە، ئایا پرۆژەیەکتان لەبەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی ئاوەڕۆ؟

**شاری هەولێر بۆتە سەنتەرێکی بەهێزی بازرگانی و گەشتوگوزاری و تەندروستی بۆ سەرجەم عێراق**

**نەوزاد هادی:** لەدنیادا دوو جۆر ئاوەڕۆ هەیە ئەویش ئاوەڕۆی باران و ئاوەڕۆی قورس، ئەوەی تا ئێستا لەهەولێر هەیە ئاوەڕۆی بارانەو بۆ ئاوەڕۆی قورس بەکار هێنراوە، لەماوەی چەند ساڵی رابردوو پتر لە ٤٠٠ کیلۆمەتر ئاوەڕۆی سندوقی و لولەیی تیرە جیاوازمان لە ناو شارو گەڕەکەکانی هەولێر دروست کردووە. پرۆژەی ئاوەڕۆی قورس بەتێچوونی ٧٠٠ ملیۆن دۆلار ماستەر پلانەکەی ئامادەیەو دواتر بۆ جێبەجێکردنی بودجەی تایبەتی بۆ دادەنرێت.

**گوڵان:** ئایا ١٠٠ مەتری هەولێر بەکوێ گەیشتووەو بۆچی بەخێرایی ئەو پرۆژەیە نابینین ئەنجام بدرێت؟

**نەوزاد هادی:** ئێستاکە ئەو پرۆژەیە دوو بەشی ئیحالە کراوە کە لە رێی موسڵەوە بۆ کەرکوکەو چەندین چوار ریانی گرنگ و قەرەباڵغی تێدایەو ئۆتۆمبێلەکان راناوەستن چونکە لە هەموو لێکتربڕینەکان پردی پێشکەوتوو هاوچەرخ دروست دەکرێت، لەلایەکی ترەوە چاککردنی رێگای دەروازەی هەولێر تا دەروازەی کانی قرژاڵەو دواتر لە رێگای موسڵەوە بۆ سەلاحەدین ئێستا نیوەی زیاتر جێبەجێکراوە رێگای خزمەتگوزاری کە لە رێگای کەسنەزان بۆ کەرکووك دەچێت ئەویش دراوەتە بەڵێندەر و جێبەجێ دەکرێت.

سوودی ئەم رێگایانە تەنیا بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی نییە، بەڵکو بۆ تێپەڕبوونی خێراو بەیەکتر بەستنەوەی شارەکانی کوردستانە و ئەو زەوییانەی دەکەونە سەر رێگاکە ئاوەدان دەکرێنەوەو خاوەنەکانی سوودمەند دەبن لێی. لەلایەکی ترەوە لەناو شاری هەولێر چەند پردێك دروست دەکرێت گرنگترینیان ئەو پردەیە کە دەکەوێتە تەنیشت نەخۆشخانەی رزگارییەوە.

**گوڵان:** لەشاری هەولێر چەند هەنگاوێك نرا بۆ زیاد بوونی سەوزایی و باخچەکان ئەوەبوو رێژەی سەوزایی لە ٢٪ بەرزکرایەوە بۆ لە ١٠٪ بەڵام هێشتا ئەم شارە بەبێ سەوزایی دەبینرێت؟

**نەوزاد هادی:** پرۆژەی زۆرمان لەبواری دروستکردنی باخچەو پانتایی سەوزایی لەبەردەستدایە ئەوەبوو بەردی بناغەی ٣٠٠ دۆنم بۆ دروستکردنی باخچە لەنێوان باداوەو بەنسڵاوە دانراوە، بەبەردەوامیش رێژەی سەوزایی زیاد دەکرێت و بەنیازین بیگەیەنینە لە ٤٨٪.

**داوامان کردووە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا زیاد بکرێت و رەچاوی ئەو گەشەکردن و گەورەبوونە خێرایەی پرۆژەو پێویستییەکانی پارێزگاکە بکرێت**



**گوڵان:** ئایا بۆچی نەخۆشخانە پسپۆرییەکان لە شاری هەولێر کەمە وەکو نەخۆشخانەی شێربەنچە؟

**نەوزاد هادی:** کاتێك ژێرخانی تەندروستی دەگۆڕیت بوارێکی فراوانەو کاری زۆری دەوێت ئێستا توانیومانە دوو نەخۆشخانەی تری فریاکەوتن دامەزرێنین و نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان کە دەکەوێتە پشت باداوە ئەمساڵ ئیحالەی بەڵێندەر کراوەو دروست دەکرێت و ساڵێکی دەوێت، لە سۆرانیش نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ سەرینی منداڵان و ئافرەتان دروست دەکرێت و نەخۆشخانەیەکی تریش لە ژێر جێبەجێکردندایە، ئەمە جگە لەنەخۆشخانە تایبەتییەکانی تر کە حکومەت هاندەرو یارمەتی دامەزراندنی دەدات.

**گوڵان:** ئایا بۆچی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەو کاری پاراستنی ئەم شوێنەوارە گرنگە بەدەست پارێزگایە؟ قەڵای هەولێر چی لێدەکەن؟

**نەوزاد هادی:** لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ دوو گرێبەستمان هەیە کە تایبەتە بەشوێنەواری مێژوویی قەڵا، یەکێك تایبەتە بە قەڵاو بۆردێکی تایبەتمان هەیە کە وەکو قۆناغی یەکەم بەتێکڕا ١٤ ملیۆن دۆلاری بۆ دانراوە، بەشێك لەوانە نۆژەنکردنەوەی ئەو خانووانەیە کە بارودۆخیان خراپە لەناو شوێنەوارەکە. ئێستاکە قەڵا لە لیستی شوێنەوارە جیهانییەکان دانراوەو ٣-٥ ساڵی تر بەشێوەیەکی تەواو قبووڵ دەکرێت. گەڕەکێکی قەڵا کە زیاتر فەرمانبەرەکانن لەناو ئەو قەڵایەدا دەمێننەوە تاوەکو ئەم شوێنەوارە ئەو سیمایەی خۆی ون نەکات کە کۆنترین شوێنەوارە هێشتا ژیانی تێدا بەردەوامە بۆ ئەو بەردەوامیەش خێزانێك ماوەتەوە لەناو قەڵادا.

سەبارەت بەقەیسەری کۆنی هەولێر لەبەردەم قەڵای هەولێردا پرۆژەمان لەبەردەستدایە بۆ نۆژەنکردنەوەی شووراکانی دەوروبەری و دواتر خودی ناو قەیسەرییەکەش دەست پێدەکەین بە نۆژەنکردنەوەی.

**گوڵان:** بیستوومانە کە یەکەی نیشتەجێبوون لەهەولێر ڕاگیراوە، بۆچی؟ هاوکات دەنگۆی ئەوە هەیە دووبارە زەوی ١٠٠ مەتری عەقار ڕێگای پێ بدرێتەوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بینا؟

**نەوزاد هادی:** لەبەر ئەوەی ئەوەندە پرۆژەی وەبەرهێنان هەیەو ئەو پارچە زەوییانەی کە سەرۆکایەتی شارەوانی وەکو بازنەی یەکەم و لەچوارچێوەی ماستەرپلانەکە ئیتفای کردووە هەمووی بۆ ئەو پرۆژانە تەرخانکراوە، ئەوەش بووەتە هۆی ڕاگرتنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون دووبارە ئیتفاکردنەوەی زەوی ترە کە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ ئەو پرۆژانە، بەرنامە هەیە ئەو وەبەرهێنانەی نیشتەجێبوون بۆ قەزایەکانیش بنێردرێت.

سەبارەت بە زەوی ١٠٠ مەتری لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی باسکراوەو چەند لیژنەیەك لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دیاری کراوە بۆ دووبارە چاوخشاندنەوە بە ڕێگا پێدان بەدروستکردنی خانوو.

**گوڵان:** سۆران بۆتە یەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ ئایا شێوازی مامەڵ کردن لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیە چۆن دەبێت؟

**نەوزاد هادی:** دابەشکردنی دەسەڵات و دوورکەوتنەوە لە مەرکەزییەتی ئیداریی کارێکی باشە، بەڵام ئەم بڕیارە نوێیەو پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران سیستەم و شێوازی پیادەکردنی بڕیارەکە دیاری بکات.

**گوڵان:** بەرنامەو پلانی داهاتووی پارێزگاو لایەنە پێوەندارەکانی تر چین بۆ ئەوەی بەردەوامبوون و پرۆژەی نوێ لەهەولێر جێبەجێ بکرێت؟

**نەوزاد هادی:** ئەو بەرنامانەو نەخشانەی کە دانراوە دەبێتە هۆی پێشخستن و دەرکەوتنی هەولێر وەکو شارێکی جیهانی و پێشکەوتوو لە ناوچەکەدا، بەتایبەت گەر بێتوو ڕەوشی ئارامی کوردستان بپارێزرێت و ڕێگا لە نانەوەی ئاژەوەو توندوتیژی بگیرێت.

**ئێستاکە لە وێستگەی بەرهەمهێنانی هەولێرەوە کارەبا دەنێردرێتە پارێزگای دهۆك و ئەوانیش هاووڵاتی ئێمەن و ماوەیەکی تر دەبنە خاوەنی وێستگەی خۆیانن**